کاوە جەلال

# لەتەك فینۆمێنە ئەدەبییەكاندا

٢٠٠٦

WWW.HOSHYARI.COM





"هونەر تەنها لەنێو یاسای بزووتنی خۆیدا شیاوی ساغكردنەوەیە، نەك لە پنتگەی نەگۆڕەوە (ئینڤاریانتەوە)". تیۆدۆر ئادۆرنۆ.

## پێڕست


| ناوەڕۆك | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشگوتن ................................................. | ٥ |
| "لە خەوما" ی جەمیل سائیب ............................... | ٧ |
| "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار جاف .................. | ٢٥ |
| وازییەکی تیۆرییانەی ئەدەبی لەتەك"چەخماخە"ی سمکۆ ناکامدا.. | ٥١ |
| چیرۆکی "تەتەر"ی حسێن عارف ................................... | ٦٧ |
| چیرۆکی "حەسار"ی شێرزاد حەسەن ............................... | ٩١ |

## پێشگوتن

لەو ساتەدا، کە فینۆمێنە ئەدەبییەکان یان هونەرییەکان نیگامان دەکەن و بەم نیگایەیان توند بە خۆیانەوە پابەندمان دەکەن، ئیتر هۆشمان بە پێزانینی هەقیقەتیان بە بێداری ڕادەگرن و لێرەشەوە ناچارمان دەکەن ڕۆبچینە نێویانەوە، تاکو ئەو نهێنییە تایبەتمەندە هەڵبدەینەوە، کە لە ناخیاندا حەشاریان داوە.

فینۆمێنە ئەدەبییەکان، هەر یەکەیان بۆ خۆی، بەبێ هیچ پەیوەندییەك لە هەبوونی ڕۆخێنراویانەوە وەك پرسیار زیت بوونەتەوە: خۆیان وەك پرسیار، هەروەها پرسیاری ڕۆخێنراوییان. ئەوان وەك هونەری هۆشان، بە ئینتەنسیۆنی خۆیی، داڕێژراون، ئەوەش مەزنێتییەکەیانە کە بۆتە پاڵهێزی بیرچوونەوەیان، ئەوە ترسی وەرگری ئەدەبییە لە هەقیقەتی سرەوتێنراوی نێو کرۆکیان، هەروەها – ئەمەش هێندە کەمبەها (!) نییە – ئەوە نەبوونی پێزانین و ویستی ئێستێتیکییە بۆ ناسینەوەیان؛ یان کێشەکە ئەمیان نییە، بەڵکو قودسییەتخوازیی ترادیسیۆنیانەی کردارنوێنی ئەم دەڤەرەیە؟





خەریکگەریی هزری لەتەك هەر فێنۆمێنێکی ئەدەبیدا پێی ناکرێ خۆی بە شێوەیەکی مێژوویی مۆبیل بکات و گۆڕانیان لەنێو مێژووی ئەدەبدا ساغبکاتەوە. ناونیشانی "لەتەك فێنۆمێنە ئەدەبییەکاندا" دەشێ وەك ئاماژەیەك بۆ نامێژوویەتی هۆشی ئەم خەریکبوونانە وەربگیرێ.

پێدەچێ کە فێنۆمێنە ئەدەبییەکان کەم نەبن، پێدەچێ کەمێك یان فرە زۆرتر بن لە پێنج دانەی بۆ ژێر لێکۆڵینەوە کێشکراو. ئەوانیش، بە هەمان شێوەی ئەمان، نیگا دەکەن و بۆ بێدارکردنەوەی نێوەندییان حەوسەڵەیان نەماوە، بەمەیش دەنگ بە گەڕانەوەیان و ڤێهەیەی هەنووکەیی خۆیاندا دەنێن.

کاوە جەلال

## "لە خەوما" ی جەمیل سائیب





١

چیرۆكی "لە خەوما"ی جەمیل سائیب دەربارەی پیاوێكە، كە خەوێكی ناخۆش دەبینێ: لە خەویدا هەژار دەكەوێ، ئەمەش ناچاری دەكات لە پێناوی رزگاركردنی خێزانەكەیدا لە مەینەتی سەفەری وڵاتێكی دیكە بگرێتە بەر، تاكو لەوێ كارێك بدۆزێتەوە، بەڵام كاتێك بە پایتەختی ئەو وڵاتە دەگات، دەبێ بە شایەتی بەزمێكی كۆمەڵایەتی و سیاسیی تاڵ.

هەژار لەتەك كاروانێكدا دەكەوێتە رێ، بەڵام دوای ئەوەی كاروانەكە پێ دەنێتە نێو سنووری ئەو وڵاتەوە، بەردەوام تووشی تەگەرەی كوشندە دەبێ: جەردە رێی پێدەگرێ، بەبێ ئەوەی بتوانێ زەفەری پێبەرێ، چونكە كاروانچییەكان هەموو چەكدارن و بەرگری لە خۆیان دەكەن. كاتێك كاروان دەگاتە كەنار شاری مەبەست، پاسەوانانی شار زۆر لە كاروانچیەكان دەكەن پارەیان بدەنێ، بەڵام لەبەرئەوەی كابرای هەژار پارەی پێنابێ، تاكو ئەویش "سەری خۆی بقەبڵێنێ"، ئەوا پاسەوانان تۆمەتی جاسووسیی دەخەنە پاڵ. سەرەنجام پاسەوانەكان لەسەر تكای پیرەمێردێكی كاروانچی رێ بە هەژار دەدەن لەتەك كاروانچیەكاندا بڕوات لە خانێك بنوێ، هەروەها پیرەمێرد گفتیان پێدەدات، كە هەژار لەو خانە دەمێنێتەوە و رۆژی داهاتوو دەتوانن بێن بۆ لای بەشكم "شتێكی لێ هەڵبكرێنن".

كابرای هەژار بەم شێوەیە بە وڵاتی مەبەست دەگات. كاتێك لەتەك كارواندا دەگاتە خانەكە، شەكەت و برسی لەسەر تاجەواڵێكی كاروانچییەكان لە سووچێكی ژوورەكەدا بە چیچكانەوە سەر دەنێتە سەر ئەژنۆی، بەڵام دەنگی گریان و كڕوزانەوە لە ماڵێكی دراوسێی خانەكەوە خەوی لێتێكدەدات. هەژار راپەڕێ و دەچێتە دەرەوە، تاكو هۆی ئەو شیوەن و

گریانە لە خانچیەکە بپرسێ، کەچی کابرای خانچی بە ساردی وەڵامی دەداتەوە، کە گوایە "ئەوە هیچێکی وا نیە ئەو ژن و منداڵانە مێرد و باوکیان کوژراوە". هەژاری غەریب شتی وای نەبینیوە و نەبیستووە، بەڵام ئەمە لەو وڵاتەدا دیاردەیەکی ئاسایییە، "شەو و رۆژی سەد شتی وا لێرە ئەقەومێ".

هەژاری غەریب یەکەم شەوی بەم چەشنە لە پایتەختی ئەو وڵاتەدا بەسەر دەبات. لە بەرەبەیاندا سێ تفەنگبەشان لە پاسەوانانی ئێوارەی رابووردوو خۆیان بە ژووردا دەکەن و دەپرسن: "... کوانێ کابرای جاسووسەکە". پیرەمێردە کاروانچییەکە سەرلەنوێ بۆی دەکەوێتەوە پاڕانەوە، کاروانچیەکانی دیکەش بۆی تێدەکەون، بەڵام بێسوودە. بە قۆناغە تفەنگ هەڵی دەستێنن و وەك "جاسووسێکی دیلکراو" پێش خۆیانی دەدەن. کابرای هەژار بانگەوازی "رەحم و موسڵمانەتی"یان دەکات، بەڵام ئەم جۆرە وشانە بە مێشکی ئەواندا ناچێ. ئێستا لەنێو کۆڵانەکان و بازاڕدا ژیانی خەڵکانی ئەو وڵاتە نزیکتر دەبینێ: هەندێکیان بەزەییان پێیدا دێتەوە، هەندێکی دی پێی رادەبوێرن. لە نێو شاردا هاوکات کەسانی ئەوتۆی تێدایە، کە مرۆڤ هەر بە بینینیان ترس دەیگرێ: "هەر یەکە دە دوانزە چەفتە و مشکی و جامانەی رەنگاو رەنگیان تێك ئاڵاندووە و بە سەریانەوە بەستوە هەر یەکە بەقەدەر بەرداشێ، چوار ڕیز و پێنج ڕیز فیشەکیان لە خۆیان دابوو، خەنجەر و دەمانچەیان کردبوو بە قەدیانا، هەروا خوێن لە ناوچەوانیان ئەباری".

کابرای هەژار سەرەنجام لە ژوورێکی ماڵی حوکمداری ئەو وڵاتەدا دەگیرسێتەوە بە مەبەستی ئەوەی حوکمدار لێی بپرسێتەوە. بەڵام





دەسەڵاتداران هێندە هۆشقاڵی ژیانی کەسیی خۆیان و کێشەی سیاسین، کە ئیتر هەژاریان لەبیردەچێتەوە. هەژار بەتەنیا لەنێو ژوورەکەیدا جێهێڵراوە، بەڵام ئێستا لێرە دەبێ بە شایەتی هەندێك بەدڕەوشت و کێشەی دەسەڵاتدارن، کە ئەو تەنها خۆی، جگە لە ژێردەستە ڕاستەوخۆکانی حوکمدار، پێیزانیون.

لە چەند پەنجەرەیەکەوە، کە دەڕواننە سەر ژووری ژنەکەی حوکمدار، هەژار دەبیستێ، کە چۆن ئەم خانمە هۆشقاڵی رووی دەرەوەی خۆیەتی، بەڵام بە پۆشاك و خشڵی خۆی، کە مێردەکەی بۆی کڕیون، دانامرکێتەوە، بەڵکو هاوکات سامانی ئەم یان ئەو ژنی دەوڵەمەندی شار داگیر دەکات. هەژار لە چەند پەنجەرەیەکی دیکەی نزمتری بەرامبەرەوە، کە دەڕواننە سەر دیوەخانی حوکمدار، سەرجەم بەزمی سیاسی دەبینێ و دەبیستێ.

حوکمدار لە دیوەخان خەریکی نواندنی دەسەڵاتەکەیەتی و پێشوازیی ئەو کەسانە دەکات، کە خۆیان بە نوێنەری گەل دەزانن و بە تاقم بۆ لای دێن، تاکو پێشنیارەکانیان بخەنە بەردەمی. سەرەتا چەند ئولەمایەکی ئاینی دێنە ژوورەوە، بەڵام حوکمدار سەرەتا هەڵوێستی خۆی بۆ ئەوان و پیاوانی دەوری دیاری دەکات:

"من ئەمە چەند ساڵە هەوڵ و تەقەلا ئەدەم، برینداری و حەپسی و رەزالەتم کێشا، ئەنواعی مصیبت و مەرامەتم چێشت، دەستم لەسەر و ماڵی خۆم شت، هاتم تێکۆشام وتم بەڵکو ئەم میللەتە بۆ خۆی هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵکێشێت سەربەست و ئازایانە بۆ خۆمان بژین، و دەستی بێگانەمان بەسەرەوە نەبێ، ئێمەیش وەکو ئەم میللەتانەی تر بکەوینە رەحەتی و خۆشی و زیادی و گەورەیی، دەوڵەمەند و سەربەرز بین،

دینەکەمان بەرز بێتەوە، چەند جار چووم بەگژ ئینگلیزدا، لەگەڵ تورکدا تێك چووم، تەشەبوسم بە رووسیە و بوڵشەویك کرد، چەند خوێنمان ڕشت، من ئەمانەم هیچیان بۆ خۆم نەکردووە، هەموویانم بۆ ئەم دین و میللەتە کردووە(...) کەچی لەگەڵ ئەم هەموو ئەحوالانەدا، ئەوەتا هەموومان ئەبینین، بەشێکی زۆر لەم میللەتە لایان داوە لە من و چوون شوێن غەیرەدین کەوتوون، ڕۆیشتوون بۆ وڵاتان خزمەتی فکری ئەوان ئەکەن، هەموو ماڵ و حاڵ و ژنیان بەجێ هێشتووە لێرە و خۆیان لە وڵاتان بەدیار غەیرە دینەوە دانیشتوون و ئێمە واین لەم حاڵ و ڕەزالەتەدا، عەسکەر و مأمور و علمانەکان هەموو أحتیاج و بێ ادارە ماونەتەوە، ئاخۆ فتوای شەرعی بۆ ئەمانە چۆنە؟" (لا ٥١ بەدواوە).

بەڵام حوکمدار جارێ کێشەیەکی گرنگی دیکەی وەك پرسیار بۆ پیاوانی ئایین پێماوە:

"... وەکو پێم وتن ئێمە ئەمە هەمووی لە ڕێی دینی ئیسلامدا ئەکەین، ئێستا غەیری ئەوانەی کەوا ڕۆیشتوون و لەم لا و ئەولا خزمەتی غەیرە دین ئەکەن، بعضیك کەسی تر هەیە لەناو خۆماندا لەوان زیاتر خەریکی مەحوی دینن بە هەموو نەوعێك بۆ نەمانی ئێمە و ئەم حاڵە (کە هەموو بۆ دینی ئەکەین) هەوڵ ئەدەن و جاسوسی بۆ غەیرە دین ئەکەن و لەجیاتی تەلقینی أهالیەکە هەر خەریکی کفرکردن و گاڵتە بە مشایخ و علمای محترمن. ئەمانە ئەگەر هەروا بمێنن، ئەمینم کە بەرە بەرە ئەم تۆزە دینە کەوا ئێمە هەوڵ بۆ زیادی ئەدەین بە جارێك مەحوی ئەکەنەوە، ئێمەیش و عولەمای میلەتەکەش (جاروبار بۆ قوەتی قسەکانی خۆی وەکو خوێی چێشت ناوی عولەماکانی تێ ئەخست) ئەفەوتێن، ئەم نەوعە اشخاصە





مضرانة بە ناوی دینەوە فەوتاندیان لەسەر ئێمە واجب و لازمە یان نا؟" (لا ٥٤)

سەرەنجام زانایانی ئایین فەتوا دەدەن بۆ حەڵاڵکردنی ژن و ماڵی ئەوانەی کە بە بڕوای حوکمدار دژی ئایین و وڵاتەکەی وەستانەتەوە یان لە هەندەران بەدیار "غەیرەدینەوە" دانیشتوون، هەروەها بڕیار دەدەن بۆ کوشتنی ئەوانەی کە گوایە لەنێو وڵاتەکەیاندا سیخوڕی بۆ کافرەکان دەکەن. تەنها هاوکارێکی حوکمدار لەنێو دانیشتوانی دیوەخاندا - کە هەر "وەك مأموری اجرای ئەم فتوا ناحەقانە بێ و هەموو ئۆباڵ و گوناحی ئەمانە لەسەر ئەو بێ" (لا ٥٤) - دەپرسێ، کە ئاخۆ ئەوانەی وڵاتیان جێهێشتووە، لەوێ بوونایە و بەرگری شەرئییان لە خۆیان بکردایە، هێشتا ئەمان هەر لەسەر فەتواکەیان دەمان! مەلاکان لە وەڵامدا دەبێژن، کە بەرگری ئەوانە شەرئی نیە.

هەژاری دیل لەنێو ژوورەکەیدا ئاگای لێ بڕاوە و ئارامی لێهەڵگیراوە، دەخوازێ هەڵبکوتێتە سەر دانیشتوان و دەست بنێتە بینی مەلاکان و ئەوانی دیکە، بەڵام نەخێر ئەمەی پێناکرێ، بەڵکو هانا بۆ یەزدان دەبات و لە ئەم دەپرسێ، کە "ئەمە چ دڵ و دەروون و وجدانێکە"، ئەمە چ جۆرە پەیڕوکردنێکی شەریئەتە و چۆن توانییان ئەم بڕیار و فەتوایانە دەرکەن؟ ئەوانەی ڕایان کردووە، خۆیان تەنها لە شاڵا و چەوساندنەوەی ئەمانە ڕزگار کردووە، ئەمانیش وەك تۆڵە ژن و ماڵیان بە فەتوای ئایینی حەلاڵ دەکەن. داماوەکانی بەردەستیشیان، کە نایانەوێ لەگەڵیاندا دەست بدەنە کوشتن و زۆرداری، لەناویان دەبەن، بە ئارەزووی پیاوێك، کە بە ئاشکرا لەپێش دانیشتواندا "لە سەد هەزار و دوسەد هەزار" دەدوێ. ئەمەشی بە جەختی

"لە ماڵی ئەم موسڵمانانە پێکەوە ناوە و ئەم عالەمەی خستۆتە سەر ساجی عەلی، بوە بە باعسی چەند هەزاران مەخلوق ..." (٥٦)

بەدووی مەلاکاندا پەردە دەگۆڕرێ. ئێستا سێ کەسی دیکە بۆ لای حوکمدار دێن و پێشنیار دەکەن، کە دەوڵەتەکەیان پێویستە هاریکاریی تورکان بکات. بە بڕوای ئەمان، دەسەڵاتداریەکەی ئەو وڵاتە تەنها بەم هاریکارییە فۆرمی حکومەت وەردەگرێ. ئەمان دەبێژن، کە تورکان گەورە و خاوەنی گەلەکەیانن، جگە لەمە هەردوو لایان موسڵمانن و لەبەر ئەم هۆیەش ئەم گەلەی ئەمان لەگەڵ ئینگلیزدا هەڵناکات، هەروەها لەپاڵ ئەمەدا ئینگلیز فێڵزانە و دوای چەند ساڵێك چیوی سواڵ دەداتە دەستیان.

حوکمدار هیچ لارییەکی لەم پێشنیارە نیە و ڕێیان پێدەدات نوێنەرێك بۆ لای تورکان بنێرن، تاکو موزاکەرە و گفتۆگۆیان لەتەکدا بکەن، هاوکات گفتی ئەوەیان لێبسێنن، کە ڕێگە و دامودەزگا بۆ حوکمداریەکەیان دابنێن.

بەدووی ئەماندا سێ کەسی دیکە دێنە ژوورەوە. لەوە دەچێ کە ئەم کەسانە سەربازی و بازرگان بن. بەبڕوای ئەمان باری ژیانی ئەو گەلە گۆڕانی بەسەردا نایەت، گەر ئینگلیز دەستی نەگرێ و پشتیوانیی نەکات. گەلەکەیان لە لایەن خۆیەوە هیچی بۆ پێکنایەت، چونکە خاوەنی پیشەسازی و بازرگانیی گەشاوە نیە، بەڵام لە بنەڕەتدا هەر ئەم کایە ئابووریانەن، کە یارمەتیی گەلەکەیان دەدەن بە ژیانێکی باشتر بگات. بۆیە گەلەکەیان کاری بەبێ پشتیوانیی مەیسەر نابێ. گەر هیوایەك هەبێ، ئەوە ئینگلیزە.

حوکمدار هیچ لارییەکی لەم پێشنیارەی ئەمانیش نیە، ڕێیان پێدەدات چەند نوێنەرێك بۆ لای ئینگلیز لە بەغدا بنێرن، تاکو گفتوگۆی لەتەکدا بکەن.



لەتەك فینۆمینە ئەدەبیەکاندا

تاقمی چوارەم کە بەدووی ئەماندا دێن، جیاوازن لە هەموو ئەوانەی پێشوو. ئەمانە تفەنگبەشان و بەغەڵبە و هەرا خۆیان بە دیوەخانی حوکمداردا دەکەن. ئەمان نە تورك و نە ئینگلیزیان دەوێ، بەڵکو دەیانەوێ تەنیا خۆیان لە وڵاتەکەیاندا سەروەر بن و دەستی غەریبیان بە سەرەوە نەبێ.

حوکمدار هیچ لارییەکی لەم داواکاریەی ئەمانەیش نییە و پێی ڕەزامەندە. بەڵام ئایا حوکمدار خۆی چیی دەوێ؟ کاتێك دەوری چۆڵ کراوە و بە تەنیا لەنێو پیاوانی خۆیدا ماوەتەوە، مەبەستی ئاشکرا دەکات:

"ئەم قسانە هەموو بە لامەوە پەشمن و گاڵتەم پێیان دێت، من بۆچی خۆم بۆ ئەم خەڵکە توشی ئەزێت و دەردی سەری بکەم، ئەوی قازانج و خێری خۆمی تیا نەبێ نایکەم، من هەتا پارەیەکی زۆر نەخەمە سەر یەك و لە بابەت ئیشوکاری خۆمەوە دڵم ڕەحەت نەبێ، ئەمانە هیچیان ناکەم، هەر کەسێك بێت بە هەوەسی خۆی، بۆ قازانج و کاروباری خۆی قسەیەك بکات، بۆچی من شێتم، منالم، هەروا شوێنیان بکەوم و بە قسەیان بکەم. ئەگەر لێم بگەڕێن هەتا ئیشی خۆم، وەك خۆم ئەیزانم جێبەجێ بکەم، ئەوا باشە، ئەگینا من خۆم ئەزانم چی ئەکەم ..." (لا ٧١)

هەژاری شایەتی ئەم بەزمە لەنێو ژوورەکەیدا وڕماوە و نازانێ لە کوێیە، کە ئیتر کۆنترۆڵی بەسەر خۆیدا نامێنێ، لەنێو ئەوپەڕی وڕمانەوە دەداتە قاقای پێکەنین و حوکمدار و پیاوانی نێو دیوەخان رادەچڵەکێنێ. ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی ببێ بە بەڵگەی سیخوڕییەکەی:

"ئیتر دوژمن ئیمانت بێ، هەر ئەوەندەم زانی سەگ و گورگی جەهەننەم، پێنج شەشێ رایان کێشام لە پیلکانەکان بردمیانە خوارەوە بۆ

حەوشەكە. شەویش كردبووی بە سایقە(...)، سەرمایەكی وایە تف هەڵدەی ئەیبەستێ! رووم كردە عاسمان وتم: خوایە تۆ لەسەر حەقی، ئەمانە بەناحەق وا لە من دەكەن! بەڵام هیچ سوودی نەبوو ..." (لا ٧٣)

٢

ریالێتییەكی كۆمەڵایەتی و سیاسیی شێواو، هاوكات پڕنەسازی، كە چەند بەرژەوەندییەكی جیاواز لە نێویدا خۆنوێنن. بەڵام نەخشی ئەم ریالێتییە چەك و مشكی و جامانەی بەرداشئاسای پیاوانەن، كە سەروەرانە بەنێو كۆمەڵدا دەشەكێنەوە و وەك سیمبۆلی دەسەڵات پتر كەرامەتی شكێنراوی لاوازەكان دەشكێنن. چەكدارە چوستەكانی دەوڵەت سادیست و ساختەچین، بریتین لە بناغەی هیرارشییەك (هەرەم)، كە مەحاڵە بتوانێ خۆی بەبێ ئەوان رابگرێ، بەڵكو بەبێ شیمانەی گومان دەڕمێ، هەر بۆیە حوكمدارەكەیان و سەروەران دەرەفەتیان پێدەدەن، خۆیان وەك جەردە دەوڵەمەند بكەن. هەروەها نوێنەرانی رەسمیی ئایین لە بەشی سەرەوەی هیرارشیەكەدان، ئاسۆی كزی پەیوەندیی نوێ ترساندوونی، بۆیە ئامادەن، وەك ئەندامی چالاكی ئەو هیرارشییە سیاسی و كۆمەڵایەتییە، رێنوماكانی ئایین بخەنە گەڕ. بەڵام ئەم رێكخراوە نارێكخراوێكی درزدارە و هاوكات بەرژەوەندییە جووداكان پەرە بە درزەكانی دەدەن، بەبێ ئەوەی ئەو بەرژەوەندییانە خۆیان هیچ زەمینەیەكیان هەبێ، بەڵكو چاویان لە دەستی بەخشندەی بێگانەیە، تاكو رێكخراوێكی بەرگەگیراویان بۆ زیت بكاتەوە. بێگانەكان هەمیشە گەورە و سەروەریان بوون، ئەمانیش خۆیان "ئاقڵن" و





ئەم راستیە لەیادناكەن، بۆیە وەك بچووكیان هانایان بۆ دەبەن. رەنگە بزانن كە هێزێكی ئەوتۆیان نیە، چونكە تەنها ئەوانە هێزدارن، كە خاوەنی چەكن، چەكدارانیش بەزۆری ئەو بەربەڕانەن، كە خۆیان بە غەڵبە و هەرا و شەڕانگێزانە بەنێو مالی سادە و كۆشكەكانی وڵاتدا دەكەن. دەسەڵاتداران دەبێ رێزی ئەم شەرانگێزانە بگرن، چونكە مەحاڵە بتوانن بەبێ ئەوان دەسەڵاتیان مسۆگەر بكەن.

بەڵام سەیر و سەمەرە لێرەدا ئەوەیە، كە نوێنەرانی بەرژەوەندیە جیاكان، واتا بازرگان و ئەفسەرەكان، زانایانی ئایین و چەكدارە بەڕبەڕەكان، سەرباری جیاوازییەكانیان لە ئەقڵیەت و رەفتاردا، شادمانن بە بوونی حوكمدارەكەیان، بەڵێ، تەنانەت مەمنوونی ئەون. بەڵام ئایا ئەم دەسەڵاتدارە خۆی چیی دەوێ؟ ئەم "كابرا"یە پێش هەموو شتێك "رێوییەكی فێڵزان" و چاوبرسیە و تەنها خەریكی كۆكردنەوەی سامانە، ئینجا كێ دژی ئەم بەدڕەفتارانەی بوەستێتەوە، ئەوا یەكسەر بە تۆمەتی سیخوڕی لەناوی دەبات. بێگومان ئەم دەسەڵاتدارە برسییە ئەم شیمانانەی وەك هەل بۆ نەڕەخساوە و لە خوارەوە بۆ لوتكەی هیرارشییەكە هەڵزنابێ، بەڵكو هەر لە سەرتاوە (هەر بۆیە ئەم پایەگایەی وەرگیراوە) خۆی قەوارەیەكی دەسەڵات بووە، هاوكات رووتاندنەوە هەم ئاكار و هەم كرداری بووە. لەپاڵ، نەخێر، لەژێر ئەمانەوە، هەژارانی لاواز و رووتێنراوە خۆیان دەبیننەوە: كەرامەتشكێنراوەكان، بابەتەكانی نوكتە و پێكەنین، كە كەوتوونەتە بەر بەزیی دەسەڵاتداران و سروشتی تووڕە. ئەمان ژیانێكی پڕمەینەتی و نامرۆڤییانە بەسەر دەبەن، هێزیان تەنها لە قادیرێكی (ناقادیرەوە) وەردەگرن، بەڵام ئەم پشتی تێكردوون و رووی لە سەروەران

کردووە: تۆڵەی هەژارانیان لێ ناسەنێ، بەڵێ لەوە دەچێ، کە ئەم قادیرە تەنیا هینی دەسەڵاتداران بێ.

ئێمە لەنێو "لە خەوما"دا دارشتنێکی "پەڕێنراوەی" تۆتالیتی (سەرجەمێتی)مان هەیە. بەڵام چیرۆکەکە وەك دادگەرێکی رەخنەگر لە دەسەڵاتداران و ئامرازەکانیان هاتۆتە دارشتن. کۆمەڵ لە جەوهەرییەوە بۆگەنی کردووە، بێدادی و بێویژدانی و بێخودایی هەڕەشەی دارزانی یەکجارەکیی لێدەکەن. بەڵام "لە خەوما"ی جەمیل سائیب چیرۆکێکە، کە بە پشتیوانیی خوا هاتۆتە دارشتن. نووسەر لەم سەرچاوە ئەزەلییە و خۆبەستوو بە بنەما مۆرالیەکانی ئەم خوایەتیەوە چیرۆکێکی هونەریی نووسیوە، کە لە نێویدا بێدادی و بێویژدانیی دەسەڵاتداران لە لایەك، هەروەها لەخواترسی و خەمی هەژاران لە لایەکی دی خۆیان دەبیننەوە. مەبەستە هونەرییەکەی جەمیل سائیب دیلێمای ئەو کۆمەڵە، یان راستتر نوێنەرانی ئەو کۆمەڵە نیە، کە لە رووی ئۆبژێکتیڤییەوە ناچارن یان لە لاوازییانەوە دەخوازن بڕیارێك بۆ هێزە سەروەرە بیانییەکان بدەن، بەڵکو مەبەستی نووسەر لە جەوهەرەوە ژێرکەوتنی داد و هەق و ویژدانە. نووسەر لە هونەرەکەیدا بە تەنیایە لە لای خۆی، بەڵام هاوکات لە پەیوەندییەکی خاوێندایە لەتەك خوایەتیدا. واتا نووسەر تەنانەت وەك هونەرمەندێکی رەخنەگر هونەرەکەی دادەرێژێ، بەڵام لە قووڵایی ناخیەوە بەندە بە ئەزەلییەتەوە، بەندە بەو پرنسیپە خاوێنانەی داد و هەق و ویژدان، کە خەڵکانی سادە و ساویلکەی نێو جیهانی مێژوویی بەزۆریی بە ووشە لێیان دەدوێن یان لەسەر دەستووری راهاتن کەم یان زۆر دەیاننوێنن.





جەمیل سائیب لە دارشتنی چیرۆکەکەیدا خۆی راستەوخۆ دێتە "دەربڕین" یان دارشتن. نووسەر بە رستەی "خوا بە خێری بگێڕێ" خوێنەر دەگرێ، هەر وەك بڵێین لە لای خۆی دای دەنێ، ئینجا بەدووی ئەمەدا سەرەتای چیرۆکەکەی دەدات و خوێنەر هەتا کۆتایی بەرنادات. ئەم فۆرمە هونەرییە، کە جەمیل سائیب بۆ دارشتنی "لە خەوما" بەکاریهێناوە، لە ترادیسیۆنی وەرگرتووە و هاوکات لە شێوە خۆییەکەیدا، وەك هونەرێکی نوێ، لە ترادیسیۆنی دوورخستۆتەوە. ئەم فۆرمە بەکارهێنراوە بریتی یە لە (حیکایەتخوانی). چۆن حیکایەتخوان لەنێو دانیشتوانێکدا سەرگوزشتەیەك دەگێڕێتەوە و بە "هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو" سەرەتا دەگرێ، ئاوهایش جەمیل سائیب چیرۆکەکەی دارشتووە و لە بواری هونەری مەزندا خستوویەتیە گەڕ. چونکە نووسەر، سەرەڕای ئەم بەکارهێنانەی فۆرمی حیکایەتخوانی، راستەوخۆ "من"ی دەردەبڕێ، واتا بیری لەوە نەکردۆتەوە بۆ نموونە بەرهەمێکی خۆیی "خورشید و خاوەر" لەسەر بناغەی داستانی "خورشید و خاوەر" بنووسێ.

من نە "مەسەلەی ویژدان" و نە "چەخمامە" دەنووسم، من "لە خەوما" دەنووسم، لێرەشدا خوای مەزن (ئەمە هەمان ترادیسیۆنی خانییە کە لە لای - یان هەتا سەردەمی - جەمیل سائیب درێژ دەبێتەوە) تاکە پشتیوانی منی چیرۆکنووسە و لەم پنتگە ئەزەلییەوە بەبێ ترس سەرەتای چیرۆکەکەم دەدەم، بەڵام لێرەدا من خۆم دەردەبڕم، دادەرێژم، ئەمەش نەك بە "هەبوو نەبوو"، بەڵکو بە "خوا بە خێری بگێڕێ خەوێکی ناخۆشم بینی، فەرموو ببیستە ئەم خەوەم چی بوو".

دوورخستنەوەی هونەریانەی "لە خەوما" لە ترادیسیۆن بەوەدا ڕووندەبێتەوە، کە حیکایەتخوانی بریتی یە لەئێپیك (ملحمە) و دەشێ چەند دە ساڵێك لە ڕەوتی دوو یان سێ سەئاتی گێڕانەوەدا ڕەتببن، بەڵام "لە خەوما" فۆرمێکی کاتداری داخراوی هەیە و جەمیل سائیب کاتەکەی زۆر گونجاو دیاری کردووە: ڕۆژێك و شەوێك ڕێبڕینی کاروان بەبێ هیچ چەڵەمەیەك هەتا سەر سنووری وڵاتی مەبەست، ئەمەش بە داڕشتنێکی کورت؛ ئینجا لەسەر سنوورەوە ڕۆژێك ڕێگەبڕینی پڕمەترسی، هەتا کاروان لە تاریکیی ئێوارەدا بە کەنار شاری مەبەست دەگات؛ چیرۆکەکە لێرەوە بەرەو هەڵچوونی پتر دەڕوات؛ دوای شەوێك مەترسیەکانی کابرای هەژار پتر پەرەدەسێنن؛ ئەم بەشە کەمێك لە قۆناغی ڕێبڕینەکە درێژترە؛ ئینجا کێشەکە ڕۆژی داهاتوو لە ماوەیەکی کەمتردا لە شەوێك ئاڵۆزتر دەبێتەوە، چیرۆکەکە بەرەو هەڵچوونی پتر دەڕوات و هەژار لە ماڵی حوکمدار دیل دەکرێ؛ ئەم بەشە درێژترین بەشە و هەر لێرەش چیرۆکەکە، واتا خەوەکە، بە دوا هەڵچوونی باری هەژاری دیلکراو و ئەشکەنجەدانی، کۆتایی دێ. بەدووی ئەمەدایە، کە جمیل سائیب خەوەکەی دەگێڕێتەوە، واتا داوای هەقیقەتێکی ڕیالیستییانەی هونەری بۆ چیرۆکەکەی ناکات، بەڵکو بۆ خوێنەر تەنها خەوێك دەگێڕێتەوە. سەرجەم "لە خەوما" ستروکتوری زیندەخەوی پێدراوە. بۆیە ئەم تەکنیکە ئەدەبییە، کە جەمیل سائیب لە نووسینی چیرۆکەکەیدا بەکاری هێناوە، لە بەراورد لەتەك دەسوێژە ئەدەبییەکانی بەدیهێنانی هونەریی ئەو سەردەمەدا، پێشکەوتن پێکدەهێنێ، واتا: سوودی خۆیی لە فۆرمە هونەرییەکانی کەلەپوور و نێگاسیۆنیان لە بەرهەمێکی نوێدا.





بەبێ گومان "لە خەوما" هاوکات هەڵوێستێکی ئازادی بەرانبەر پرۆسەی سۆسیالی مێژوویی هەیە و بە تایبەتی لە بوونیادی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیەوە ئاماژە بۆ پەیوەندیەکانی نێوان خەڵکان و دەسەڵاتی سیاسی دەدات: وڵاتێك هەیە، کە تێیدا چەند بەرژەوندییەکی کۆمەڵایەتی بە یاریدەی ژمارەیەکی فرە مرۆڤی دەروونلاواز و شەڕانگێز هۆشقاڵی سیاسەتن، بەڵام سەرجەم بیرکردنەوەی ئەمانە خۆی لە بواری سیاسی و بازرگانیی سیاسیدا دەبینێتەوە و یەك لایەنیان دەربارەی داد و ویژدان، دەربارەی چاککردنی ژیان، تێنافکرێ، بەڵکو یان خەریکی قۆزتنەوەی ئەو هەلانەی خۆدەوڵەمەندکردنن، کە لەتەك دامەزراندنی دەسەڵاتدارییە سیاسیەکەدا هاتونەتە ئاراوە، یان ڕوویان کردۆتەوە بەزەیی هێزە سەرەوە بیانییەکان. لێرەدا باری مێژوویی ئەو کۆمەڵە ڕووندەبێتەوە. ئەم کۆمەڵە لە بارێکی دەوڵەتیدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام بە دراوسێی بەهێزی وەك تورکان و ئینگلیز دەورە دراوە، ئەمەش نوێنەرانی بەرژەوەندییە سیاسییە جیاوازەکانی خستۆتە ناکۆکییەوە سەبارەت بەوە، کە لە لاوازییانەوە بڕیار بۆ کامیان بدەن. بەڵام ئەمە تەنها کێشەکە نیە، بەڵکو ئەم کۆمەڵە نەك تەنها توانای خۆبەڕێوەبردنی نییە، بەڵکو هەر لە کۆنەوە ڕاهاتووە خۆی بە بچووکی بێگانە بزانێ و تکای لێبکات وەك گەورە یان براگەورە یاریدەی بدات. ئێستاش لەم دۆخەدا چاکترین یاریدە ئەوەیە، کە یەکێك لەو دەوڵەتە بیانیانە دامودەزگا دەوڵەتیەکانی بۆ پوخت بکاتەوە، بێگومان هەژارانی بێموبالاتی لێدەرچێ، کە هەمیشە تیاچوون، یان قارەمانە شەڕانگێزەکان، بەڵام هێندە نەبێ، کە ئەم قارەمانانە برێتین لە بەربەری بۆ جەنگ

خرۆشاو و تەنها وەك هێزی سەربازی گرنگن. ئەمانە نەك هیچ شتێك دەربارەی دامودەزگا و ئەرك نازانن، بەڵكە هەر گرنگیشیان پێنادەن.

بەلاَم ئەم كێشانە لەنێو "لە خەوما"دا جەوهەری نین، بەڵكو، وەك پێشتر روونمان كردەوە، ئیدیالی جەمیل سائیب سەرەكییە، ئیدیالێك، كە هێزەكەی لە ئەزەلیەتەوە هەڵدەهێنجێ و هەر ئەمەشە كە دەبێ بە هێزپێدەری وێران بۆ رەخنەیەكی هونەری لە فۆرمی چیرۆكدا. هەر ئەم ئیدیالەشە، كە دەیكات بە خۆشویستی هەژاران و زۆرلێكراوان، چونكە ئیدیالەكەی روو دەكاتە چاكە، ئەم چاكەیەش لەنێو ئەو دەسەلاَتدارییەدا، بەگشتی لەنێو پەیوەندییەكانی ئەو كۆمەڵەدا نییە. واتا گەرچی جەمیل سائیب پەیوەندیی نێوان دەسەلاَتی سیاسی و خەڵكان لەنێو بوونیادێكی سیاسیدا نیشان دەدات، بەلاَم ئەو لە "ریالێتییەوە" سەرەتا ناگرێ، بەڵكو لە خاوێنییەوە، هەروەها مەبەستەكەی ئەو نەمانی داد و سەركەوتنی بێدادییە. نووسەر هۆی نەكبەتیەكانی "خوارەوە" دەگەڕێنێتەوە بۆ بەدئەخلاقیی سەرەوە، چونكە ئەم دەسەلاَتدارانە بەبێ هیچ بیروباوەڕێك، بەبێ هیچ پرۆگرامێك بۆ ژیانی كۆمەلاَیەتی، تەنها خۆیان دەوڵەمەند دەكەن و بۆ ئەم مەبەستەیش ئامادەن هەزاران مرۆڤ بە برسیكراوی رووەو مەرگ بنێرن.

ئەمە واتایەكی ئەوتۆ ناگەیەنێ، كە جەمیل سائیب لە چیرۆكە هونەرییەكەیدا یەكلایەنی بێ، وەك چۆن پیرەكان دەبێژن. جیهانی سیاسی لە ڕوانگەی هەموو هونەرمەندێكی (راستەقینە)و تەنها جیهانی بەرژەوەندییە، جیهانی ماچ و پاشقولە، واتا ئەو جیهانەیە كە مەحاڵە هیچ هونەرمەندێكی مەزن بتوانێ بۆ سەندنی رەزامەندیی دەرەكی بیڕازێنێتەوە،





گەر ئەمەیشی كرد، ئەوسا بەدیهێنانێكی ئەنجام داوە، كە هونەر نییە، بەڵكو بە پوختی "ناهونەرە". هونەرمەندێكی مەزنی وەك جەمیل سائیب مەحاڵە بتوانێ جیهانی درۆزنی سیاسەت بڕازێنێتەوە، بۆ نموونە هەڵوێستێك "بۆ خاتری بەرژەوەندییەكانی گەلەكەی"(!) وەربگرێ و لێرەشەوە ئیتر زۆردارانە بابەتی سادەی سەر بە هونەری نزم بهێنێتە ئاراوە.

بەلاَم كێشەیەكی جەوهەریی جەمیل سائیب ئەوەیە، كە سەرجەم پرۆسەی نەسازییە كۆمەلاَیەتییەكان لەنێو دوو بەرەدا كۆدەكاتەوە: لە لایەك دەسەلاَتداران بە ئامرازەكانیانەوە، لە لایەكی دی هەژاران و بێچارەكان. بێگومان نووسەر سەمپاتی بۆ ئەوانە هەیە، كە بڕیارە بەهۆی دژایەتیكردنی دەسەلاَتدارانەوە لەناو ببرێن، یان بۆ ئەو هەلاَتووانە، كە بڕیارە ژن و ماڵیان داگیر بكرێ، بەلاَم ئەم ئاڕاستە دژبەرانە دیار نادەن، بەڵكو ئینتەرەسە بەرانبەرییەكان بزر بوون. هۆی ئەمە لەوەدایە، كە نووسەر لە خاوێنییەوە سەرەتا دەگرێ و جیهان لە دوو بەرەی چاكە و خراپەدا دەبینێتەوە، ئەمەش ئەو هۆ جەوهەرییە پێكدەهێنێ، كە بۆچی ریالێتی لەبەرچاوی ئەودا تاریك دەبێ. جەمیل سائیب لە چیرۆكەكەیدا تەنانەت رەخنە لە دەسەلاَتدارانی سیاسی و چەكدارە ئامرازییەكانیان دەگرێ، بەلاَم لەبەرئەوەی لە خاوێنیەوە دەروانێ، ئەوا دیوی پشتەوەی ئەو ریالێتییە دەخوازێ، كە ئەو بە چیرۆكێكی رەخنەیی دایدەرێژێ: ژیانێكی بەویژدان، لێرەشەوە ئیتر ریالێتیی ئامادە بەبێ هەڵوێستە دژبەرەكانی نێوی دیارد دەهێنێ.

كەواتە كینی پسیكۆلۆژیانە جەمیل سائیبی نەتەنیوە، بەڵكو لەنێو كۆمەڵی بێدادی و بێویژدانیدا خوازیاری داد و ویژدانە. چیرۆكنووس لە

دارشتنەکەیدا هێمن و ئارامە، بەدووی رستەی "خوا بەخێری بگێڕێ"دا یەکسەر سەرەتای چیرۆکەکەی دەدات، بەلام بەبێ هەڵچوون و داچوونی پسیکۆلۆژییانە (ئەو حاڵەتانەی لێدەرچێ، کە نووسەری هۆش لە جیهان دابڕاو هانا بۆ ئاسمان دەبات) و هەروەها بەبێ ووشەسازیی پلاستیکی. هۆشی بابەت فۆرمێنەر و زمانی ریالی رۆژانەی (ئەو سەردەمە) بەشێوەیەك لەنێو یەکتریدان کە نزیکەی نەشییاوە لە یەك جیابکرێنەوە.

بەلام جەمال بابان، کە هەوڵێکی مەزنی داوە بۆ بلاوکردنەوەی ئەم چیرۆکە، بەبێ رەچاوی فۆرمە داخراوە هونەریەکەی "لە خەوما" خۆی لە کارکردنی هونەری هەڵقورتاندووە و دەبێژێ: خەوبین دەبوایە لە خەوەکەی بێدار ببوایەتەوە! (ئەمە نیشانەیە بۆ ئەوە، کە ئەو بیرکردنەوەی ئێستێتیکایی نییە). واتا ئەم چیرۆکە تەواو نەبووە. ناڕاستیی ئەم جۆرە تێڕوانینەمان لەسەرەوە روونکردۆتەوە و بۆیە رووی تێناکەینەوە. جەمال بابان هاوکات پێورێکی ئەوروپیانەی بۆ پێناسەی "لە خەوما" وەرگرتووە، کە گوایە ئەم چیرۆکە سەر بە ریالیزمی رەخنەگریە (ئیحسان فوئاد، کە "مەسەلەی ویژدان"ی بلاوکردۆتەوە، هەمان پێوری بۆ ئەم چیرۆکەی ئەحمەد موختار بەکارهێناوە و دەبێژێ سەر بە ریالیزمی رەخنەگریە. کەواتە ئەم جۆرە تێڕوانینە بریتییە لە هەڵوێستێکی هۆشیی لەنێو کۆنەکەدا، هەروەها بەگشتی نەشیاو نیە لەژێر کاریگەریی مارکسیزمی هەڕەمەکی (ڤولگێر)دا نەهاتبێتە ئاراوە).

ساغکردنەوەی کێشەیەکی بەم چەشنە بابەتی ئەم نووسینە نییە، بەڵکو هینی یەکێکە، کە دەربارەی مێژووی ئەدەب و هونەر بنووسێ. لێرەدا ئەوەندە دەیڵێین، کە دەبێ لێڕوانینی ئێستێتیکیانەی نووسەر یان





هونەرمەند بۆ هەر پێناسەیەك یان دیاریکردنێکی رێبازە ئەدەبی و هونەریەکان رەچاو بکرێ. جەمیل سائیب لە دارشتنی چیرۆکە هونەرییەکەیدا لە هێزێکی خاوێنی ئەزەلییەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ ئەم پەیوەندییەش گەرەکە بیر لە تێگەیشتێکی گونجاو لەتەك فیکری ئەودا بکرێتەوە. ئارامیی میتافیزیکیانە و نائارامیی جیهانی مێژوویی، جیهانی فیکری جەمیل سائیب پێکدەهێنن، ژێرکەوتنی چاکە و سەروەریی خراپە کێشەی جەمیل سائیبن نەك وێنەدانەوەی ریالێتی.


سەرچاوە:

جەمیل سائیب. لەخەوما. پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان. بەغدا، ساڵی ١٩٧٥

# "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار جاف





## ١

"مەسەلەی ویژدان" بریتییە لە ژیاننامەی زۆراب ناوێك، كە بەدپەیوەندییەكانی ریالیتی ڕێگەی ژیانێكی بەویژدانی لە لا دەقرتێنن و بەرەو دەسەڵاتخوازێكی كوێری دەبەن، كە ئیتر لە خۆی و مرۆڤ و جیهان تووشی نامۆبوون دەبێ.

پاڵەوانی "مەسەلەی ویژدان"، زۆراب، لە قەزایەك دێتە جیهانەوە، هێشتا منداڵ دەبێ، كە باوكی لە "شەڕی گەورە"دا دەكوژرێ. ئەم كارەساتە دایكە بێوەژنەكەی ناچار دەكات خۆی بخاتە ژێر باری كار، تاكو كوڕە هەتیوەكەی پێبگەیەنێ، بەڵام هێندە ناخایەنێ دایكیشی دەمرێ و بەتەواوی هەتیو دەكەوێ. دوای ئەم ڕووداوە چەند خزمێكی دەیگرنە خۆیان و "لە ئینسانیەتی خۆیانەوە نان و پیازێكی" پێ ڕەوا دەبینن، بەڵام ئەم خزمانەی نایانەوێ هەتا سەر لە لای خۆیان بیهێڵنەوە، بۆیە كاتێك تەمەنی زۆراب كەمێك پتر پێدەگات، خزمەكانی جارجار بەگوێدا دەدەن، كە گوایە بووە بە "پیاو" و كاتی ئەوەی هاتووە بڕوات گوزەرانی خۆی دابین بكات. زۆراب بە خەفەتەوە خزمەكانی جێدەهێڵێ و ئەم ڕۆژەی ڕۆیشتنی وەك ئەزموونێكی تاڵ بۆ دەمێنێتەوە: "ئیتر بێ دایك و باوك، بێ خزم و كەس فڕێ درامە ئەم جیهانە سەختەوە بەشوێن ئەركی نان پەیداكردندا" (لا ١٤).

بەڵام زۆراب لەم جیهانە سەختەدا هێشتا هەر تەنیا ناكەوێ. كۆنە ئاشنایەكی باوكی بە ژیانی نالەباری زۆراب دەزانێ و ئەوەشی بیستووە، كە ئەم كوڕە كەمێك خوێندەوارییی هەیە. ئەم پیاوە لای لێ دەكاتەوە و دەیبات بۆ لای بازرگانێك، تاكو وەكو شاگرد لە كاروباری دوكاندا یارمەتیی بدات،

بەڵام ئێستا زۆرابی هەتیو بێدادی و بێویژدانیی شوێنەوارەكەی دەناسێ، بەبێ ئەوەی تێبگات بۆچی ئەو جیهانە ئاوهایە، بەڵكو هێندەی پێدەكرێ كە بیر لەو بەدپەیوەندییانە بكاتەوە.

دوكاندار لە بازرگانییەكەیدا پیاوێكی فێڵزانە، بەڵام فێڵەكانی بەتایبەتی لەتەك ئەو جوتیارە نەخوێندەوار و دواكەوتووانەدا دەخاتە گەڕ، كە دێن بۆ قەزا تاكو شمەكی لە لا بكڕن. بۆ ئەم وەستایە حەڵاڵ و شەریعەت هێندە گرنگ نین، بە بڕوای ئەو هەر شتێك گوزەران ئاسان بكات،"جائیز"ە، بێگومان بە مەرجێك كوشتن و ناموسبردنی تێدا نەبێ. ئەی مەسەلەی ویژدان؟ ئەمیش مەسەلە نییە.

بەڵام ئێستا ئەحمەد موختار نەسازیی قووڵتر لە نێوان وەستا و شاگرددا دەهێنێتە ئاراوە. شاگردی خوێندەوار بە وەستای دەڵێ، كە توانای ئەوەی هەیە حساباتی لە دەفتەرێكدا بۆ رێكبخات، تاكو بزانێ لەتەك كێدا پەیوەندیی بازرگانیی هەیە. بەڵام وەستا "دەفتەر"ی خۆی بۆ دەردەهێنێ: گلۆڵەیەك بەنی پارچە پارچە كراو، كە هەر پارچەیەكی رەنگێكی هەیە و بە گرێی بچووك و ناونجی و گەرە بوونیادی داوە:

"ئەم دەفتەرە هەر یەك رەنگی، عەلامەتی ناوی یەك شەخسی قەرزارە، وە هەر یەك گرێی عەلامەتی میقداری قەرزەكەیە(...). كە چاوم كەوت بە قەرزارێ یاخو شەخسێ كە حسابم لەگەڵیا بێت، دڵم خورپەی تێ ئەكەوێت" (١٦).

ئەمە شێوازی وەستایە لە بازرگانیدا، باوك و باپیریشی هەر لەسەر هەمان شێواز رۆیشتوون. بەڵام زۆراب بەهۆی ئەم "جۆرە ئەقڵیەتەوە" تووشی خەفەت:





"... لە دڵی خۆمدا زۆر موتەئەسیر بووم لەم تەقلیداتە كە ئەوەندە لە مێشكماندا جێگیر بووە كە(...) نەخوێندەواری ی بەسەر خوێندەواریدا" لە لا باشترە. بەڵام وە نەبێ ئەم كێشەیەی "تەقالیدات" تەنها نەخوێندەوارەكان بگرێتەوە، چونكە كەسانێكی فرە بە خوێندەوار "مەشهورن" و كەچی وەك نەخوێندەوارەكان رەفتار دەنوێنن. (لا ١٦)

وەستاژنیش وەكو مێردەكەی دواكەوتووە و بەردەوام خەریكی لاسایی ژنانی دیكەیە. هەر جلێكی نوێ لەبەر ژنێكی دیكەدا ببینێ، دەیەوێ خۆیشی هەی بێ و یەكسەر بە مێردەكەی بە دوورینی دەدات، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەقڵی هێندە بڕ بكات، كە ئەم بەرگە پێویستە پڕ بە بەری خۆی بێ: "كە وەختێ ئەیكردە بەری، ئەوەندە درێژ بوو لە پاش و پێشەوە نیو گەزی بەناو قوڕاودا ئەخشا وە لە مودەتێكی كەمدا خراپ ئەبوو" (لا ١٧).

سیمای دیكەی وەستاژن بریتین لە پیسی و گرنگینەدان بە "لەشساغی". تەندروستی بە بڕوای وەستاژن درۆیە و پڕۆپاگەندەی "مەكتەبلیەكانە"؛ ئەو كەسەی تووشی نەخۆشییەك دەبێ، ئەوا هیچی دیكەی جگە لە "دوعایەك" یان "شەخسێك" گەرەك نیە.

زۆراب حەوسەڵەی مانەوەی لەم پەیوەندیەدا نامێنێ و دەڕوات دەبێ بە شاگردی بازرگانێكی دیكە. ئەمیان تەنانەت بە رواڵەت پیاوێكی باشە و هەرگیز نوێژ و ڕۆژوو نافەوتێنێ، بەڵام:

"ئەو گەزە كە كوتاڵی پێ ئەفرۆشت لە گەزی خەڵكی كورت تر بوو، وە هەر وەفتێ معامەلەی توتن یان شتێكی تری لەگەڵ فەقیرێك بكردایە، تێ ئەفكریم خەریكە بەتەواوی مەحوی بكاتەوە" (لا ١٩).

ئەحمەد موختار زۆراب لەتەك ئەم وەستایەشدا دەخاتە ناكۆكییەوە، بەتایبەتی لە رووی خوێندەوارییەوە. وەستا دوو كوڕی هەیە و نەی ناردوون بۆ فێرگە. زۆراب لەبەر ئەم هۆیە لێی دەپرسێ:

- "ئەگەر ئەم مندالانە بنێری بۆ مەكتەب چاكتر نیە؟".

- "هەتیو دیارە تۆیش بە واسیتەی ئەو كوێرە خەتەوە ئەحمەق بوویت. كوڕی من خوێندنی بۆ چیە؟ ئێمە كاسبین(...). بۆچی كافری بكەم وەكو گاورەكان لە هاوینا قاچ و سەریان رووت بكەن؟ ئێمە هەر چلۆن بووین ئەبێ وەها بین" (لا ١٩).

بەڵام لەم كۆمەڵەدا، كە زۆراب تێی كەوتووە، تەنها بازرگانەكان، بەگشتی دەوڵەمەندەكان، بێویژدان و ساختەچی و دواكەوتوو نین، بەڵكو هەژارانیش. بۆ نموونە ئەو جوتیارە هەژارانەی لە گوند لەسەر موڵكی وەستای زۆراب یان موڵكی كەسانی دیكە كار دەكەن، لەسەر هەمان دەستووری باوی ئەو كۆمەڵە دەڕۆن. ئەم دەستوورە لەنێو جوتیاراندا فۆرمێكی ئەوتۆی وەرگرتووە، كە سێیەكی ئەو تۆوەی بۆ چاندن لە موڵكداری وەردەگرن، بۆ خۆیان وەلاوەی دەنێن و دەیفرۆشن، واتا دەیدزن. تەنها زۆرابی ساویلكەیە، كە لەسەر بنەماكانی داد و هەق و ویژدان دەڕوات. كاتێك زۆراب پێیان دەڵێ، ئەو رەفتارەی ئەوان دەینوێنن بێویژدانیە، ئەوا جوتیاران وەڵامی دەدەنەوە، كە: "بەحسی ئینسانیەت و ویژدان(...) لێرە پارە ناكات" (لا ٢١). سەرەنجام بۆچوونی جوتیاران راست دەردەچێ، چونكە زۆراب خۆی بەم دەمڕووتیەی تێوە دەگلێ و بە دزی خەرمان دادەنرێ.





زۆراب لەم ئەزموونە خۆییەوە كەمێك "بێدار" دەبێتەوە و دەگات بە زانینێكی (مەعریفە) تاڵ: "صداقەت خیانەتە و خیانەت سەعادەتە" (لا ٢٢).

بەڵام زۆراب هێشتا هەر بیر لە كەمئەقڵیی خەڵكانی فێڵڵێكراو دەكاتەوە و ئەقڵی هەر ئەوەندە بڕدەكات، كە هۆی هەژاری و داماوییەكانیان بۆ نەخوێندەواری بگەڕێنێتەوە. هاوكات تەنها هەژاران فێڵیان لێناكرێ، بەڵكو بازرگانەكانیش. كاتێك وەستای زۆراب توتنەكەی بۆ "تەدبیرچی" لەشار دەنێرێ، ئەوا تەدبیرچی بە ئارەزووی خۆی پارە بۆ وەستا دەنێرێتەوە. زۆراب لەم لایەنەشدا لە پێش ئەوانەوەیە، بە وەستای دەڵێ، كە خۆی دەتوانێ كۆمپانیایەك پێكەوە بنێ و بەرێیەوە توتنەكەی بە فرۆشتن بدات، ئینجا مەكینە ئیستیراد بكات، تاكو بە بەشێكی توتنەكەی جگەرە بەرهەمبهێنێ، هەتا ئیتر خۆی سوود لە قازانجەكەی وەربگرێ. بەڵام وەستا وەڵامی دەداتەوە:

- "عەزیزم دیارە تۆیش وەكو مەكتەبلیە شێتەكان وایتە. ئێمە باوك و باپیرمان هەر وەهایان كردووە، خۆشمان ئەبێ وا بكەین!".

- "قوربان ئەقڵی باوك و باپیرمان بۆ زەمانی خۆیان باش بوو، بە كاری ئێستا نایەت. عەجەبەن تفەنگی قەپاغلی باشە یان موعەددەل ماووزەڕو مەترالیۆز(...)؟ سواری كەر باشترە یاخود ئوتومبیل؟

-هەزار قسەی وەها بكەیت عەقڵی كۆن لە عەقڵی تازە باشترە!"

(لا ٢٦ بەدوواوە).

زۆراب ئەم بازرگانەش جێدەهێڵێ و بۆ قەزایەكی دیكەی هەمان لیوا دەگوێزێتەوە. ئەم قەزایە تەنانەت سروشتێكی دڵگیری هەیە، بەڵام زۆر

پیسە و زبڵ بە هەموو لایەکدا رژاوە. زۆراب لێرە بڕیار دەدات خۆی بە چالاکی بێتە مەیدانی کارەوە و بۆ ئەم مەبەستەش سەرمایەی "کوێرە خەتەکەی" دەخاتە گەڕ. بەڵام سەرەڕای ئەمە هێندە ئاسان جێگەی نابێتەوە. قایمقام بیانووی پێدەگرێ، کە گوایە خەتەکەی ناخۆشە و بۆیە گەر "واز لە دەستبڕین نەهێنێ"، ئەوا بە "قانونی عەشایەر" حوکمی دەدات (لا ٢٩). بەڵام ئەمە زۆراب هۆشسام دەکات، چونکە یاسای ئەشایەر تایبەتە بە شەڕی نێوان دوو ئەشیرەت یان کێشەیەك کە بە "قانونی مەدەنی" چارەسەر نەکرێت، گەر ئەو یاسایەش خرایە گەڕ، ئەوسا "بۆ سیاسەتی ئەو مەوقیعە زەرەر"ی دەبێ (لا ٢٩). کاتێك زۆراب وەڵامی قایمقام دەداتەوە و پێی دەڵێ، کە ئەو خۆی کاسبە و هەقی بەسەر یاسای ئەشایەرەوە نیە، ئەوا پتر تێوە دەگلێ. قایمقام چەند کەسێکی بۆ بانگ دەکات تاکو تەمێی بکەن. لە کۆتاییدا بۆ زۆراب ڕووندەبێتەوە، کە خەتەکەی خۆی لەوەی قایمقام خۆشترە.

زۆراب دۆستێکی دەبێ، کە بە کەفالەت لە پۆلیسخانە بەری دەدات. ئێستا ژیانی زۆراب بەدووی ئەم ئەزموونە و "لەتەك ئەم دۆستەدا" وەرچەخانێکی جەوهەری دەبینێ. ئەم دۆستە کە شارەزای پەیوەندیەکانی ئەو کۆمەڵەیە و دەزانێ چۆن کاروبار لەنێو ئەو دەوڵەتەیاندا بەڕێوەدەچێ، بۆ زۆرابی ڕووندەکاتەوە، کە خەفەت و دۆشدامان هیچ سوودێکیان نیە، بەڵکو دەبێ بە کردار هەڵوێست بنوێنێ، ئەمەشی تەنها بە "پارە" و "تەشەبوس" پێبەردەخرێ. لە ڕاستیدا زۆراب خۆیشی دوای ئەمە دەبینێ، کە چۆن بەریتل و تەشەبوس ڕێزی بۆ پەیدا دەکەن و لە قایمقام نزیکی دەخەنەوە. هەمان قایمقام، کە پێشتر زۆرابی خستە گرتووخانەوە، فەرمان





دەردەکات، کە جگە لە "زۆراب ئەفەندی" هیچ کەس مافی ئەرزوحاڵنووسینی نیە. دوای ئەم فەرمانەی قایمقام دوو ئەرزوحاڵچی کاریان دەدۆڕێنن و ئەمەش تەنانەت زۆراب "موتەئسیر" دەکات، بەڵام هاوکات زانینێکی نوێی تاڵ لەنێو هۆشیدا دەپشکوێ: شوێنەوار بە زەرووره ناچارییەك دەهێنێتە ئاراوە و برێتییە لەوە، کە:

"هەموو شەخس سەعادەتی خۆی لە فەلاکەتی هاوجینس و هاوزمانی خۆیدا ئەبینێ، منیش سەرفی نەزەرم کرد لە ویژدان و ووتم: بە جەهەننەم ئەمرن لەبرسا!"؛ مرۆڤ بۆ ئەوەی "مەسعود" بێ، ئەوا دەبێ "تابعی موحیط" بێ (٣٢)

زۆراب بەم وازهێنانەی لە سەرفی نەزەر و پشتکردنە پرسیاری ویژدان دەبینێ، کە سامانەکەی هەمیشە پتر پەرەدەسێنێ، لێرەشەوە رەمەکی دەسەڵاتی بە تەواوی لە لا دەوروژێ و بەردەوام بیر لە پایەگای بەرزتر دەکاتەوە. بەڵام جارێ هۆشی ساکاری ئالۆز نەبۆتەوە و لەبەر ئەم هۆیە بەبێ "دۆستەکەی" مەرامی خۆی بەڕوونی نابینێ. زۆراب دەردی مەزنبوونەکەی خۆی بۆ دۆستەکەی روون دەکاتەوە، بەڵام دۆستەکەی دوو وەڵامی گونجاوی بۆ دامرکانەوەی ئەو دەردە هەیە: یەکەم پارە، دووەم درۆزنی و خیانەت و پاشقول. ئەوەی یەکەمیان بۆ زۆراب هەتا رادەیەك ئاسانە، چونکە بڕێك پارەی بەیەکەوە ناوە، بەڵام ئەوی دووەم جارێ کەمێك بە زۆراب نامۆیە. سەرەڕای ئەمەیش زۆراب تازە بڕیاری خۆی داوە، دەست دەداتە درۆزنی و خیانەت و بەجێگەیاندنی ئەو پلانە کە دۆستەکەی بۆی دادەنێ. بەڵام لەبری ئەوەی زۆراب بەم بەدرەفتارانە بەدناو ببێ، بە پێچەوانەوە پتر ڕێز پەیدا دەکات و خەڵکان بڕوای پێدەکەن!

گەرچی زۆراب دەخزێتە نێو درۆزنی و خیانەت لە هاومرۆڤەکانی، گەرچی بە راستی چێژ لەو ڕێزە، واتا لەو دەسەڵاتە دەبینێ کە بە رواڵەتی فێڵزانانە بۆ خۆی چێیکردووە، بەڵام هێشتا هەر پرسیارە پرنسیپیەکانی نێو هۆشی سەرهەڵدەدەنەوە و دەیخەنەوە دانوستاندن و گفتوگۆ لەتەك کەسانی دیکەدا، بۆ نموونە لەتەك مەلای مزگەوتدا دەربارەی "خاوێنی" یان "زمان" و شیمانەکانی تێگەیشتنی کەسانی سادە لە ئایین لە رووی زمانەوە. زۆراب بەم هۆیەوە تووشی گێچەڵێکی کوشندە دەبێ، چونکە بە مەلای مزگەوت لەکاتی خوێندنەوەی ئایەت و حەدیسدا دەڵێ، کە ئەو خۆی ئەرەبی نازانێ و بۆیە باشترە ئەو ئایەتەی قورئانی بە کوردی بۆ روون بکاتەوە. زۆراب لە ئەنجامی ئەم تکایەدا بە "کافر" دادەنرێ و کوشتنی وەك "غەزا" دەبینرێ. بەڵام ئەم جارەیش دۆستەکەی بە هانایەوە دێ، دەیبات بۆ لای مەلاکە و چەند مەلایەکی دی، تاکو شایەتمانی پێبهێننەوە و ئەوانیش بەدووی ئەمەدا لێی خۆش ببن.

لەبەر ئەوەی زۆراب بەردەوام لەنێو "خەیاڵی گەورەیی و مەئموریەت"دا نقووم بووە و بیر لەوە دەکاتەوە، چۆن لەو پلە دەسگیربووەوە بۆ پلەی بەرزتر سەربکەوێ، ئەوا ناچارە - ئەمەش لەسەر راوێژی دۆستەکەی - گەشە بەو یارییە بدات کە خستوویەتیە گەڕ، واتا پەیوەندی لەتەك کاربەدەستاندا دابمەزرێنێ. زۆراب بەم شێوەیە هەڵدەزنێ بۆ "وەزیفەی تەحسیلداری" (باجکۆکردنەوە). ئێستا دەکەوێتە رووتاندنەوەی خەڵکی نەخوێندەواری گوندنشین و لە ماوەیەکی کەمدا بڕێکی گونجاو پارە پێکەوەدەنێ، بەڵام ئەم سامانە ئێستا "پتر" حەز و ویستی گەورەیی و دەوڵەمەندبوونی لە لا دەبزوێنێ. هێندە ناخایەنێ زۆراب تێدەکەوێ: لە ئەنجامی سەردانی





کاربەدەستێکی بەرز لە سەنتەری لیوا و پشکنینی کێشە بەڕێوەبەرایەتییەکان و خراپەی مووچەوەرگرەکانەوە، زۆراب و چەند مووچەوەرگرێکی دیکە تێدەکەون و لە کار دەردەکرێن، هاوکات بڕیار دەدرێ بەهۆی خراپەیانەوە لەتەك خەڵکاندا بە دادگا بدرێن، بەڵام کاربەدەستانی قەزاکە هەڕەشە لە دانیشتوان دەکەن، کە نەچن لە دژی هەڤاڵانیان شایەتی بدەن. بەم شێوەیە لە دادگا تاوانەکانیان بەسەردا ساغناکرێتەوە.

زۆراب ئێستا تەنانەت وەزیفەکەی دەدۆڕێنێ، بەڵام ئامادە نابێ دوای وەزیفەی باجگری پلەیەك دابەزێتە خوارێ و بکەوێتەوە نووسینی ئەرزوحاڵ. ئێستا لەنێو ئەم دۆخەدا کە تێی کەوتووە، هۆشی فێڵزانانەی "پتر" بێدار دەبێتەوە: بڕیار دەدات خۆی وەك نیشتمانپەروەر نیشان بدات و کاری سیاسی بکات. ئێستا دەستێك پۆشاکی مۆدێرن لەبەردەکات و باستۆنێك (گۆچانێك) بەدەستەوە دەگرێ، جانتایەك پڕ دەکات لە کاغەزی سپی و کتێب، بەبێ ئەوەی بتوانێ زۆربەی ئەم کتێبانە بخوێنێتەوە، ئینجا دەکەوێتە گەڕان بەنێو بازاڕ و ماڵان و قوەخانانەدا، لە هەر کوێ دابنیشێ تەنها باسی نیشتمان و رزگاری، چێژی سەربەستی و ئازادی دەکات. زۆراب بەم رێیەوە ناوبانگ پەیدا دەکات، چ حکومەت و چ خەڵکان وەك پیاوێکی نائاسایی دەیبینن، بەڵام: "بێ خەبەر بوون کە پرۆغرامی من هەر ئەوە بوو کە تەعین بکرێم بە مەئمور و تیکرار دەست بکەمەوە بە خواردنی خوێنی میللەت، وە پارە گلێر بکەمەوە بۆ خۆم" (لا ٤١).

ئەم فێڵەی زۆراب سەردەگرێ. حکومەت بە "رەئیسی قەزا" دایدەمەزرێنێ، ئەویش راستەوخۆ روخساری راستەقینەی دەئەنگوتێنێ، بەڵام شێتگیرتر لە پێشوو. گۆڕانی ئێستای زۆراب دەگاتە رادەیەکی ئەوتۆ،

کە تەنانەت کیین لە فێرخوازی و شاگردی فێرگەکان هەڵدەگرێ، چونکە وەك هاڤرکێکەری داهاتوو دەیان بینێ.

زۆراب لەنێو جیهانە گچکەکەی قەزادا لوتکەی دەسەڵاتی گرتووە و خەریکی رووتاندنەوەی دانیشتوانە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم قەزایە جیهانێکی گچکەی نێو جیهانێکی گەورەیە و پایەگای زۆر بەرزتری تێدایە، ئەوا زۆرابی سەرۆکی قەزا دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوێ لەنێو تەنیاییدا بیر لە "گەورەیی زۆرتر" بکاتەوە. هەندێك جار بە تەنیا بۆ پیاسە دەڕوات و لە سروشتی ناسکی بەهاردا لە ژیانی خەڵکان و رابواردنیان دەڕوانێ. ئێوارەیەك زۆراب بە نێو دەشتدا دەگەڕێ و لە کەناری ئاوێکدا دەروێشێك دەبینێ. فەلسەفەی دەروێش ئەوەیە، کە تەنها جیهان وەك خۆ ماوەیە و "پیر نابێ"، بە پێچەوانەوە مرۆڤ پیر دەبێ و لەکاردەکەوێ. گەرچی مرۆڤ لەنێو سەرجەم زیندەوەرەکاندا، کە سروشت پەروەردەی کردوون، هەستی زۆرترە و هاوکات ئەقڵدارە، بەڵام هێشتا بڕێکی زۆر لە مرۆڤ وەك وەحشی ماوەتەوە، ئەوانەش کە باوەڕ دەکەن "تەکامولیان کردووە"، وەها نین، چونکە هیچ رۆڵێك ناگێڕن بۆ ئەوەی خەڵکانی نەزان لە نەزانی رزگار بکەن. سروشت بۆ دەروێش شوێنیکی کراوەی ژیانە، کە بە ویستی کردگارێکی سەرجیهانی دروستکراوە، هەروەها روانین لە گەردوونی بێدوایەکی زۆر جوانترە وەك لە روانینی ژوورێکی داخراو کە دەشێ زۆر شتی تێدا بێ مرۆڤ زۆردارانە پەیدای کردبن.

زۆراب گەرچی بە وشەکانی دەروێش "مات و مەلوول" دەبێ، بەڵام ئەو وشانە سەرەڕای ئەمە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لە ناخیدا جێناهێڵن، بە





پێچەوانەوە پلانی داهاتووی ئەوە دەبێ، کە چۆن سێ پارچە مولکی پیاوێك بە فێڵێکی نەخشەکێشراو داگیربکات.

زۆراب بۆ پایەگای بەرزتر لە پەیژەی پایەگا رەسمیەکاندا ئارامی لێبڕاوە، دەیەوێ بەرز ببێتەوە بۆ پلەی ئەندامی پەرلەمان یان وەزارەت. لە راستیشدا لەوە دەچێ کە ئیتر لە جیهانە گچکەکەی خۆی تێر بووبێ: ناوبانگی لە جیهانە گچکەکەی  قەزادا هێندە تەنیوەتەوە کە هەندێك کەس بەخوای دەزانن. ئەحمەد موختار ئەمە لە گفتوگۆی، راستر "لە دانوستاندنی" دوو منداڵەوە دادەڕێژێ کە تازە چوونەتە فێرگە.

" -تۆ ئەزانی خودا کێیە؟

ئەوی تریان ووتی:

- تۆ قسەی قۆڕ ئەکەی، چۆن نازانم؟ دیارە خودا رەئیسی قەزا زۆراب ئەفەندییە!

کە منداڵەکەی تر ئەمەی بیست دەستی کرد بە پێکەنین و ووتی:

- پەشیمان بەرەوە، زۆراب ئەفەندی عەبدێکی زەعیفە وەکو من و تۆ! خودا ئەوەتە کە لە هەموو جێگایەك حازرە و ئەم دنیایەی دروست کردووە، وە هەمیشە باقییە.

منداڵەکەی تر ووتی :

- جا ئەگەر زۆراب ئەفەندی خودا نیە، بۆچی هەزار ئەمر بدات ئیجرا ئەکرێت؟ وە بۆچی بە حیددەت و لوتفی هەموو خەلق رازین؟ سەبەب چیە کەس نیە هەقی خەلقی لەو بسێنن؟(...)

دووبارە ئەوی تریان ووتی:

- (...)نیهایەت ئەم زۆراب ئەفەندییە مەئمورێکە لە تەرەف حکومەتی خۆیەوە تەعین کراوە، قانوونێکی دراوەتە دەست معامەلەی پێ بکات. ئەمما چونکە لە موحیطی ئێمە قانونەکە بە زوبانی خۆیان نیە، وە لە مەعنای نازانن وە یاخود خوێن لە وجوودیاندا نیە، وە لە تەڵەبی هەقی خۆیان عاجزن (بێتوانان)، هەزار زوڵم و زۆر بکات کەس دەنگ ناکات، لەبەر ئەوەتە ئەوانەی کە بێ عەقڵن بە خودای ئەزانن. ئەگەر ئەو کابرایە کە تۆ بە خودای ئەزانی لە بەعزێ مەملەکەتی موتەمەدیندا بێ، حەتا حەماڵیشی دەست ناکەوێت.

(...)

- بۆچی لە زۆراب ئەفەندی عالمتر لەم موحیطەدا نیە؟

- بەڵێ هەیە، لاکین ئیحتمال ئەوەی کە وا ئەو قبوڵی ئەکا، خوێندەوارەکان تەحەمولی ناکەن! ئەمما هیچ عاجزیش مەبە رۆژێك ئەبێت حەقیقەت جێگەی خۆی بدۆزێتەوە و ئەم میللەتە فەقیرە بێدار بێتەوە و ئەم نەوعە میقرۆبانە دەفع بکەن، چونکە ئەم زوڵمە کە ئەمانە کردوویانە بە پیشە، ئاخری ئەهالی مەجبوور ئەبن بە فیکرکردنەوە بۆ پەیداکردنی رێگەیەکی نەجات، چونکە حەپس تا زیاتر ئەزیەتی بکەن زیاتر تفیکر ئەکاتەوە بۆ رێگەی وەسیلەی فیرار" (لا ٥٣ بەدواووە).

هێندە ناخایەنێ گفت بە زۆراب دەدرێ کە پایەگایەکی بەرزتری پێ بدرێ. دوا ئێپیزۆدی "مەسەلەی ویژدان" بریتیە لە سکاڵای دوو کیژ لە دەست کەسانیان، چونکە بە هۆی خوێنڕژانی نێوخێڵیەوە ناچار دەکرێن شوو بە دوو کوڕی ئەشیرەتی دوژمنیان بکەن، تاکو ئەم ئەشیرەتەش دوو کیژ





لە خۆیان بە دوو کوری کوژراوەکانی ئەشیرەتەکەیان بدات. بەڵام زۆراب ئەفەندی کە بیستەری ئەم سکاڵایەیە، دێتە بێژین:

"بێ خەبەر بوون کە خودا ئەوەندە سەبری هەیە هەزار شتی وەهای قبووڵ کردووە و ئەیکات، وە ویژدانیش تەنها ئیسمی هەیە و کەس بە چاو نەی دیوە! کوڕەکانی عەشیرەتی ئەو لا لەگەڵ کچەکان بیستبوویان من لەو رۆژانەدا وام لەوێ، بە هەر نەوعێك بۆیان مومکین بوو بوو، خۆیان نەجات دابوو و فیراریان کرد بۆ هاتنە لای من. ئەوەڵەن کچێکیان کە زۆر جوان و مەحبووبە بوو پێی ووتم: "جەنابی رەئیس ئەمڕۆ زۆر بەختیارین کە جەنابی عالیتان تەشریفی هاتووە بۆ ئەم ناوە، چونکە ئومێدمان وایە و بە تەحقیق ئەزانین کە هەقی مەزلۆوم لە زالم ئەسێنی". (٥٨ بەدواووە)

لێرەدا "مەسەلەی ویژدان" تەواو دەبێ!

## ٢

"ئێمە هەر چلۆن بووین ئەبێ وەها بین" - ئەمە شێوازی بیرکردنەوە و ژیانی ترادیسیۆنێکە کە باوەڕ دەکات بنەما ئەزەلیەکان پشتیوانی بن. "ئێمە هەر چلۆن بووین ئەبێ وەها بین" - ئەمە شێوازی بیرکردنەوە و ژیانێکە کە ریتمی باوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر دەستووری "راهاتن" درێژە پێدەدات. بەڵام ئەم شێوازەی ژیان و بیرکردنەوە لە جەوهەریەوە داڕزاوە، لەبەر ئەم هۆیەشە کە هەر نەوەیەکی نوێ لە ئامێزیەوە پێدەگات، ئەوا

ناگەشێتەوە، بەڵکو بەبێ شیمانەی قوتاربوون لێی بۆگەن دەکات. دەوڵەمەند و هەژاری ساختەچی و فێڵزان، خێزانی داڕزاو و دواکەوتوو، گوندی داڕزاو، قەزای داڕزاو، شاری داڕزاو، هەموو ئەمانە لەنێو پەیوەندییەکی دەوڵەتیدا، کە هاوکات ستروکتوری راستەقینەی خودی ئەو دەوڵەتە پێکدەهێنن - چونکە لەوان دروستبووە. بێگومان گەرچی سەرجەمی ئەو وڵاتە لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە بۆگەنی کردووە، بەڵام هاوکات کێشەی دیکەی جەوهەریی هەیە، ئەم کێشەیەش لەوەدایە کە دەوڵەت لە رووی نەتەوەییەوە هێتەرۆگێنە و تێیدا گەلێك بەسەر گەلێکی دیکەدا سەروەرە. ئاشکراترین سیمای ئەم سەروەرییە لەوەدا بەدی دەکرێ کە زمانی یاساکان، لە پێش ئەمانیشەوە زمانی ئایین، بەسەر گەلی ژێربەندەدا سەپێنراوە و ئاپووره لێی تێناگات. سەرجەم ئەمانە بە "پەرێنراوەیی" لەنێو "مەسەلەی ویژدان"دا سرەوتێنراون و ئەحمەد موختار لە دیالێکتیکی مرۆڤ و کۆمەڵەوە هەڵیان دەداتەوە.

"مەسەلەی ویژدان" لە دیدگەیەکی ئیسلامیی خاوێن و ئازادەوە لە ئیسلامی رەسمی داڕێژراوە، بە ئامانجی رەخنە لە تۆتالێتییەکی کۆمەڵایەتی، کە ناوەڕۆکی داڕزاوە و لەتەك مێژوودا رەت نابێ: رەتبوونێك لە ئیدیالی "تەقەدوم" و "تەمەدون"ەوە. هەر بۆیە منداڵ هیچ توانایەکی نیە پرسیارە خاوە منداڵیەکانی بگەشێنێتەوە و لەم پرسیارانەیەوە ژیانێکی خوازراو دابمەزرێنێ: ژیانێکی بەویژدان کە ئیتر دەرفەت نەبێ بۆ ئەوەی دیاردەکانی فێڵی زێنزی و ساختەچێتی لەنێو منی مرۆڤدا بنیشن.

ئایا بۆچی ئەم نێوەندە کۆمەڵایەتیەی من تێیدا دەژیم هێندە داڕزاو و بێویژدانە و تەنها ساختەچیەکان لەنێویدا بە سەروەریی دەگەن؟ ئایا من





چیم لە دژی ئەم بەدپەیوەندییانە پێدەکرێ؟ چاکترین دەسوێژی ئەحمەد موختار بریتیە لە چیرۆکی هونەری، چونکە کێشەکەی ئەو لە ناوەرۆکەوە هزرییە و لەنێو هۆشی هونەرمەندانەیدا هەژاوە. ئەحمەد موختار بڕیار دەدات فیگوری زۆراب بخولقێنێ و فرێی بداتە نێو کۆمەڵەوە.

زۆرابی ئەحمەد موختار هەر بە منداڵی لە رووی ئەقڵ و پرسیاری بنەماییەوە لە سەردەمەکەی جیادەبێتەوە. نووسەر لەم نەسازییەوە، بەڵام بەرێی پەیوەندییەکانی بازاڕەوە، فێنۆمێن و بەدپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. منداڵێکی هەتیو بیرناکاتەوە، کە هەتیو پێویستە دەمی بگرێ و ئاوڕ لەو بەدگەریانە نەداتەوە، کە ئەو هەموو رۆژێك دەیان بینێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەك کەسێکی بزێو تێروانینی خۆی بەرانبەریان دەردەبڕێ و لەنێو ئەزموونەکانی بازاڕدا گۆڕانیان پێدەدات. زۆراب هێدی هێدی دەگات بە پێزانینێك، کە خستنەگەڕی مەکینە لە بەرهەمهێناندا رێژەی قازانج بەرز دەکاتەوە. بەڵام ئەمە کێشە جەوهەریەکەی "مەسەلەی ویژدان" نیە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە، کە لە وڵاتەکەی زۆرابدا هەق و داد و ویژدان ژێرپەڕیون، هەروەها ئەوەشە کە تەنها "دەسەڵات"جەوهەر و پاڵهێزی هەر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێ. کێشەکە بریتیە لە سەرکەوتنی دەسەڵاتخوازیی ناخی کەس. ئەوەی بیەوێ پلە بە پلە بەرزبێتەوە، دەبێ "گورگ" بێ، یان ئەوەتا وەك "مەڕ" دەمێنێتەوە و دەخورێ. بەڵام ئێمە تەنها ئەم دوو ئەنتیتێزەمان نیە، بەڵکو توخمێکی دیکە هەیە و لە هەردووکیان کاریگەرترە: "رێوی". سەرکەوتن بەسەر پلە ئۆبژێکتیڤیەکانی دەسەڵاتدا رووەو سامان و ناوبانگ، بەبێ دەسوێژە ئامرازیەکانی فێڵ و ساختەچێتی سەرناگرێ، هەر لێرەشەوە

دەبێ لایەنە گورگییەكە قەپ بگرێ. بەڵام ئەحمەد موختار - لە خوارەوە روونتر ئەم كێشەیە دەبینین - ئیدیالە پێچەوانەكەی خۆی بەم بنەمایەی دەسەڵاتخوازییەوە دەلكێنێ، ئەمەش لەسەر زەمینەی پرنسیپی ویژدان: ئەم ئیدیالە بریتیە لە هینی كۆمەڵێكی رزگاربوو لە چەوسانەوەی هێزێكی غەریبی دەرەكی و هاوكات دامەزراندنی كۆمەڵگایەكی ژیاریی.

ئەحمەد موختار مرۆڤی سەردەمەكەی وەك كردارنوێنی ساختەچی و گورگئاسای دەسەڵاتخواز یان وەك بوودەڵەی نامۆبوو دەبینێ، ئەمەش لەنێو كۆمەڵگایەكی دواكەوتوو و دەوڵەتێكی زۆرداردا كە تێیدا - زۆر بە پاشینەیی - كێشەی رزگاریخوازیی گەلێكی دیكە لە ئارادایە. بەڵام ئەحمەد موختاری هونەرمەند و منەوەر لە روانگە جوداكەی خۆیەوە، كە "پرسیاری خاوێنی"یە، هەڵوێستێكی هزریی بەرانبەر ئەو كۆمەڵە و تێفكرین و رەفتارە ترادیسیۆنییەكان هەیە، ئەمەیش لە گۆشەی ژیانی خاوێنی منداڵیەوە دیاری دەكات. بۆیە ئەوە بەرێكەوت نییە كە نووسەری "مەسەلەی ویژدان" هەتیوێكی هەڵبژاردووە. مرۆڤی هەتیو ئازادانە لەنێو كۆمەڵدایە و پتر شیاوی ئەوەیە بكەوێتە بەردەم كۆسپەكانی ریالێتی. منداڵی هەتیو بە زەرووره بزێو دەبێ و زۆر جار دەشێ ببێ بە مایەی نارەحەتی. سەرەتا ئەم هەتیوە لەخواترس و ژیرەیە كە وەك دژبەری كۆمەڵگای بۆگەنكردوو هەڵوێست وەردەگرێ و هەر خۆی هێدی هێدی لە پرۆسەی كاردا بۆگەن دەكات (ئەحمەد موختار بۆگەنی دەكات).

زۆراب دێتە ژیانەوە، بەڵام منداڵییەكەی زوو دەمرێ، چونكە هەتیو دەكەوێ و خزمەكانی "لە ئینسانیەتی خۆیانەوە" لای لێ دەكەنەوە، ئەمەش نەك هەتا سەر، بەڵكو هێشتا منداڵە و خزمەكانی بە گوێیدا دەدەن،





كە گوایە "بووە بە پیاو" و كاتی ئەوەی هاتووە گوزەرانی خۆی دابین بكات. زۆرابی هەتیو بەم شێوەیە فڕێ دەدرێتە نێو جیهانی سەختەوە. بەڵام دوو جار كەسانی دی لەنێو تەگەرەكانی جیهاندا بەهانایەوە دێن: جارێك پیاوێكی چاكەخواز، كە لە لای بازرگانێك كارێكی بۆ دەدۆزێتەوە، جارێكی دی كەسێكی نێگەتیڤی چالاك لەنێو بەرژەوەندیەكانی رۆژگاردا. زۆراب نزیكەی لەم دۆستەی دەبیستێ: برام بەسە ئیتر! تۆ بۆ ئاوها دەكەیت؟ بەسە وازبێنە لە چەنەبازی دەربارەی داد و ویژدان و هەقیقەت! بڕۆ خۆت بە زمانلووسیی لە سەروەران نزیكبخەرەوە! بڕۆ تەشەبوس بكە! من وەك دۆستت هەموو كارێكت بۆ میسەر دەكەم! دیاری دەبەین بۆ رەئیس! گەر دەتەوێ بەختیار بیت، ئەوا دەبێ خۆت لەتەك شوێنەواردا بگونجێنیت! — "بەڵێ، ئەمە ڕاستە كە تۆ دەیڵێیت!. مرۆڤ بۆ ئەوەی ،،مەسعود،، بێ، ئەوا دەبێ ،،تابعی موحیط بێ!،،"

ئەوەی بە هانای زۆرابەوە دێ كەسێكە، كە دەتوانین بە زمانی ترادیسیۆنیی ناوی بنێین" كوڕی كۆن" یان "كردە"، واتا كەسێك كە فێڵزانانە جێگەی خۆی لەنێو شوێنەواردا كردۆتەوە و هەردەم بە خۆمەڵاسدراوی چاوەڕوانی هەلە. بەبێ گومان كێشەكە ئەوە نیە كە ئەم كابرایە زۆراب تێكبدات و وەك فێڵزانێك لە پرسیاری ویژدان و هەستی ئیمانداری دووری بخاتەوە. زۆراب پێشتر لە رەوتی ئەزموونەكانیدا "هەتا رادەیەك بێدار بۆتەوە"، هەروەها لە نێوەندێكی كۆمەڵایەتی ئەوتۆدا دەژی، كە تێیدا هیچ شتێك بەبێ پەیوەندییە مرۆڤیەكان بەڕێوەناڕوات. ئەم پنتەی چیرۆكەكە زۆر گرنگە، بۆیە شیكاریی ووردی گەرەكە.

کێشەکانی زۆراب هەتا یەکەم کاری سەربەخۆ، واتا ئەرزوحاڵچێتی، هێندە پڕکۆسپ نین، جگە لەمە هەر جارە بازرگانێك "وەستایەتی" و هەرچۆنێك بێ پاڵپشتێتی. بەلاَم زۆراب لەتەك یەکەم کاری سەربەخۆدا ئیستیفزاز دەبێ. کاتێك زۆراب هەتا کاتی خستنەگەڕی خەتەکەی تەنها پرسیاری ویژدان و دادپەروەری و پێشکەوتنی دەکرد، یان بیری لە دواکەوتوویی خەڵکان دەکردەوە، ئەوا لەتەك یەکەم هەوڵی کارکردنی سەربەخۆدا دەبینێ، کە خەتەکەی هێندە ئاسان گوزەرانی دابین ناکات. بەڵێ، لە راستیدا گوزەرانی ئەو دابین دەکات، بەلاَم ئەمە لەنێو ئەو کۆمەڵەدا پڕکێشەیە، چونکە دەوڵەت مزەوەرە و ئەو کەسانە لە نێویدا دەکەونە هاڤرکێی دەسەلاَت، کە خاوەنی "کوێرەخەت" یان نزمییەکی دیکەی بەم چەشنەن، یان بە بەرتیل و مەرایی پشت بۆ خۆیان دەهێننە ئاراوە. کەواتە گەر زۆراب بەراستی بییەوێ تەکنیکی خەتەکەی لەو نێوەندەدا بخاتە گەڕ، ئەوا "ناچار دەکرێ" کە "تابعی موحیط" بێ، واتا بەرتیل بدات، ساختەچی بێ، بەگشتی "ماچ و پاشقول" بکات بە دەسوێژی تەشەنەدان بە دەسەلاَتەکەی. پەڕینەوەی زۆراب بۆ ئەم جۆرە بەدئاکارە بەسەر پردێکی پسیکۆلۆژیانەدایە: "ئەو مەسلەکانەم زۆر لا ناخۆش بوو" (لا ٣٣). کێشەکە بریتیە لە هەڵگەڕانەوەیەکی دیالێکتیکیانە (نەك گۆڕانێکی کوێر و راستەوخۆی لەخشتەبردوو) ی پرسیارە بنەماییەکانی ویژدان و دادپەروەری و تەقەدوم بۆ تێڕوانینی خۆویستانەی دووەم، کە تێیدا مۆتیڤی دەسەلاَتخوازیی زۆراب هەمیشە پتر، پلە بە پلە، پەرە دەسێنێ و دەگاتە رادەیەکی ئەوتۆ، کە ئیتر بە تەواوی تووشی نامۆبوون لە خۆی و مرۆڤ و





جیهان دەبێ: ئەوەی زۆراب لە هەر پلەیەکی دەسەلاَتدا دەبینێ، بریتیە لە پلەیەکی بەرزتر.

چیرۆکی "مەسەلەی ویژدان" بەرانبەر پرۆسەی ئیستێتیکیی سەردەمەکەی زۆر نوێیە، ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێ، کە ئەحمەد موختار زۆرابێك دەخولقێنێ و فڕێی دەداتە نێو جیهانەوە، ئینجا لە پەیوەندیی نێوان ئەو و شوێنەوارەوە گۆڕانی پسیکۆلۆژیانە و ژیانی دەرەکیی ئەو فیگورە دادەڕێژێ، لەم رێیەشەوە فینۆمێن و بەدپەیوەندییە کۆمەلاَیەتیەکان دەخاتە ژێر رەخنەوە، بەلاَم بە هیچ شێوەیەك لە فۆرماندنی چیرۆکەکەیدا رەچاوی ئەقلیەتی ترادیسیۆنی ناکات، بۆ نموونە لەو واتایەدا، کە نەوێرێ زۆر دەست لە مرۆڤێتیی زۆراب بدات یان هەندێك رەوایەتی بداتە پاڵ دیاردە و بەدپەیوەندیە کۆمەلاَیەتیەکان. بە پێچەوانەوە، ئەحمەد موختار ئاسۆیەك بە رەخنە رادیکالەکەیەوە دەلکێنێ، کە برێتیە لە ئاسۆی کۆمەڵگایەکی مەدەنی.

سەرهەڵدانی "مەسەلەی ویژدان" دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٢٧-١٩٢٨. نووسەر لە ساتێکی تایبەتی ژیانیدا دەکەوێتە تێفکرینی ئێستێتیکی لە فیگوری چیرۆکێك کە وەك کوڕێکی ناسك و سەغڵەتکەر لە ترسەپرسیاری ویژدان و شەریئەتەوە روو لە شوێنەوار دەکات و بەم رێیەوە شوێنەوار دەناسێ، ئینجا هەمان ئەم مرۆڤە بۆگەن دەکات و هەستی ناڕەوایانەی دەسەلاَتخوازیی ناخی دەتەنێ. نووسەری "مەسەلەی ویژدان" پەیوەندیی نێوان پرنسیپی "خاوێنی" و بەدگەریی کۆمەلاَیەتی ئاوەلاَدەکات، لەم پرنسیپی خاوێنییەوە بنەما هزرییەکەی خۆی دابین دەکات و لەسەر بناغەکەی چیرۆکەکەی دادەڕێژێ (ئەمە هەمان ترادیسیۆنی خانییە). ئەحمەد موختار دەبێ لە

پێش و لەو کاتەدا، کە "مەسەلەی ویژدان"ی نووسیوە، کەوتبێتە زۆرانێکی سەختەوە لە دژی ئەو شوێنەوارە، دەبێ خەفەتی (خەفەت وەك بنەمای سەجەم هونەر) ئەم کێشانە پاڵی پێوە نابێ بە خولقاندنی فیگوری زۆرابێك ئەو ترادیسیۆنە ئەتك بکات، کە ئەو خۆی بە شێوەیەکی ریال دژی وەستاوەتەوە و ئێستاش لە هونەردا تەقاندبێتیەوە. لێرەدا لایەنێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە ئەحمەد موختار لەم زۆرانبازییەدا مووچەوەرگرێکی گچکەی خوارەوە نیە، بەڵکو وەك بەگزادەیەکی منەوەر و پایەگاداری بەرزی نێو دەوڵەت دەکەوێتە دارشتنی چیرۆکێکی هونەری، بەڵام چیرۆکێك کە بە مەبەست رۆشنایی بە جمهور دەدات. واتا نووسەر تەنها بۆگەناوی سەردەمەکەی هەڵنامالێ، بەڵکو هاوکات مەبەستێك بە هونەرەکەیەوە دەلکێنێ کە رۆشناییە.

بزووتنەوەی رۆشنایی بۆ دووەم جار (یەکەم جار لە گریکی کۆن لە لایەن سۆفستەکان) لە ئەوروپای سەدەی هەژدەیەمدا وەك پرۆگرامی پێشخستنی مرۆڤ و کۆمەڵ گەشایەوە و هێدی هێدی بە رۆژهەڵات گەیشت، بەڵام بەزۆری لە فۆرمێکی سیاسی و لاساییدا، بەبێ ئەوەی مرۆڤ بیر لە ناوەرۆکەکەی و شیمانەکانی ئەنجامدانی بکاتەوە. چونکە رۆشنایی وەرچەرخانە لە پەیوەندییە بە ئەزەلی دیاریکراوەکانەوە، یان لە پەیوەندییە ترادیسیۆنییە سەپێنراوەکانەوە رووەو خودی مرۆڤ و گرتنی مرۆڤێتییەکەی، لێرەشدا کەس وەك کەرتی سەرجەمێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی لەو سەرجەمە دەردەکێشرێ، ئەمەیش هەڵوێستێکە کە هەتا ئەمڕۆ دەگمەنە نووسەرانێك دەوێرن توخنی بکەون. ئەم تێروانینە ئەحمەد موختاری "مەسەلەی ویژدان" دەگرێتەوە و هۆشی رۆشنگەری





بەچاکی لە چیرۆکەکەدا دەردەکەوێ: مرۆڤێك کە بە تەنیا دەچێتە نێو جیهانەوە و لە لایەن کۆمەڵەوە بۆگەن دەکرێ، ژیانی ناخیی ئەو مرۆڤە، راڤەی پەیوەندیە نێومرۆڤیەکان و "بەرپرسیارکردنیان" بۆجۆری ئەقڵیەت و ئاکاریان، هەروەها هێنانی رێنوما سەپێنراوە ئایینییەکان بەرێی کێشەی زمانەوە بۆ ژێر پرسیار، بەڵام ئەمانە سەراپا - ئەمە پرسیارێکی فەلسەفیانەیە - لە "ئیدیالێکی ئایینی ئیسلامیی ئازادەوە لە ئیسلامی رەسمی یان ترادیسیۆنی" دادەڕێژرێن (کێشەی ئایین و زمان لە چیرۆکەکەدا بەڵگەی ئەم تێڕوانینەیە). هاوکات لێرەوە ئیدێی پێشکەوتن و ژیاریی لەم پەیوەندیەی نێوان تاك و کۆمەڵەوە بەرجەستە دەکرێ و شێوازی ژیانی ترادیسیۆنی ئەتك دەکرێ.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئاخۆ ئەحمەد موختار مەبەستە هونەریەکەی پێ بەدیهاتبێ. گەر پێی بەدینەهاتبێ، ئەوا هۆکەی چیە؟

ئەنجامدانی هونەریی "مەسەلەی ویژدان" فۆرمی ژیاننامە (بیۆگرافی)ی هەیە، کە لە زایینی زۆرابەوە سەرەتا دەگرێ و لە پلەیەکی ئاڵۆزی ژیانیدا دەقرتێ، بەڵام فۆرمە بیۆگرافیەکە لە شێوەی "ئیعتراف"ی فیگورەکەدا دێتە دارشتن. بەڵام لەبەر ئەوەی "ئیعتراف"ی خۆیی هەمیشە دوای گەڕانەوە لە بەدگەری یان کارەساتێکی سامناك یان بەزۆر دێتە ئاراوە، ئەوا نەبوونی ئەم بڕەرە ژمارەیەك پرسیار دەهێنێتە پێشەوە. جگە لەمە ئێمە کێشەی تەواونەبوونی "مەسەلەی ویژدان" وەك دەربڕینێکی زۆر رواڵەتی و هۆشساکار لە لای کۆنەکان بەدیدەکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆنەکان لەم سەردەمە دارزاوەدا چیدی توانای ساغکردنەوەی کەلەپووری ئەدەبیان نەماوە (چونکە کێشە هزرییەکانی سەردەم سەرەتا نیشانەی بێبنجبوونی

بیركردنەوەی ئەوانە)، ئەوا ناچار دەبین تەنها بابەتە هونەریەكە وەربگرین و بیخەنە ژێر دانوستاندن.

سەرەتا لایەنێك ئاشكرایە، كە نووسەر زۆرابە و هاوكات زۆراب نیە. ئەحمەد موختار زۆرابە، چونكە لەنێو هۆشی خۆیدا خولقاندوویەتی، بەلاَم ئەحمەد موختار هاوكات زۆراب نیە، چونكە ئەم فیگورە پالەوانێكی هونەرییە. كاتێك نووسەر دەست دەداتە پێنووس (بەتایبەتی لەم فۆرمە هونەریەی "مەسەلەی ویژدان"دا كە "من"- فۆرمە)، ئەوا لەتەك یەكەم ووشەی داڕێژراوی چیرۆكەكەیدا لە خۆی جیادەبێتەوە: "ویلادەتم لە قەزای ە بوو". ئێستا ئەو زۆرابە لە پەیوەندی و دیالۆگەكانیدا دادەڕێژێ، كە لەنێو هۆشی خۆیدا پەیوەست بە پەیوەندییە كۆمەلاَیەتییەكانەوە "بیری لێكردۆتەوە". بەلاَم ئەحمەد موختار ئەم جیابوونەوەیەی لە خۆی هەتا سەرەتاكانی بەدبوونی زۆراب "تا رادەیەك" بە گونجاوی پێ بەدیدەهێنرێ، چیرۆكەكەی لێرە بەدواوە دەشێوێ، ئەمەش بەتایبەتی لە گفتوگۆی ئەو دوو مندالەدا دەردەكەوێ، كە تازە چوونەتە فێرگە، بەلاَم وەك مندالَ نادوێن، بەلَكو وەك دوو گەنجی پێگەیشتوو، لێرەشدا نووسەر یەكێكیان وەك رۆشنبیر و خەباتگێڕ دیاری دەكات.

نووسەری "مەسەلەی ویژدان" لەنێو چیرۆكەكەیدا پرنسیپی خۆویستیی مرۆڤ تیژ دەكاتەوە و دەیخاتە پەیوەندییەكی دیالێكتیكیەوە لەتەك شوێنەواری دوژمنی ژیارییدا، واتا شوێنەوارێكی كۆمەلاَیەتیی ئەوتۆ، كە هەر تاكە كەسێكی نێوی چ بە خۆی و چ بە كەسانی دیكەی دەوری نامۆیە: فێلَ و ساختەچێتی لە هەموو نێوەندەكاندا خۆنوێنن؛ تەنانەت ئاپورەی فێلَلێكراو فێلَ لە ئاغای زۆردار دەكاتەوە. ئاشكرایە دانانی ئاسۆ لەم





پەیوەندییە نێومرۆڤییەی نامۆبوونەوە بە زەرووره پرسیاری "بێداربوونەوەی خەلَكان" لەتەك خۆیدا دەهێنێ. پالَهێزی ئەم بێداربوونەوەیە لە لایەك ریالێتییەكەی خەلَكان خۆیانە، كە بە هێزی چەوسێنەرانەی وایان لێدەكات بیر لە رێگەی رزگاریی بكەنەوە، بەلاَم پالَهێزەكە لە لایەكی دیكە ئەو منەوەرانەیە كە ئامادە نین خۆیان وەك زۆراب ئەفەندی بۆگەن بكەن، هەر ئەمانیشن كە یارمەتی ئاپوورەی فێلَزان و فێلَلێكراو دەدەن بێداربێتەوە و خەباتی رزگاریخوازییەكەی بە دامەزراندنی كۆمەلَگایەكی مەدەنییەوە بلكێنێ. كەواتە لەبەر ئەوەی ئاسۆكەی ئەحمەد موختار روو دەكاتە "رزگاری و پێشكەوتن لەسەر بناغەی ویژدان"، هەروەها لەبەر ئەوەی زۆراب كەوتۆتە "ئیعتیراف"ی بۆگەنكردنی خۆی لە لایەن شوێنەوارەوە، ئەوا پرۆژەی "مەسەلەی ویژدان" دەبێ بەرەو كۆتایی ببرێ.

پرسیارێك ئەوەیە، كە هۆی چیە ئەحمەد موختار لەو چەند ووشە ئیرۆنیەی كۆتاییدا دەوەستێ؟ واتا: "ویژدان تەنها هەر ئیسمی هەیە و كەس بە چاو نەی دیوە!" ئایا ئەحمەد موختار بە پێكەوەلكاندنی رەخنەی رادیكال لە سەردەم و دانانی ئاسۆی پێشكەوتن و مەدەنییەت، كە دژبەرن و چارەسەری هونەری زەروور دەكەن، نەكەوتۆتە تەلَەیەكەوە كە رێی پێنەدات هونەرەكەی ریالیزە بكات؟ دەبێ ئەم پرسیارە بكەین، چونكە كێشە هونەرییەكانی "مەسەلەی ویژدان" بەتایبەتی لە كاتی بۆگەنبوونی زۆراب بەدواوە لە ئارادان و چارەسەر نەكراون. لە لایەك ئیرۆنیەكەی زۆراب، واتا " خودا ئەوەندە سەبری هەیە هەزار شتی وەهای قبوولَ كردووە و ئەیكات، وە ویژدانیش تەنها هەر ئیسمی هەیە" (زۆراب لێرەدا زانینە ئەزمونیەكەی

یەکدەخات) لەتەك ڕەوتی داڕشتنەکەدا گونجاوە، بەڵام لە لایەکی دی لەتەك هەمان زانیندا پرسیاری هۆی سەرهەڵدانی ئەو زانینە و ئینجا ئەو "یەکاڵا بوونەوە" یە دێتە ئاراوە کە بەدوویدا دەکەوێتە "ئیعتیرافەکەی". ئێمە لە کۆتاییەوە نزیکین، تەنانەت دەتوانین ئەمە وەك سەرەتای کۆتاییەك ببینین، بەڵام پرسیاری بەشێکی وونبوو بێهودەیە.

جەوهەریترین کێشەی هونەریی "مەسەلەی ویژدان" ئەوەیە، کە داڕشتنی چیرۆکەکە دوای تەنیاکەوتنی زۆراب لە رووی فۆرمەوە شێواوە: ڕەوتەکەی خێرابووە. بێگومان تەشەنەی ئەزموونەکانی زۆراب سەرەنجامی تەنیاکەوتن و لێرەشەوە بزێوبوونێتی، بەڵام داڕشتنی ئێپزۆدەکان بە شێوەیەك نیە کە فۆرمی خۆیان وەرگرتبێ، بەڵکو شێواوییەکی هونەری لە رووی "کات"ەوە هاتۆتە ئاراوە، بازدانەکان یان پەڕینەوەکان نزیکەی شێوەی ریزکردنیان هەیە. لەبەر ئەوەی ئەم کێشە هونەرییە لەم بەشەی دووەمی ژیانی زۆرابدا هەیە، ئەوا دەبێ پتر بیر لە کێشەی دیکە بکەینەوە، واتا پرسیاری "نەبوونی دەرفەتی پێداچوونەوە" یان پرسیاری "ئێکسپێریمێنتی ئەدەبی"، ئەم پرسیارەش بێگومان پەیوەست بە لایەنێکی جەوهەریی دیکەوە، کە بریتییە تەنگژەی کۆمەڵایەتیی ئەحمەد موختار.

پرسیاری ئێکسپێریمێنتی هونەری وەڵامەکەی لەنێو خۆیدایە. بەڵام پرسیاری تەنگژەی کۆمەڵایەتیی ئەحمەد موختار بۆ پرسیاری دیکەمان دەبات: پرسیار سەربارەت بە ناکۆکیەکانی ئەو لەتەك شوێنەواری دوژمنی مەدەنییەتدا، ئینجا پرسیاری گیرانی ئەو لە لایەن شێخ محمود، پاشان پرسیاری "هۆ"ی کوژرانی و پرسیاری کەسی (؟) یان دەستەی بکوژی. تروسکەی چەند وەڵامێکی ئەم پرسیارانە دەئەنگوتێ، گەر مرۆڤ "پاکانەی





دەستی ناپاك" وەلاوە بنێ و بکەوێتە توێژینەوەی ناکۆکییەکانی دەسەڵاتخوازانی ئەو سەردەمە ـ لەنێو هۆزی جاف و لە دەرەوەیدا.

### *سەرچاوە*

ئەحمەد مەختار جاف. مەسەلەی ویژدان. پێشەکی و لێکۆڵینەوە: دکتۆر ئیسحان فوئاد. بەغدا، ساڵی ١٩٧٠

هەمان نووسەر. دیوان. ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی: پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ. بەغدا، ساڵی ١٩٨٦

## وازییەکی تیۆرییانەی ئەدەبی لەتەک "چەخماخە"ی سمکۆ ناکامدا





١

شانۆنامەی "چەخماخە" بابەتی لێکۆڵینەوە نییە، چونکە نووسراوەکەمان لە بەردەستدا نییە، بەڵکو لە "تەمسیلییە"کەوە لەتەکیدا دەکەوینە خەریکگەریی تیۆرییانەی ئەدەبی بە ئاراستەیەکەوە ڕووەو وەرگر، بەڵام هاوکات وەرگریش ئاراستەی ئەو دەکەینەوە. هەوڵێکی بەم چەشنەی نووسین دەربارەی بابەتێکی ئەدەبی تەنها لەتەك کۆمیدیادا دەشێ، واتا لەتەك ئەو گێنرەی ئەدەبدا، کە تێیدا تێکست و نواندن بە شێوەیەك دەچرژێنە نێو یەکترییەوە، کە ئیتر تێکستەکە بەبێ نواندن بۆ وەرگر مایەی وەڕسی دەبێ. خوێنەری کۆمیدیایەك بەدەگمەن ئەو چێژە دەبینێ، کە لە هەمان کۆمیدیای بە کردار نوێنراودا دەیبینێ، ئەمەش بە پێچەوانەی تراژیدیا، کە بەبێ نواندن قووڵییەکانی خۆی بە خوێنەر دەگەیەنێ.

گرنگترین سیمای کۆمیدیا بریتییە لە سروشتە "دیالۆژی-دیمۆکراسییانەکەی". بەڵام ئەم سیمایە هەمیشە لە شێوەی ڕەخنە و یوتۆپیادا دەردەکەوێ، ئەویش چونکە کۆمیدیا خۆی زۆر پتر لە تراژیدیا بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە. ئەمە ئەو واتایە ناگەیەنێ، کە کۆمیدیا سەرەڕای سیما دیمۆکراسیانەکەی تەنها پەیوەندیی بە ڕوودانگەوە هەبێ و ڕۆڵە ئیستێتیکییەکەی خۆی وەلاوە بنێ، واتا خۆی بکات بە "چەرەس"ی کاتبەسەربردن و وەرگر، جا سەر بە هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی بێ، وەك تووتی بیلێتەوە و گۆلزەکانی خۆی پێبڕازێنێتەوە. گەر کۆمیدیا لەتەك هەمووانـدا بدوێ، گەر هەموو یەکێکی ئازاد لە کۆمیدیادا دەنگی خۆی هەبێ، جا با وەرگر خۆی هەرگیز بە هەقیقی نەیەتە سەر شانۆ،

بەڵکو نووسەر بینەرانی خۆی لە چەندین شێوەی جیاوازدا بهێنێتە سەر شانۆ و دەرفەتیان بۆ ئاوەڵا بکات بە هەمەلایەنیترین شێوە بدوێن، ئەوا کۆمیدیا سەرەڕای ئەمەیش داوای تێگەیشتنێك لەسەر خۆی دەکات: خۆی وەك هونەرێك، کە هەمیشە ئاڕاستەیەکی ڕووەو داهاتوو وەرگرتووە.

سەبارەت بە وەرگر ئاشکرایە، کە ئەو بەگشتی، بە کەسانی سادە و ساویلکەشەوە، حەزی لە کۆمیدیایە. بەڵام تراژیدیا بە پێچەوانەوە وەرگرێکی داخراوی هەیە و ڕاستەوخۆ سەر بە نێوەندی هونەرییە. لەبەر ئەم هۆیەیە، کە کارەکتەرێکی مۆنارشیانە بە تراژیدیا دەدرێ. بێگومان ئەمە ئەو واتایە ناگەیەنێ، کە کۆمیدیا سەر بە هونەری نزم بێ، ئەویش چونکە گوایە مرۆڤی نزم دادەڕێژێ نەك وەك تراژیدیا مرۆڤی بەرز و جیددی. گرنگ سەبارەت بە کۆمیدیا ئەوەیە، کە واتای ئەم گێنرەی ئەدەب بەتایبەتی لەو سەردەمانەدا، کە زەرووەرەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە، پەرەدەسێنێ، کۆمیدیا هونەرمەندی خۆی دەدۆزێتەوە و هونەرمەندیش هانای بۆ دەبات.

بێگومان زۆر زەحمەتە کۆمیدیا بە پێوری ئیدیۆلۆژیانە دیاری بکرێ، بۆ نموونە لەو واتایەدا، کە بەرهەمێکی کۆمیدیایی تەنها خەریکی ڕوونکردنەوەیە و ئامانج بەدەستەوە نادات، ئەمەش بە پێچەوانەی تراژیکۆمیدیایەکی وەك "لانەوازان"، کە تێیدا "ڕەفیق"ی پێشڕەو بە یارمەتیی هەزاران هەوڵدەدات جیهانی کۆن برمێنێ و جیهانێکی نوێ لە بناغەوە هەڵبەستێ. بابەتی کۆمیدیا لە بنەڕەتدا ئاییندەیە، هەر بۆیە وازییەکی ئازاد لەتەك ئامادەدا دەکات و لە ناخیدا یوتۆپیایەك دەگرێتە خۆ، کە وەرگر دەبێ بیناسێتەوە، ئەم یوتۆپیایەش هیچی دیکە نییە جگە لە





ڕووی پشتەوەی ئەو بەدگەرییانەی کە کۆمیدیا بە ڕەخنە کرۆییەکەی تێکیاندەشکێنێ.

٢

پەیوەندییە باوەکانی ڕۆژانە لە شوێنێکدا (چایخانەیەکدا) خرۆشاون، چونکە کەسێکی "دەرکەوتوو" هاتۆتە نێو پەیوەندییە ڕاهاتووەکانی ئەو شوێنەوە، لێرەشەوە لەبەر ئەوەی ئەو کەسە دەرکەوتووە، ئەوا سەرنجی هەمووانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. دیاردانی کەسی دەرکەوتوو و بەندکردنی خەڵکان بە خۆیەوە، هاوکات لە ئەنجامی خرۆشانی پەیوەندییە ڕاهاتووەکاندا، وا دەکات کە هەقیقەتی نوێنەرانی خودی ئەو پەیوەندییانە ئاشکرا ببێ: ترس و جەبانی، ساویلکەیی و مەرایی، ساکاریی تیاچوو، دیاردەدەن. یەکێك تەنها خەریکی بەرژەوەندییەکانێتی و ئامادەیە بۆ پارێزگاری و تەشەنەیان ڕێگەی بازرگانیی فێڵزانانە (قاچاغچێتی) بگرێتە بەر، هاوکات لە فرۆشیارییەکەیدا هیچ گرنگییەك بە یاسا خوایەتییەکانی نادات، بەڵام بەرواڵەت لەنێو خەڵکاندا دەیاننوێنێ. گەنجە بێکارەکان ساتەکانی بێکارییان بە یاری و دەمەقاڵە بەسەردەبەن و خۆزگەی چاوێکی ئەرێدەریانە، تاکو ڕێزێکیان لەو نێوەندە کۆمەڵایەتییەدا بۆ چێبکات. ئەفەندییەکان ژێرکەوتوون و خۆیان لە نەسازییەکی ناخسوێدەردا دەبیننەوە: ئەمانە نە دەتوانن جارێکی دی "شەرواڵی" بن و نە دەتوانن حەزە خۆییەکانیان ریالیزەبکەن، نەخێر، دەبێ تەنانەت مەرایی بۆ "دەمانچەییە" شەرواڵییەکان بکەن، چونکە لێیان دەترسن. ئەفەندییەکان

ناچارن بەقوربانیان بن، بەساقەیان بن، مەسرەفیان بكێشن، هەر لەبەر ئەم هۆیە دەروونێكی سووكیان هەیە، بەهۆی چرووسانەوەیانەوە لەنێو ئەو نەسازییە سوێبەخشەدا سروشتێكی ساختەچی و فێڵزانیان وەرگرتووە.

جەبانی ژیانی نێو چایخانەكەی سمكۆ ناكامی تەنیوە. مرۆڤ لەنێویدا هەم بە "فشە" زۆرداری دەنوێنێ و هەم ناخی خۆی بە هەستێكی جەبانانە حەشار دەدات. بەڵام گەرچی جەبان تەنها بەرواڵەت سەروەرە، كەچی ئەم سەروەرییەی شێوە-بوون-ێكی وەرگرتووە: شێوەبوونێك لە دیدی كەسانی دیكەوە. بەڵام رواڵەتەكان هەر ئاوها نامێننەوە، فشە و جەبانی هەر دەردەكەون، كەچی سەرەڕای ئەمەیش هەقیقەت ئاوەڵا نابێ، بەڵكو بە پێچەوانەوە فشە و جەبانییەكی دیكەی بەهێزتر و سامناكتر لەوەی پێشوو دەردەكەون.

كێشەیەكی دیكەی ئەم نێوەندە داڕزاوە ئەوەیە، كە زەبری هێزێكی غەریبی دەرەكی بەسەر ئەو خەڵكانەوە زیتبۆتەوە و ترسیان بەرەو ژێر بۆ دەپەخشێنێ. بەڵام ئەمە كێشەیەكی سەرەكی نییە، بەڵكو تەنها لەپاڵ ئەو ریالێتییە درۆزنەدا كێشەیەكی دیكەی سامناكە، بەڵێ تەنانەت پاشینەییە. گرنگ ئەوەیە، كە ئەم هێزی غەریبی دەرەكییە لای ئەوان هەر غەریب دەمێنێتەوە. هەتا ئەو رادەیەی سەروەرە، ئەوا ترس دەپەخشێنێ، هەتا ئەو رادەیەی پێیان غەریبە، ئەوا دەبێ لێیان بترسێ و هەوڵ بدات غەریبێتییەكەی بە كەمێك ناسینیان كەمبكاتەوە. بەڵام ئەو كەسەی بەرەنگاری هێزی غەریبی دەرەكی دەبێتەوە و غەریبێتییەكەی لەنێو خۆیاندا دەهێنێتەوە یاد، ئەوەیە كە لەنێو هەقیقەتە ساكار و ساویلكەكەیدا





ماوەتەوە و پەچەی رواڵەتیی بەسەر خۆیدا نەداوە و لێرەشەوە بەناچاریی هەوڵبدات ئەو پەچەیەی بە هەموو دەسوێژێك بپارێزێ.

٣

گەر لە ڕووی وەرگرەوە بیر لە "چەخماخە" بكەینەوە، دەبێ زانستی دراماییمان هەبێ. ئەم درامایە، كە وەرگر لە شێوەی تەمسیلیە (یان شانۆگەری)دا دەیبینێ، نە پەخشان و نە هۆنراوەیە، نە حیكایەتخوانی و نە هونەری گاڵتەجاڕییە، بەڵكو، وەك لە ووشەی درامادا دەردەكەوێ، داڕشتنی كردارنوێنییە. بەڵام لەم داڕشتنەی كردارنوێنیدا پتر دەنگ بە دەركەوتنی مرۆڤێتیی كەسدا دەنرێ. ئێمە لێرەدا سەرەتا بەندین بە كۆمیكی (مەهزەلەی) كۆمەڵایەتییەوە وەك زەلەی سۆسیال، پێكەنینیش وەك هەڕەشەی سیمبۆلی (بێرگسن). كۆمەڵ، لەم ڕووەوە، هەمیشە گومان لەو كەسە دەركەوتووانە دەكات، كە بۆ نموونە "بە ووشكهەڵهاتوویی باڵیان بەسەر شەقامەكاندا فشدەكەنەوە"، بەڵام كۆمەڵ لێیان نادات، بەڵكو هەڕەشەیەكی سیمبۆلییان لێدەكات، كە پێكەنینە (یان تەوسە). ئەمە بە تایبەتی ئەو لایەنەیە كە كۆمیدیا دەیكات بە بابەتی سەرەكیی خۆی: مرۆڤێتییەكەی كەس، یان "رووتكردنەوە"ی كەسی كۆمەڵایەتی و كولتووری لە پەردە رواڵەتییەكەی مۆرال، دەخاتە فۆرمی "مەهزەلە" (كۆمیك)وە. ئەم كۆمیكە سەرجەم كارەكتەرەكانی "چەخماخە"ی تەنیوە، بە تایبەتی خولەی چەخماخە و خولەی چەخماخساز دوو باڵفشكەرەوەی وشكهەڵهاتوون. بەڵام

كۆمیدیاكە كەمتر لەم ڕووەوە، بەڵكو پتر لە ڕووی "پێكدادان"ەوە دەنوێنرێ. بۆیە ئێمە دەتوانین باشتر و بەزۆریی لە تیۆریی كۆنتراستەوە (نەسازیی/ناكۆكی)، كەمتر لە تیۆرییە فیزیكییەكانی كۆمیدیاوە، لێی نزیك بكەوینەوە. ئەم كۆنتراستە بریتییە لە هێنی ئەفەندی و شەرواڵی، یان بەگشتی شاری لە لایەك و خێڵەكی و لادێیی لە لایەكی دی. ئەو پێكەنینە ئەگرەسیڤەی لە لای وەرگر دەتەقێتەوە، لە ئەنجامی پێكدادانی ئەم دوو لایەنە نەسازەدایە. لێرەدا هاوكات زمانی دەربڕین رۆڵێكی كرۆكی بۆ چێكردنی پێكەنین دەگێڕێ، چونكە زمانی لادێیی و بێناموسانەی شاری، زمانی پێڕابواردنی تایبەتمەندی كوردی، تێكدەچڕژێن و كرداری كارەكتەرەكان دەگەیەنن.

بەڵام ئایا ئیدێكەی "چەخماخە" چییە؟ ئیدێكە زۆر ساكارە: پیاوێك خۆی بە چایخانەیەكدا دەكات و لەوێ هەتا ئەم كاتە نەبینراوە. ئەم پیاوە شتێكی لەژێر قەمسەڵەكەیەوە حەشارداوە و بەمەیش لەبەر چاوی دانیشتوانی چایخانەكە سیمایەكی نهێنیگرتووی هەیە. بەڵام ڕووە نهێنییەكەی ئەم كابرایە بەهۆی شەڕی دوو كەسەوە، كە یاریی دۆمینە دەكەن، ئاشكرا دەبێ: یەكێكیان بەر كابرا دەكەوێ، قەمسەڵەكەی لەسەر شان بەردەبێتەوە و شتە شاردراوەكە دیار دەدات: تفەنگێك. ئەمە بەسە بۆ ئەوەی كابرای نەدیو و نەناس لە لای دانیشتوانی چایخانەكە گرنگ بنوێنێ. بەڵام ئەوەی گرنگتری دەكات بریتییە لە دانانی ئەم كابرایە بە یەكێك لە دەمانچەییە ناسراوەكان. كەسەكە دەركی ئەم موهیمبوونەی خۆی دەكات و راستەوخۆ ئەم هەلە دەقۆزێتەوە، چونكە چێژی دەسەڵات و ترسپەخشیی دەكات، لێرەشەوە دەكەوێتە چەوساندنەوەیان، جا ئەمە بە پەخشاندنی





ترس بێ یان بە مۆڕە و شكاندن و هێنانی داگیركەرانەی كیژ لێیان. بەڵام پاش تێپەربوونی كاتێك دەردەكەوێ، كە ئەم "زەلامە" فێڵی لێكردوون، ئەویش بە دیارددانی ئەو كەسەی كە ئەمی فشەكەر خۆی پێدانابوو. خەڵكەكە راستەوخۆ پشت دەكەنە فشەكەرە ساختەچییەكە و دەبن بە لایەنگری دەمانچەییە راستەقینەكە، بەڵام ئێستا ساختەچییەكە لە بەردەمی دەمانچەییەكەدا غیرەتی دەبزێ و دەچێ بە گژیاندا و دەیانشكێنێ، پێیان دەڵێ، كە ئەوان خۆیان لە جەوهەریانەوە بۆگەنن و خۆیان بەزۆر كردیان بە كەسێكی دیكە. بەڵام ساختەچییەكە دەزانێ، كە هێندە ئاسان لە دەستی دەمانچەییەكە و پیاوەكانی رزگاری نابێ، دەشبینێ كە پیاوەكانی خۆی دۆڕاندووە و تەنانەت بە بەرچاوی خۆیەوە هیچ شەرم ناكەن لە دەمانچەییەكە دەپرسن، كە ئاخۆ وەك پیاوی خۆی وەریان بگرێ. لێرەدا ناكۆكییەكە دەتەقێتەوە، دەبێ بە شەڕ و تەقە و لە نێویدا چایچییە ساویلكەكە تێوەدەگلێ. لە كۆتاییدا دەسەڵاتێكی دیكەی پاشینەیی، بەڵام بەهێزتر، نیشاندەدرێ، كە بریتییە لە دەسەڵاتی هێزێكی غەریب بەسەر ئەو خەڵكە و وڵاتەكەیانەوە.

ئایا سمكۆ ناكام چۆن بەم ئیدێیە گەیشتووە؟ سەرەتا شانۆنامەی "چەخماخە" كەرەسەیەكی وەرگێڕاوی نییە و لێوەی دراماكە داڕێژرابێ، بۆ نموونە كورتەچیرۆكێكی وەك "گۆڵە مێخەك"، كە نووسەر دوای ئەوەی پێرسەپتی دەكات، بەرهەمەكەی خۆی لێوە بنووسێ. واتا نووسەری "چەخماخە" كەرەسەیەكی بۆ نووسینی شانۆنامەكەی وەرنەگرتووە، بەڵكو خۆی كەرەسەكەی "دۆزیوەتەوە" و لێوەی دراماكەی نووسیوە. كەسێك دەتوانێ بۆ ئەم داهێنانە چەند وێنایەك بكات: دەشێ ڕۆژێك سمكۆ ناكام لە

چایخانەیەك بووبێ و لەوێ چەند ڕووداوێکی سەیری پێرسەپتکردبێ، کە پاشان بوون بە دیمەنی ئەو پرسیارانەی لەنێو هۆشی خۆیدا گینگلیان داوە و ئینجا دوای خەریکگەریی هونەری لەتەکیاندا خستبێتنیە فۆرمی دراماوە. هەروەها دەشێ نووسەری "چەخماخە" ڕۆژێك لە ماڵی برادەرێکی بووبێ و ئەو برادەرەی کارەساتێکی بۆ گێڕابێتەوە، کە هۆشی هونەرمەندانەی هەژاندبێ و بۆی بووبێ بە کەرەسەی بابەتێکی هونەری. بەڵام دەشێ نووسەری "چەخماخە" لە لایەن هیچ ڕووداوێکی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتییەوە، نە لە شێوەی بینین و نە لە شێوەی بیستندا، نەهەژێنرابێ، بەڵکو ئەو خۆی بەردەوام لەتەك شوێنەوارەکەیدا، لەتەك ڕووداوە کۆمەڵایەتییە ئەکتوێلەکاندا، لە خەریکگەریی هزری و ئێستێتیکیدا بووبێ، ئینجا دوای سەنگاندنیان، دوای وردبوونەوە لە ساختەچێتی و درۆ و جەبانی، لە داماوی و زۆرداری، لە نوشستیهێنانی داد و سەروەریی بێدادی، "کۆمیك"ێکی (مەهزەلەیەکی) کۆمەڵایەتیی بە بەرچاوی خۆیەوە بینیی بێ و وێناکانی خۆی وەك کەرەسەی کۆمیدیایەك خستبێتە فۆرمی کردارنوێنییەوە.

بێگومان مەرج نییە وەرگری "چەخماخە" بە سەرجەم ئەو لایەنانەی سەرەوە بزانێ. ئەمە ئەرکی وەرگری تراژیدیایە، واتا وەرگرێك کە لە ئەقڵییەتی شاریلادێیی (ترادیسیۆنی) چۆتە دەرەوە و خۆی وەك بەرەیەکی چالاکی وەرگر لەنێو کایەی ئەدەب و هونەردا دەبینێتەوە. "چەخماخە" لە بنەڕەتدا وەك نواندنی شانۆیی تەنها ئەو وەرگرە دەگرێتەوە کە بۆ بینینی شانۆگەرییەکان بۆ تیاتەر دەچێ، بەڵام وەك تەمسیلییەی تەلەڤیزیۆنی بە زۆرینەی توێژەکانی کۆمەڵ، تەنانەت بە گوندییەکانیش، دەگات. بێگومان لایەنێك ئاشکرایە، کە کۆمیدیاکە بەهۆی کارەکتەرە دیمۆکراسییەکەیەوە





ڕوودەکاتە هەمووان، واتا لێڕوانەری "چەخماخە" دەشێ کاسبێکی ساکاری کۆمەڵایەتی یان کەیبانوویەك بێ، سیاسییەك یان مرۆڤکوژێك، رۆشنبیرێك یان ئەکادیمییەك بێ. کەواتە ئاشکرایە، چەندین کەسانی جوودای سەر بە توێژی جیا، لەسەر شێوازی خۆیان، لەسەر بنەمای چەندین شێوەی ئاکار و لە روانگەی هۆشی ئاوەڵا یان بەدەگمەن ئاوەڵابوویانەوە، لە نواندنی بەرهەمە هونەرییەکە دەڕوانن و هەڵوێستیان رادەگەیەنن. تەنانەت کەسان هەن بە بینینی ئەم کۆمیدیایە بریندار دەبن، چونکە نواندنی ئەکتەرەکان وەك سووککردنی پیاو دەسەنگێنن (نووسەری ئەم دێڕانە ڕێئەکسیۆنی بەم چەشنەی بینیوە). بەڵام زۆرینەی جمهور بە شێوەیەکی ئەگرەسیڤ پێدەکەنێ و لەنێو پێکەنیندا کەوتۆتە دۆخی "فەرەحییەوە"، شادییەوە. ئەم ئەنجامە، واتا هێنانی شادی، ئامانجی سەرەکیی کۆمیدیایە (کانت). چونکە کۆمیدیا چەند دیموکرات بێ و هاوکات چەند لە کەسانی سادەی کۆمەڵ نزیکبێ، هێشتا هەر دەبێ فونکسیۆنەکەی خۆی بەدیبهێنێ، کە برێتییە لە "هێنانی پێکەنین".

کەواتە ئاشکرایە، هەموو یەکێك لە لایەنی وەرگرەوە، وەك لێڕوانەری تەمسیلییەی تەلەڤیزیۆنی، ئەوە نابینێ کە کرۆکی هونەرەکەیە. هەندێك کەس "چەخماخە" وەك بابەتێکی هەزەلی دەبینن و بەو قسە خۆشانە پێدەکەنن، کە خۆیان لەنێو کۆمەڵی پرهومۆری کوردییەوە زانیویانە و رەنگە خۆیان لەنێو کۆڕی هەڤالانیاندا نواندبێتیان. بەڵام ئەوانەی بیر لە کێشەی مرۆڤ و کۆمەڵ دەکەنەوە، زانینی هونەر و ئەدەبییان هەیە، لەپاڵ پێکەنینیاندا، ڕەنگە دوای پێکەنینیان، لایەنی دیکەی پەیوەندیئاسای شانۆنامەکە دەبینن و ئینجا لەنێو هۆشی خۆیاندا دەرەنجامی لێدەردەکێشن.

ئەم لێڕوانەره تەنها ڕووناکاتە قسەی خۆش و گاڵتەجاڕی، بەڵکو هاوکات ڕوودەکاتە پەیوەندییە کرۆکییەکان، واتا تەنها پێشینە نابینێ، بەڵکو هاوکات پاشینەی ڕووداوەکان دەبینێ و لێرەشەوە ڕوودەکاتە هزر و هونەری نووسەرەکەی. بەڵام نووسەر هەقی نییە بەسەر ئەوەوە. چونکە نووسەر هەر بابەتێکی خۆی بۆ وەرگر، بۆ نێو کایەی ئۆبژێکتیڤیی کولتوور، فڕێدەدات، وەرگریش کەیفی خۆیەتی چیی لێدەکات: تەنانەت گەر حەز دەکات دەرخی بکات و کاتەکانی وەڕسیی خۆیی لەنێو کۆڕ و خەڵکاندا پێبڕازێنێتەوە. نووسەر دوای فڕێدانی بەرهەمەکەی بۆ نێو کایەی ئۆبژێکتیڤیی کولتوور پشتی کردۆتە وەرگر، بەرهەمەکە بووە بە بابەتێکی هونەریی ئۆبژێکتیڤی وەك موڵکی کولتووریی کۆمەڵ. بەڵام ڕوودانگە چەند گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ژیانی کولتووری چەند شێواوە، هەروەها خەڵکان بە هەڵژنان و دازنانیانەوە، بە خەم و خەندە و چرووسانەوەیانەوە، چەند گۆڕاون، هەروەها چەند نەوەی دی بەدووی "چەخماخە"دا پێگەیشتوون، ئەم بەرهەمە هێشتا هەر بزوێنەرە و هیچی لە ئەکتوالیێتییەکەی بزر نەکردووە، واتا هەردەم شیاو و شایانی نواندنەوەیەتی لەسەر شانۆ، بەکورتی ئەم بەرهەمە بووە بە کلاسیك.

٤

سمکۆناکام لە "چەخماخە"دا بە کۆپیکردنی ڕوودانگە هەڵناستێ و پاشان بە تەکنیکی درامایی ڕێکیبخات، هەروەها بە مێتافۆر کارەکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دادەڕێژێ. "چەخماخە" لە شێوازی بیرکردنەوەی کوردیی





بازاڕیدا باسی "مەلا مستەفا" دەکات، ئەمەش لەسەر هەمان دەستووری "پاڵتۆ"، کە باسی بزووتنەوەی کوردی دەکات و هۆشی ئەفسانەیی کوردی باوەڕ دەکات سیمبۆلەکان یان مێتافۆرەکانی نێوی بخوێنێتەوە، بۆ نموونە سیمبۆلی کێشەیەك، کە گوایە نووسەر لە ترسی ڕژێم یان جامانەییەکان هانای بۆ بردووە، تاکو بەهۆی ئەو بەرهەمەیەوە تووشی گرفت نەبێ. ئەم جۆرە بۆچوونانە یان دەربڕینانە بێهودەن، لە بابەتی ئەو دەربڕینانەن، کە کورت و خۆلایەنی، بەڵام بەبێ بینینی بابەت، لە هۆشی خاوەنیانەوە دەبێژرێن و بەزۆر بەسەر بابەتەکەدا دەکێشرێن. ئەمە بەگشتی شێوازی بیرکردنەوەی "قۆناغی ئەیلوول"ە، کە هەتا ئەمڕۆ درێژە بە خۆی دەدات. مرۆڤ لەم شێوازە ئەیلوولییەی بیرکردنەوەدا پتر لە ڕووی بارگاویبوونەوە ئاڕاستەیەك ڕووەو بابەتەکان وەردەگرێ. زۆر جار چەند ڕستەیەکی بابەتێکی داڕێژراو خوێنەر یان لێڕوانەر دەپێکن و ئەویش ئەو چەند ڕستەیە لە سەرجەمی بابەتە دەکاتەوە و دەربارەیان دەکەوێتە دەربڕین، ئینجا ناوی دەنێ دەربڕین دەربارەی "بابەتەکەی" فلان.

"چەخماخە" نیشاندانی پەیوەندییەکانی شار نییە، هەروەها وەرچەرخاندنی هۆشەکییانەی ئەو پەیوەندییانە نییە و لە نێویدا بە سیمبۆل کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان داڕێژرابن. سمکۆ ناکام لە بەدیهێنانێکی هونەریدا، کە بەرجەستەی "مەبەستە" (ئینتەنسیۆنە) خۆییەکەیەتی، لایەنێکی زۆر سادە و پریمیتیڤی پەیوەندییەکانی ڕوودانگەی وەرگرتووە: مەبەستەکەی ڕوودەکاتە کەسە ترادیسیۆنییە ساکار و ساویلکەکان، کارمەندە نزم و دەمانچەییە دەسەڵاتنوێنەکانی نێویان. ترس لە دەمانچەییەکان گرنگترین مۆرکی پەیوەندییەکانی ئەو نێوەندەیە، کەچی

خۆیان لە بنەڕەتدا کەسانی سەخیف و فشەکەرن. بەڵام سەمەرەیەکی ئەم پەیوەندیە ئەوەیە، کە ئەو ترسە ئەفەندییەکانیش دەگرێتەوە. دینەمۆی کۆمیدیاکە ناکۆکییەکە لە نێوان هەبووی ترادیسیۆنی و نوێی خۆساغنەکردۆوەدا.

ئەفەندییەکان کەسانێکن کە خۆیان لەنێو جیهانێکی نوێسەرەتاگرتوودا دەبیننەوە و ئارەزووی نوێیان هەیە، لێرەشەوە لە شێوازی ژیانی نێوەندەکەیان دەردەچن. بەڵام ترادیسیۆنییەکان، کە جارێ بە رەفتار و ئاکاریان ئەو نەریتانە بەرهەم دەهێننەوە، کە لە باوانی خۆیان وەرگرتوون، لەنێو ئەم جیهانە نوێهاتووەدا نەکەوتوونەتە نەسازییەکی "ئەوتۆوە" کە دۆخی پسیکۆلۆژیانەیان بهەژێنێ و نەزانن چی دەکەن. ئەوەی ئەمانە پێیهەڵدەستن، لە باب و باپیرانیانەوە فێری بوون و لایان زۆر ئاساییە بەو شێوە راهاتووە هەڵوێست یان کردار بنوێنن. دەسەڵاتەکەیان، یان بێدەسەڵاتییەکانیان، هەر لەنێو هەمان پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدان. قاچاغچێتی، بەفیشەکبێژی، مۆڕەی چاوبزانە، سوحبەتی جوتیاری، پێڵاوجووتکردن بۆ دەمانچەییەك، شتی ئاساییین لە لایان. باوکیشیان هەر لەسەر هەمان شێوە ژیاوە. دایکیان زۆر جار بە شێوەیەکی زۆردارانە بەشوودراوە و کوڕەکەی خستۆتەوە. ئەی ئەفەندییەکان؟ ئەمان لە لایەك وەك کوڕی کۆمەڵەکەیان سەر بە ئەوانن و لە لایەکی دی خۆیان وەك ئەفەندی لەنێو دامەزراوی دەوڵەتیدا دەبیننەوە، هەر ئەم قەوارە دەوڵەتییەیە کە دەرفەتی بۆ رەخساندوون بەهۆی کاری دامەزراوەییەوە یان ئابووریانەی نوێوە کەمێك لە باب و باپیریان جیاببنەوە، بۆیە سەربەست





نین و کەوتوونەتە نێو دۆخێکی پسیکۆلۆژیانەی سوێبەخشەوە، هاوکات لە ڕووی ئۆبژێکتیڤییەوە بە شەرواڵییەکان و سەروەرەکانیانەوە گلاون.

بەڵام ئێمە یەکلایەنی دەبین، گەر هەوڵ بدەین لە تیۆریی زۆرانی چینایەتییەوە لەم کێشەیە نزیك بکەوینەوە. گەر ئەمە کێشەکەی سمکۆ ناکام بووایە، ئەوسا دەبوو توخمی دیکەی بهێنایەتە نێو شانۆنامەکەیەوە، بۆ نموونە بازرگانە دەوڵەمەندەکان، بەڵێندەرەکان، سیاسییەکی خێڵەکی و هتد...، پاشان کۆمیدیاکەی لە ئەنجامی پێکدادانی ئەو دوو بەرەیەی دەوڵەمەند و هەژارەوە دابڕشتایە. بەڵام نووسەری "چەخماخە" روویەکی سادەی ژیانی کۆمەڵایەتیی هەڵبژاردووە، بە مەبەستێکەوە کە بریتییە لە نیشاندانی "رواڵەتخوازیی بێبنج". لە بنەڕەتدا هەقیقەتی پاشینەیی ئەم رواڵەتخوازییە سەرکەوتنی بێدادی و بێویژدانییە بەسەر داد و ویژداندا (ئەمە هزری هەقیقەتخوازانەی سمکۆ ناکامە و هاوکات درێژەدانە بە ترادیسیۆنە ئەدەبییەکەی پێش ئەیلول).

رواڵەتخوازیی فشەکەرانە لەنێو جیهانێکی پڕزەبر و کوشتاردا نیشانەیە بۆ هەڵکێشانی ریشەی خۆیەتی، بە واتای وشە بریتییە لە خۆ-هەڵ-کێشان بە ئەوانەوە کە دەسەڵاتنوێنی ئەو دەڤەرەن، چونکە مرۆڤ هەتا سەر بەرگەی کەمدەسەڵاتی یان بێدەسەڵاتی ناگرێ و بە ناچاری نێوەندێك دەدۆزێتەوە کە تاکەکانی لە خۆی بێدەسەڵاتترن، تاکو کەشخەیەتییان بەسەردا دەنوێنێ. بەڵام پەیوەست بەم کێشەیەوە دەبێ دەنگ بەو فاکتەدا بنێین، کە هەمیشە دوای یان بە شیتەڵبوونەوەی هزری مێتافیزیکی، پرۆسەی پسیکۆلۆژیزەبوونی کەس دێتە ئاراوە و کەس بەبێ بنەما رەفتار دەنوێنێ. گەر ئەم فاکتە بە جیدی بگرین، ئەوا دەتوانین لێرەوە بڕیارێك

سەبارەت بەو هەقیقەتە بدەین، کە سەرەنجامی ئەم پسیکۆلۆژیزەبوونەی کەس بریتییە لە چێبوونی مەهزەلەی کۆمەڵایەتیی وەك دیاردەی تێکچڕیوی بەیەکدادانە ناخی و نێوکەسییەکان. لێرەدا کەس هەموو "قودسییەتێکی راستەقینە"ی کەسایەتی دەدۆڕێنێ و لە دەرەوە چاو بۆ نموونە دەگێڕێ: مەزنێکی دەمانچەیی، ناودارێکی خێڵەکی، یان لە ستەمترین حاڵەتدا: مارکسێك، فوکۆیەك و هتاد، تاکو "خۆی پێوە بگرێ"، چونکە سەرجەم ئەم ناوبراوانە نرخبەخشن. ئێمە دەتوانین بە روونی فێنۆمێنی "فشەکەرێتی" لەنێو "چەخماخە"دا بخوێنینەوە (بێگومان لەپاڵ فێنۆمێنە کەمتر کاریگەرەکانی "چلێت" و "چەکل"دا). بەڵام ئەم فێنۆمێنە تەنها بە شێوەیەکی تایبەتمەندی خۆهەڵکێشانەوە ناوەستێ، بەڵکو بە یاریدەی دەتوانین لە کرۆکی سەرجەم ئەو شارییانە نزیك بکەوینەوە، کە لەنێو خۆنەسازیی سوێبەخشدا دەژین و نە دەتوانن نوێ بن و نە دەتوانن جارێکی دی پیاوانی دوێنێ بن (بێگومان ژنان لەم کێشەیە بەدەر نین).

فشە لە هەستی کەمنرخییەوە هەڵدەقوڵێ و رەگی لەنێو هۆشی پاڵەوانپەرستدایە. ئەم دیاردەیە بەتایبەتی زیان بە هەڵگری دەگەیەنێ، بەڵام لە هەندێك رووەوە زیان بە شوێنەواریش دەگەیەنێ، گەر کەسی فشەکەر بە مەبەست لە پێناوی خۆجێکردنەوەیدا بیخاتە گەر و هەوڵ بدات رێزی پێ پەیدا بکات. مرۆڤی فشە، کە بە تایبەتی زیانی بۆ خۆی هەیە و بەهۆی نامۆبوونییەوە توانستی ئەوەی نەماوە بە کەمییەکانی خۆی بزانێ، هەتا رادەیەکی زۆر هێشتا هەر وەك منداڵێك ماوەتەوە، هۆشی بەدەگمەن ئاوەڵابووە، کاتێکیش تێڕوانینەکانی نێو هۆشی لەسەر خۆی و جیهان دەردەبڕێ، واتا "خۆی فش دەکاتەوە"، ئیتر سووك و ئاسان و بەبێ شەرم





دەدوێ، چونکە بڕوای بە ئەندێشەکانی خۆی هەیە، هەر بۆیە پێکەنینی کەسانی دیکە سەغڵەتی ناکات. بەڵام فشەی مەبەستدار سەرەنجامی پێزانینی کەسە بە بێدەسەڵاتییەکەی بەرانبەر بە جیهان. مرۆڤی فشە لەم واتایەدا رەنگە دەوڵەمەند نەبێ و هەموو رۆژێك دەوڵەمەند دەبینێ؛ رەنگە ئازا نەبێ و هەموو رۆژێك مرۆڤی بە ئازا دانراو دەبینێ، ئەمەش بە تایبەتی لەنێو دەمانچەییەکاندا؛ رەنگە هونەرمەند نەبێ و هەموو رۆژێك نووسەر و هونەرمەند دەبینێ و هتد... ئێستاش مرۆڤی فشە هەستی کەمنرخییەکەی رەحەت دەکات، ئەمەش بە گێڕانەوەی کردارە مەزنەکانی بێ یان نیشاندانی رواڵەتی مەزنێتی یان رۆشنبیریی. بەڵام مرۆڤی فشە لەنێو بەلەمێکدایە و هەرگیز بە کەنار ناگات، هەمیشە خۆی و کەسانی دی دەخەڵەتێنێ و رەنگە بەدرێژانی ژیانی خەوێکی ئارام نەبینێ. چونکە فشە تەنها دیاردەیەکی ئەندێشەیی نییە و لەنێو مەودای هۆشدا کایەیەکی بۆ تەرخان کرابێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی فشە سەرەنجامی کەسایەتیی مرۆڤە، ئەوا سەرجەم کەسایەتیی پسیکۆفیزیکیی دەتەنێ: لەسەر روخسار و لە رۆیشتن و مامەڵەی لەتەك کەساندا دیاردەدات، لێرەشەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا وەك لەکەیەکی دزێو هەڵدەئاوسێ و شوێنەوار دەبڵحێنێ.

## چیرۆکی "تەتەر"ی حسێن عارف





### ١

لــە نێوەنــدی چــیرۆکی "تەتــەر"دا کەســێکی هەڵوێــستنوێن خــۆی دەبینێتــەوە، کــە چالاکانە دەست دەنێتــە نێــو رەوتــی گۆڕانــەکانی جیهـانی مێژووییەوە، بەڵام هاوکات ئەم کەسە، کە ناوی سەردارە، بوونی خۆی لەنێو ,,پێزانینــی نابــەختیار,,دا لــە لا بــووە بــە کێــشە. ســەردار بــیر لــە بــەختیاری دەکاتەوە و ئەمــەیش دەیبــات بــۆ ووڕێنــە دەربــارەی هــەبوونی یــان نــەبوونی بــەخت، بــەڵام ئیدیۆلۆژییەکــەی فێــری کــردووە کــە بــەخت نییــە و رێکــەوت هەیــە، بۆیــە ئــەویش بڕیــار بــۆ نــەبوونی بــەخت دەدات. هاوکــات گــۆڕان و رووداوەکــانی نێــو کۆمەڵەکــەی هێنــدە خێــرا و دژوار و هەمەلایــەنین، کــە ئەویان لەنێو خۆیاندا لوولداوە و ئەویش ناچارە بیریان لــێ بکاتــەوە. جیهـان لەنێو سەرداردایە، هەروەها سەردار لەنێو جیهاندایە.

سەرداری ووریا و هۆشرایەڵ ئەرکێکی پــێ سپێردراوە: گەرەکە بڕوات بــۆ "مارانــێ"، کە دەکەوێتــە پــشتی چیایەکی ســەخت و بڵنــدەوە، بــەڵام رێگــەی رووەو مارانــێ بەسەر "لانجــێ"دا تێدەپــەڕێ. بــە ســەردار گــوتراوە، شــەو لــە مزگەوتەکــەی لانجــێ لای ســۆفی رەحمــان بەســەر بــەرێ و ئامۆژگارییــەکانی سۆفی وەربگرێ، چونکە سۆفی دنیادیدەیــە و هــەرگیز پــشتی "ئــەوان"ی لــە زەوی نــەداوە. ســەردار بــەم چەشــنە رووەو لانجــێ گــووڕ بــەخۆی دەدات و تەنانەت گرنگی بە رووداو و کارەساتەکانی ژیانی رۆژانە نادات.

سۆفی دەزانــێ سەردار کێیە، ئەمەیش سەردار هۆشسام دەکــات. ســۆفی بــە میوانــە شــەکەتەکەی دەڵــێ: شــەرم نــەکات، پێخــەفی ئامــادە هەیــە و بــڕوات بحەوێتەوە. سۆفی ئەوەش دەزانــێ کــە میوانەکــەی دەبــێ رۆژی داهــاتوو زوو

بکەوێتە رێ. ئەم سیمایانەی سۆفی وا لە سەردار دەکەن ووڕبمێنێ و بکەوێتە پرسیارکردن: سۆفی رەحمان "تۆ منت ناسی"، بەڵام "ئەی تۆ کێیت؟". سۆفی بۆ ناساندنی خۆی هێندە بە سەردار دەڵێ کە کۆیلەی خوایە و لە دێرزەمانەوە بڕیاری داوە خزمەکاری ماڵی خوا بێ. بەڵام هۆی ئەمەی بۆ روون ناکاتەوە. هاوکات سەردار لە رەوتی گفتوگۆی شەودا نزیکتر سۆفی دەناسێ. ئەم پیرە ئاقڵ و دنیادیدەیە ئامۆژگاریی سەردار دەکات، کە سەرکەشی بۆ کەسانی وەك ئەو باش نییە. مرۆڤ دەبێ بزانێ چۆن خۆی لە گێچەڵ دەپارێزێ: "دەبێ هەموو شتێکتان بە پێوانە بێ و لە هەموو کردارێکیشدا ئەقڵ بەکاربهێنن، ئینجا دوای ئەوە خواتان لەپشت دەبێ"؛ "خوا پشتی مرۆڤێك ناگرێ کە ئەو ئەقڵەی پێی بەخشیوە ئیشی پێ نەکا و کاروباری ژیانی خۆی بە رێکوپێکی پێ مەیسەر نەکات" (لا ٣٠). هەروەها سۆفی پێناسەی مرۆڤ و ئاژەڵی بۆ دەکات. مرۆڤ، یان وەك سۆفی دەڵێ: ئادەمی، تەنها بە بەزەیی و سۆزی ئاقڵ لە ئاژەڵ جیا دەبێتەوە. بێگومان سۆز و بەزەیی لە لای ئاژەڵیش هەن، بەڵام ئەمانە لە لای ئاژەڵ رەمەکین. ئەم دوو پۆتێنسە خوا بەخشیوەی سۆز و بەزەیی دەبێ لە لای مرۆڤ لەتەك ئەقڵدا ببزوێنرێن و هەر ئەمەیشە کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە. وەکو دی جیاوازییان نامێنێ.

ئێمە لە رەوتی خۆوتوویژەکانی سەرداردا ئەم کێشانە دەخوێنینەوە. لەم یاردوەرییە زۆر نزیکەوە، کە بەدووی پێکگەیشتنەکەی سەردار و سۆفیدا هاتۆتە گۆڕێ، دەگەڕێینەوە بۆ دوواوە بۆ نێو یادوەریی قووڵتر. سەردار سۆزی دەبزوێ و باوکی خۆی دێتەوە یاد: کاتێك لە تەمەنی هەڤدەساڵاندا دەبێ، باوکی دەمرێ، ئەم کارەساتە سامناکە وای لێ دەکات تووشی "هەستی





تاوانباری" ببێ و خۆی بەرانبەر باوکی قەرزار بزانێ. سەردار لە تەمەنی لاوێتییەوە شان دەداتە بەر کارکردن و هەوڵ دەدات دایکە بێوەژنەکەی و سەروەری برای لە مەینەتی رزگار بکات. بەڵام ئەم ئەرکە دوای هەڵبژاردنی ژیانی پێشمەرگایەتی بۆ سەروەری برا بچووکی کامڵبووی جێدەهێڵێ.

کەوتنەرێی سەردار لە لانجێوە رووەو مارانێ ناوەرۆکی سەرەکیی چیرۆکەکەیە. سۆفی بەم چەشنە ئامۆژگاریی سەردار دەکات: رێگەکەی سبەینێ لە رێگەی رۆژی رابووردوو سەختترە، مارانێ تەنها بە ووشە دەکەوێتە پشتی چیایەکەوە، بەڵام لە راستیدا زۆر دوورە، هەروەها کات و ووریایی و خستەگەڕی ئەقڵی گەرەکە. بەڵام گرنگترین ئامۆژگاریی سۆفی بۆ سەردار ئەوەیە، کە لەسەر رێگەکەی وریا بێ، چونکە شوێنەواری ئەو رێگەیە لە هەندێك جێدا دەکووژێتەوە، جگە لەمانە تەنها سەرکەوتن زەحمەتە و شۆڕبوونەوە بە ئەودیودا ئاسانە.

سۆفی خۆی شارەزای رێگەکەیە! هاوکات "پیرەمێرد"ێکی دنیادیدەیش بە سەختیی ئەم رێگەیە دەزانێ. کاتێك سەردار بەیانی زوو لە لای سۆفی رەحمانەوە دەکەوێتە رێ، سەگەکەی پیرەمێرد لە کەناری لانجێدا پێی دەوەڕێ و سەغڵەتی دەکات، بۆیە پیرەمێرد ناچار دەبێ گەماڵەکەی لێ دووربخاتەوە. بەدووی ئەمەدا هەردووکیان دەکەونە گفتوگۆ. بەڵام پیرەمێرد لێرەدا هۆشسامیی خۆی بۆ کارەکەی سەردار دەرنابڕێ، بەڵکو سەرەتا لێی دەپرسێ کە ئاخۆ "سۆفی رەحمان ئاگادار" بێ و پێی گوتبێ لە رێگە "ووریا" بێ. پیرەمێرد بەدووی ئەمەدا بە خوای دەسپێرێ و لەسەر دەستووری سۆفی پێی دەڵێ، لە رێگە ووریا بێ.

سەردار بە بناری چیا دەگات و بەچاوی خۆی دەیبینێ: بڵندیەكەی نای حەپەسێنێ، بەڵكو سەختیەكەی، كە دیوارئاسا بە ئاسماندا هەڵكشاوە. سەردار لە سەركەوتندا بە كانییەكی كێوی دەگات و هەندێك یادوەریی رابووردووی دەهێنێتەوە یاد: ماوەیەك لەمەوبەر بە سێ كیسە چیمەنتۆ و بەردی مەئافی، هەروەها بە "خاكەنازی دەستی خۆی"، لە كانییەكی كێوی حەوزێكی كۆنكرێت بە سێ جورنەوە دروست دەكات و بە دەوریدا سەوزە و میوە دەچێنێ. هەڤاڵانی رێز لەم كارەی دەنێن و بەرهەمەكەی ناو دەنێن سەردارئاوا. سەردار ئەم كارەی بە حەزێكی دێرینی خۆی روون دەكاتەوە، لێرەشدا رۆ دەچێ بۆ نێو یادوەریی دیكە: سەردار كوڕی خێزانێكی هەژارە و لە ژیانیدا بۆی هەڵنەكەوتووە حەزەكانی خۆی بەدی بهێنێ، بە پێچەوانەوە هەردەم لە خانووە كۆنەكانی شاردا ژیاوە، بەبێ ئەوەی بۆی لوا بێ لە حەوشەكەیاندا باخچەیەك بفۆرمێنێ. ئەمەی تەنها جارێك لە ماڵی پوورە بێوەژنەكەیدا بۆ بەدیهاتووە، بەڵام كاتێك پووری شووی كردۆتەوە، ناچار بووە پێكەوە لەتەك ژنەكەی و منداڵەكەیاندا بگوێزنەوە.

سەردار سەرلەنوێ بۆ نێو جیهان بێدار دەبێتەوە، بڕیار دەدات دەست بە ئاوی كوێرەكانیدا بهێنێ و پەرەی پێ بدات. ئەزموونی سەختی ژیان فێری كردووە بەڵێنەكانی بەجێبهێنێ. جارێك لە شار دەیەوێ بۆ لای "حەمە سەعی" بڕوات و پێی بڵێ، كە گوایە بە دەستەوەیە بیكوژن، بەڵام نایكات، گەرچی گومانی لە بێگوناهیەكەی نابێ. رۆژی داهاتوو هەواڵی كوژرانی حەمە سەئی دەبیستێ. ئازاری ویژدان وای دەكات كە "یێق"ی لە خۆی بێتەوە، بەڵێ دەگاتە رادەیەكی ئەوتۆ، كە تاوانی كوشتنی حەمە سەئی





بخاتە ئەستۆی خۆی. ئەم رووداوە بۆی دەبێ بە ئەزموونێكی سەخت، نەخۆشی دەخات و وەك برینێك لە ناخیدا دەمێنێتەوە.

سەردار دەیەوێ ئامۆژگارییەكەی سۆفی بەدیبهێنێ، بەڵام ئێستا شتێكی زۆر سەیری دێتەوە یاد: دەڵێ كاتێك گەماڵەكەی پیرەمێرد لە كەناری لانجێدا بەگیری دەهێنێ و پاشان لەتەك پیرەمێرددا دەكەوێتە گفتوگۆ، لەم ساتەدا ئاوڕێك لە ئاوایی داوەتەوە و سۆفی دەبینێ. نەخێر نایبینێ: "وام هاتە بەر چاو كە دەیبینم و لە سەربانی مزگەوتەكە راوەستاوە و رووەو من دەڕوانێ"! (لا ٣٦) پرسیارەكەی، كە ئاخۆ سۆفی "كێ" بێ، هێندە جیددیە، كە هەمیشە لەنوێوە سەرهەڵدەداتەوە. بەڵام جارێ سەردار دەبێ ئەركەكەی ئەنجام بدات، بۆیە بڕیار دەدات لە گەڕانەوەیدا سەردانی سۆفی بكاتەوە و تێر "دانوستان"ی لەتەكدا بكات و هاوكات "گوێی لێ بگرێ". بۆ سەردار تەنها لایەنێك روونە: ئەم سۆفی رەحمانە مجەورێكی ئاسایی نییە. ئێستا ئەوە گرنگە، كە لە رێگە لا نەدات و جڵەوی خۆی بداتە دەست رێگە، چونكە كێ ناڵێ بە پیلكانەیەكدا سەری ناخات، واتا كێ ناڵێ ئەم رێگەیە خۆی پیلكانەیەك نییە!

سەردار لەسەر رێگەكەی خۆیەتی و لای نەداوە. لێرەوە "ئاودڕێك" لە لاوە دەبینێ بەبێ ئەوەی گرنگیی پێ بدات. بەڵام سەرداری تەنیا و پەرەوازە، سەرداری هۆشئاڵۆزاو، بەردەوام خزاوە بۆ نێو هزرین لە ژیانی خۆی و كەسانی دەوری و شوێنەوارەكەی، هەتا ئیتر دوای ئاگانەمانی لە رێگە و جیهانەكەی، دوای وونبوونی چاوی هۆشی لەنێو جیهانە ناخیەكەیدا، ئینجا دوای ئەوەی لەو ساتەدا دەگاتە رادەی ساویلكەبوون و گۆرانی بۆ چیاكە دەڵێ، لەم رەوتەشدا هێدی هێدی چاوی هۆشیی وەردەچەرخێ و بۆ

نێو چاوی جەستەیی دەگەڕێتەوە و پەیوەندی لەتەك چیاکەدا چێدەکاتەوە، دەبینێ شوێنەواری ڕێگە کووژاوەتەوە.

ئێستا لە بەشی دووەمی چیرۆکەکەداین. حەپەسانی سەردار دەگاتە رادەی ساکان. باوەڕ بەچاوی خۆی ناکات. چەند جارێك هەوڵ دەدات جەمسەری ڕێگەکە بدۆزێتەوە، بەڵام بێسوودە. گەڕانەوە بۆ بناری چیا ناشێ، چونکە کاتێکی زۆر دەدۆڕێنێ. لە بیرکردنەوە و چاوگێڕاندا سەرنجی رووەو "ئاودڕ"ەکە دەڕوات. بەڵام کێ دەڵێ ئەم ئاودڕە سەری دەخاتە سەرەوە، یان گەر سەریشی خستە سەرەوە، کێ دەڵێ بە ئەودیودا ڕێگەی چوونە خوارەوەی دەبێ؟ سەردار سەرەڕای ئەمە چاری ناچارە.

سەردار لە بەشی سێیەمی چیرۆکەکەدا بەڕێوەیە رووەو ئاردڕەکە. ئەم بەشەی کۆتایی بەم ووشانە سەرەتا دەگرێ: "هەنگاوێك بۆ پێشەوە و دوو بۆ دواوە. دیارە لەوەی لێ روودراوم!" (لا ٤٤). سەرەڕای ئەمە پاشگەز نابێتەوە، بە پێچەوانەوە یەکخستنی ئەم جۆرە ئەزموونانە و بەکارهێنانی ئەقڵ دەبن بە مایەی داهێنان. داهێنانەکەی ئێستای ئەوەیە کە چوارپەلی بۆ گەیشتنە ئاودڕەکە دەخاتە گەڕ: "من سەرلەو تێك دەدەم(...). دوو هەنگاو بۆ پێشەوە و هەنگاوێك بۆ دواوە. بڕۆ ... گرەوت بردەوە" (لا ٤٤).

سەرداری تەنیای نێو جیهان سەرلەنوێ دەخزێتەوە بۆ نێو ئەزموونەکانی رابووردووی: بەنێو یادوەریدا شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو سەردەمی منداڵیی. ئێستا خۆی لە دیمەنێکی ناسکی ژیانیدا دەبینێتەوە: بە منداڵی شەوان دەچێ بۆ چایخانەیەکی "جادەی سابونکەران"، چونکە لێرە هەموو شەوێك مەلا سمایل سەرگوزشتەی رۆستەم و زۆراب دەخوێنێتەوە. سەردار لە بەردەمی منداڵانی نێو دەرگای چایخانەکەدا دادەنیشێ و هۆشی بۆ رایەڵ





دەکات، ئینجا خۆی لە رۆژی داهاتوودا دەبێ بە مەلا سمایلی دووەم، بەڵام بە جیاوازییەکەوە: مەلا سمایل لە کتێبدا سەرگوزشتەکەی دەخوێنێتەوە، بەڵام سەردار بە پێچەوانەوە دەبێ بە ڕێژیسێر(دەرهێنەر) و رۆڵی پاڵەوانەکانی بەسەر منداڵاندا بەش دەکات. ئەم هەڤالانە کێ بوون؟ سەردار ئەمانیش دەهێنێتەوە یادی خۆی. نەریمان دەبێ بە کوڕێکی دەمدرێژ و خۆهەڵکێش، کەچی هەقیقەتی دوای "گۆڕانی هەوا" ئاشکرا دەبێ و دەنیشێتەوە. بەڵام کاتێك نەریمان لایەنی کەم مرۆڤێکی گۆشەگیری لێ دەردەچێ، ئەوا ئازادی عەلی فەنی بە پێچەوانەوە دەبێ بە ئاگرێك و بەر دەبێتە گیانی هەڤاڵانی. هەڤاڵێکی دیکەیان مچە کۆڵی لەڕ و لاواز دەبێ و سەردار هەمیشە لە کاتی دەرهێنانی فیلمەکانیدا تەریکی دەخات. بەڵام سەردار و مچە کۆڵ لە تەمەنی هەرزەکاریدا یەك دەگرنەوە. ئەمە کلیلێکی دیکەی گۆڕانەکانی سەردارە.

سەردار دوای مردنی باوکی شان دەداتە بەر کارکردن، ئینجا دوای ئەوەی کاتی سەربازیی دێ، دەبێ بە سەرباز. رۆژێك پاسەوانی بەر زیندان دەبێ و مچە کۆڵ بە کەلەپچەکراوی دەبینێ. مچەکۆڵ بە هەستێکی شانازانەوە رووەو زیندانەکە دەڕوات و لەو کاتەدا کە سەردار دەبێ دەرگای زیندانی بۆ بکاتەوە و "بیکات بەودیودا"، بە زەردەخەنەوە لە سەردار دەڕوانێ. سەردارێك، کە کوڕێکی خاوەن ئەرك و بەرپرسیاریی خێزانییە، هەقی چییە بەسەر ئەم جۆرە کەسانەوە؟ ئەو لە ساڵێك و نۆ مانگ خزمەتی سەربازی تەنها پێنج مانگی ماوە و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی! مچە کۆڵ تەنها دوو مانگ لە زینداندا دەمێنێتەوە و تاوانەکەی بەسەردا ساغ نابێتەوە. دوای ئەوەی لە زیندان بەردەبێ، پەیوەندیەکەی نێوانیان نوێ دەبێتەوە،

هەرووکیان دەبن بە "برادەری گیانی بەگیانی"، پەیوەندییان لەپاڵ ئەمەدا دەبێ بە هینی "سەرکردە و سەرباز". ئێستا سەرداری تەتەر زۆری پێ خۆش دەبوو لەتەك "کاکە مچە"دا بووایە نەك لە لای "مامۆستا خدر"، جا گەرچی هیچ لارییەکی لە مامۆستا نییە.

ئەم هەموو مرۆڤە جیاوازە لەنێو یادوەرییە دێرین و نوێکانی سەرداردان! هەر یەکەیان رێگەیەك دەگرێتە بەر! ئەی سەردار خۆی؟ "ئەی من کێم؟". ئایا ناشێ "من" رۆژێك مرۆڤێکی بەدی لێ دەربچێ و وەك ئازادی عەلی فەنی بەر بێتە گیانی هەڤاڵانی؟ سەردار وەڵامێکی دروستی چنگ ناکەوێ، بەڵام بە ئەقڵیدا ناچێ وەك ئەو جۆرە مرۆڤانەی لێ دەربچێ. بەڵام ئایا بۆچی کەسانی دیکە دەبن بە مرۆڤی بەد و بەر دەبنە گیانی هاومرۆڤ و هەڤاڵانیان؟ ئێستا سۆفی بە هانایەوە دێ: هەموو مرۆڤێك دەتوانێ هەم "چاکە" و هەم "خراپە" بکات، ئەم کردنەیش لە بنەڕەتدا پیشەی زۆرینەی خەڵکانە. ئەوانەی "تەنیا" چاکە دەکەن، زۆر دەگمەنن. کەچی ئەوەی سەیرە، ئەم زۆرینەیە خۆی بە کەمە-تەواو-دەگمەنەکە دەزانێ. بەڵام لە بنەڕەتدا ناسینی کەمە-تەواو-دەگمەنە-رەسەنەکە ناسینێکی هێندە ئاڵۆز و ستەمە، کە مەگەر هێزە-ستەم-و-ئاڵۆزە-نادیارەکە خۆی بیزانێ. سەردار ئەمەی دێتەوە یاد: "وەهای ووت؟! ئا... دڵنیام(...). ویستم بەگیری بهێنم و  پرسیاری لێ بکەم، بەڵام(...) ئەو قسەی بەسەردا هێنا و وای لێکردم لەبیری بکەم. ئێستا چاکم دێتەوە یاد ... هۆ هۆ سۆفی ... لە گەڕانەوەمدا ئەمە یەکەم پرسیارم دەبێ(...). یەکەم باسم دەبێ و لەگەڵتدا لێی دەدوێم. سۆفی تۆ مجەورێکی ئاسایی نیت..."(لا ٤٨).





سەردار لە رەوتی ئەم یادوەریانە و سەرکەوتندا، لە لوتکەی چیا نزیك دەکەوێتەوە. ئێستا بەچاوی خۆی لوتکەی چیاکە دەبینێ. لە لاڕێوە بەسەر چیایەکی سەخت و سەرکەشدا سەرکەوت و گەیشتە لوتکەکەی! ئێستا لەسەر لوتکەی چیا دەبینێ کە شۆڕبوونەوە بە ئەودیودا ئاسانە. هەروەها ئێستا لەسەر لوتکەی چیا ئەو رێگە هەبووە دەبینێتەوە کە گەرەك بوو بەسەریدا رووەو ئامانج بڕوات. بەڵام خۆی لاڕێیەکی تاقیکردەوە و گەیاندیە لوتکە. لاڕێکەی خۆیشی لەسەر لوتکە لەتەك رێگە هەبووەکەدا یەکدەگرێتەوە.

٢

حسێن عارف لەنێو مرۆڤەوە بۆ کێشەکانی مرۆڤ و شوێنەوارەکەی دەچێ. بەڵام رۆچوون بۆ نێو مرۆڤ واتای پسیکۆلۆژیزەکردنی پەیوەندیەکانی مرۆڤ دەگەیەنێ، ئەو پەیوەندییانەی کە لەنێو خودی مرۆڤەوە بەگشت لایەکدا ئاڕاستە دەگرن. ئەمەیش دژبەری شێوازی بیرکردنەوەی ترادیسیۆنیە، کە هەمیشە مرۆڤ وەلاوە دەنێ و کێشەکانی لە دەرەوە، جودا لە کردار و دەستوەردانەکانی لە جیهان، دیاری دەکات.

چیرۆکی "تەتەر" بەرهەمی رێئەکسیۆنێکی (الانفال) حسێن عارفە لەسەر روانگە و تێڕوانینەکانی نەوەیەك، کە زەمینەی بیرکردنەوە و هەڵوێستی سیاسی خۆی لەنێو سەردەمێکی داڕزاوی کۆمەڵایەتیدا دابین دەکات و لەخۆی ناپرسێ، چۆن بوو بە خاوەنی بیروباوەڕەکەی! نووسەر ئێستا بە چیرۆکی هونەری دژی ئەم شێوازەی بیرکردنەوە دەوەستێتەوە:

چیرۆکی "تەتەر" لەنێو میکرۆکۆسمۆسدا (مندا) ئەو بنەما ناخییانە دیاری دەکات، کە مرۆڤ بەبێ پێزانینیان هیچ زەمینەیەکی نابێ، ئەم بنەمایانەش بریتین لە ویژدان، دڵپاکی، چاکەخوازی. حسێن عارف لە فیگوری سەردارەوە سەرجەمی هەڵوێستنوێنانی نەوەیەکی سەرلێشێواو دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام سەیر و سەمەرە لێرەدا ئەوەیە، کە خوێنەرانی ئەم نەوەیە هیچ ئاگایەکیان لەوە نییە، کە حسێن عارف بەچی هەستاوە، بەڵکو هێشتا هەر سکۆلاییستیانە بۆ پەیامبەری نوێ دەگەڕێن: مارکسێك، فوکۆیەك، ئەم یان ئەو فەیلەسوف، تاکو وەك کەسانی نێو جیهانی هاڤرکێی رواڵەتی و لوتکەگرانە واتایەك بە هیچبوونەکەی خۆیان بدەن. زۆرحەزیان لەو مەزنە ناوانەیە کە بە تایبەتی لە دراوسێکانیانەوە بۆ نێو جیهانە داخراوەکەیان دەزرنگێنەوە. کەسی بێبنەمای نێو کۆمەڵی هەڵوەشاوە ناتوانێ بەبێ پەیامبەرێك هەنگاو بنێ! ئێستاش حسێن عارف لە هونەرێکی مەبەستداردا بە پرۆڤۆکاسیۆنێك هەڵدەستێ، بە مرۆڤی شێواوی سەردەم دەڵێ: "گەر ئەقڵت بەکاربهێنیت، ئەوسا رێگەی خۆت دەدۆزیتەوە". بەڵام نووسەر هاوکات زەمینەیەکی بۆ دەڕێژێ: "چاکترین پاڵپشتی ئەم گەڕانەت هێزی خوایانەیە".

بەڵام سەرەتا گەرەکە هێڵی چیرۆکەکە لە ناوەرۆکەوە نیشان بدەین، چونکە فۆرمەکەی شاردوویەتیەوە و خوێنەر بەدووی بیرلێکردنەوە و گەڕاندا دەیدۆزێتەوە. لەم روانگەیەوە "تەتەر" داوای خوێنەرێك دەکات، کە لە بەرەی راستەقینەی وەرگردا بێ و وەك خوێنەر پێزانینی خوێنەریانەی خۆی بۆ تێگەیشتن مۆبیل بکات.





ئێمە تەنها سەرداری تەتەری بەرەڵامان هەیە بە فونکسیۆنێکەوە کە پێشمەرگایەتیە. سەردار لە هەڵسانی یادوەریەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆ رابووردوو، دێتەوە بۆ نێو ئامادەی، هەروەها وەك هەڵوێستنوێنێکی نێو جیهان لە لایەن خودی جیهانەوە هەمیشە لە نوێوە بەئاگادەهێنرێتەوە. هزرینی هەڵساو بە سەرجەمی لێشاوەکانیەوە سوورِ بەدەوری بابەتەکانیدا دەخوات، لەم ڕەوتەشدا دارِشتنی هونەری فۆرم وەردەگرێ و حسێن عارف وەستایانە وەك سپیرال دایدەڕێژێ. واتا حسێن عارف هونەرێکی نوێی داهێناوە، چیرۆکێکی راستەوانەی نەنووسیوە، کە بە هەڵچوون و داچوون بەرەو پێشی بەرێ و لە کۆتاییدا ئاڵۆزکاویەکانی خاوبکاتەوە و لێرەشەوە چیرۆکەکە بەرەو کۆتایی بەرێ. ئەم فۆرمە سپیراڵە، کە لە دوو بەشی یەکەم و سێیەمدا دارێژراوە، خوێنەر ناچار دەکات لەتەکیدا سوورِ بخوات و دوای خوێندنەوە هەوڵی دیاریکردنی جەمسەرە نادیارەکانی بدات. حسێن عارف ئەم فۆرماندنە ئاڵۆزەی لە پسیکۆلۆژیزەکردنی پەیوەندیەکانی مرۆڤەوە پێ بەدیهێنراوە.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە بۆچی حسێن عارف دوو بەشی یەکەم و سێیەمی چیرۆکەکەی لە شێوەی من-فۆرمدا دارشتووە و لە بەشی دووەمدا "ئەو-فۆرم"ی بەکارهێناوە؟ بە بڕوای ئێمە حسێن عارف لە لایەك هونەرێکی دانسقەی داهێناوە و هاوکات تێکی داوە، چونکە ئێمە لە "تەتەر"دا دوو فۆرممان هەیە. بەڵام دوو یان پتر فۆرم تەنها کاتێك بۆ چیرۆك شیاون، گەر نووسەر لەنێو یەکتریدا، لەنێو سەراپاییەکی هونەریانەی بەرهەمەکەدا، بییان توێنێتەوە، نەك وەك حسێن عارف لەم چیرۆکەیدا "بە پاڵ یەکتریەوە" دایان بنێ. جوانتر یان بە تەواوی هونەری

دەبوو، گەر چیرۆکی "تەتەر" لەسەر رەوتەکەی دوو بەشی یەکەم و سێیەم بڕۆیشتایە و سەراپا چیرۆکەکەی بتەنیایانە. بەڵام لێرەدا فۆرمی دووەمی چیرۆکەکە، واتا "ئەو-فۆرم"، ناشێ وەك ئەلتەرناتیڤ وەربگیرێ، چونکە فیگورە خولقێنراوەکەی سەردار بە کێشە ناخییەکانییەوە، کە خودی چیرۆکەکە پێکدەهێنن، دەرفەتی پێنادات. بەڵام حسێن عارفی وەستای چیرۆکنووسین ئەمەی نەکردووە، ئەمەیش مایەی هۆشووڕمانە.

مەبەستە هزرییەکەی حسێن عارف لەم چیرۆکەدا ئەوەیە، کە سەرداری هەڵوێستنوێن وەك هەڵگری ئیدیۆلۆژییەکی وەرگیراو نیشان بدات و ئینجا لەتەك خۆیدا بیخاتە ناکۆکییەوە. بەڵام نووسەر بۆ ئەم ناکۆکییە پاڵهێزێکی دەرەکیی داناوە: سۆفی رەحمان کە وەك پاڵهێز دەبێ بە هەڵسێنەری یادوەری و هزرینەکانی سەردار. ئەم کوڕە بەسەر کلاڵفەی ژیانی "خۆی" و هەڵوێستنوێنی سەر رێبازێکی وەرگیراودا بەشبووە. ئاشکرایە مرۆڤی نێو ئەم نەسازییە ناچارە چارەسەری کێشەکانی بکات. "سەردارەکان" دەبێ لە خۆیان و شوێنەوارە مێژوویی و کولتوورییەکەیان بڕوانن، ئەوسا دەبینن، کە چۆن لەنێو هەڵوێستی پراکتیکیدا، بە کردارەکانیان، بەڵام یەکخستوو بە بەکارهێنانی ئەقڵەوە، دژبەری رێگە وەرگیراوەکەیان دەدۆزنەوە. بێگومان هەردوو رێگەی وەرگیراو و لە لایەن خۆ دۆزراوە مرۆڤ بە ئامانج دەگەیەنن، واتا بە بڕوای حسێن عارف مەرج نییە رێگەیەکی وەرگیراو هەڵە بێ، بەڵام رێگە وەرگیراوەکان سەخت و پڕمەترسین، مرۆڤی شێواو تەنها خۆی لەسەریان رادەگرێ و لەتەك منی خۆیدا نایان خاتە بەراوردەوە، بۆیە نەشیاو نییە "ملی بە شکاندن  نەدەن". رێگەی وەرگیراو هەرگیز نەگیراوەتە بەر، بۆیە مرۆڤی سەر ئەم جۆرە ڕێگەیانە هەمیشە لەبەردەم بزربووندایە،





بەڵێ خۆی لە بەردەم نەماندا دەبینێتەوە. بەڵام رێگەی بە ئەقڵی خۆ دۆزراوە، کە مرۆڤ لەنێو رووداوەکاندا پێی دەگات، لایەنی کەم ئێکسپێریمێنیانە ئەزموونکراوە، هەروەها لە لای مرۆڤی ژیر "لە چاوی قودرەتییەوە" تروسکەی ئەنجامێك نیشان دەدات. تەنها دەگمەنە کەسانێك هەن کە بەم ئەنجامە دەزانن، چونکە ئەوان شارەزای ئەم رێگەیەن. سۆفی رەحمان یەکێکە لەم دەگمەنە کەسانە. بەڵام ئێمە دەبێ جارێ لە لای سەردار بمێنینەوە، چونکە ئەو کێشەی کرۆکیی چیرۆکەکەیە نەك سۆفی.

سەردار نازانێ خۆی بەتەواوی "کێ"یە و دەگاتە رادەیەکی ئەوتۆ، کە پرسیار دەربارەی منداڵیی خۆی بکات: "ئاخۆ چۆن خنابێتمەوە؟". سەردار بە هەڵچوونی نایەکایەتی بۆ نێو منداڵیەکەی رۆدەچێ، ئینجا بۆ گەنجێتی و سەردەمی بکەرێتیەکەی دەگەڕێتەوە. ئەم کوڕە منداڵی خێزانە کۆنزەرڤاتیڤە نوێکان نەبووە، کە ئیتر باوك و دایکی سەر بکەنە سەری و لە ماڵەوە بیبەستنەوە، بەڵکو رێیان پێداوە تەنانەت شەوان بچێتە دەرەوە: بڕوات لە چایخانەیەك گوێ لە سەرگوزشتەکانی هونەرمەندێکی میللی بگرێ. سەردار لە چایخانەکە لە ریزی پێشەوەی منداڵاندا دادەنیشێ. هەموو رۆژێکی داهاتوو دەبێ بە رێژیسێری ئەو سەرگوزشتانەی کە مەلا سمایل لە کتێبدا دەیان خوێنێتەوە. کەواتە سەردار منداڵێکی چوست و ژیرە. بەڵام بوونی جیهانیی پڕە لە رێکەوت: لە هەرەتی لاوێتیدا باوکی دەمرێ و ناچاری دەکات شان بداتە بەر کارکردن. سەردار سەرەڕای ئەم ئازادبوونە هێشتا هەر وەك کوڕی باوکی خۆی، واتا کوڕێکی ترادیسیۆنی دەمێنێتەوە، چونکە زوو ژن دەهێنێ. مۆرکێکی دیکەی سەردار ئەوەیە، کە هەتا سەردەمی سەربازی مرۆڤێکی دوورەپەرێزە و گرنگی بە ژیانی خۆی و

خێزانەکەی دەدات، بەڵام ژیانی بە نوێبوونەوەی پەیوەندییەکەی لەتەك مچە کۆڵدا وەرچەرخانێکی بنەڕەتی دەبینێ: مچە کۆڵ هەڵوێستنوێنی سیاسیە و سەردار "رادەکێشێ". ئێستا نەك تەنها دەبن بە "دوو هەڤاڵی گیانی بەگیانی"، بەڵکو پەیوەندییان دەبێ بە هینی "سەرکردە و سەرباز".

گەرچی سەردار کوڕێکی ترادیسیۆنییە، بەڵام خاوەنی حەز و ئەندێشەی پێشکەوتنخوازانەیە، واتا بە ئاوەدانی هەڵدەستێ و سروشتی خاو بە هێزی کاری خۆی بۆ سروشتی کولتووری وەردەگۆڕێ لە کوێرەکانییەك حەوزێك دروست دەکات و بە دەوریدا رووەك دەچێنێ. بەگشتی سیماکانی سەردار بریتین لە بزێوی، دڵپاکی، بەویژدانی. بەڵام دیاریکردنی سەردار وەك دڵپاك و بەویژدان هاوکات دەیکات بە دژبەری ناپاکی و بێویژدانی. پاکیی، وەك کێشەیەکی مێتافیزیکی، سەردار بۆ پرسیار و گەڕان بەدوویدا دەبات. ئەمە ئەو گێژاوەیە کە حسێن عارف سەرداری فڕێداوەتە نێویەوە و ئینجا سۆفی رەحمانی بە سیما نوورانی و باوکانەکەیەوە بەرەنگار کردۆتەوە. سەرداریش وەك هەتیو کەسێکی گەرەکە تاکو نازی پێ بدات و "دەست بەسەریدا بهێنێ". ئێستاش سۆفی وەك باوکێك بە پیریەوە دەچێ، وەك باوکێك ئامۆژگاریی دەکات، وەك باوکێك بێداری دەکاتەوە و بەڕێی دەکات. گرنگترین ئامۆژگاریی سۆفی بۆ سەردار ئەوەیە کە سبەینێی داهاتوو پتر ئەقڵی گەرەکە وەك لە ئەمڕۆی پێداتێپەڕیو.

حسێن عارف پرسیاری ئەقڵ دەهێنێتە نێو چیرۆکی "تەتەر"ەوە. بەڵام سەیر لێرەدا ئەوەیە، کە ئەوە سەرداری لاو نییە نوێنەرایەتیی ئەقڵ بکات، بەڵکو سۆفی رەحمانە کە ئەم پرسیارەی "ئەقڵی ئەزەلی" لە هۆشی سەرداردا دەورووژێنێ. ئێمە لە لای دوو مرۆڤی سەردەمین، یەکێکیان





لاوێکی هەڵوێستنوێنی هۆشساکاوە، ئەویدیکەیان پیرێکی دنیادیدەی کۆیلەی ئەزەلیەتە. ئەو ئەقڵەی پیرە نوێنەرایەتیی دەکات ئەقڵێکە، کە خوا بە مرۆڤی بەخشیوە. بێگومان کێشەکەی حسێن عارف ئایین نییە، بەڵکو ژیانی زەمینییە. سۆفی رەحمان هەرگیز دەست بەرووی سەردارەکانەوە نانێ، بۆ نموونە بە میوانەکەی ناڵێ: "کوڕم، خۆ شەیتان نەهاتۆتە بن کلێشەتەوە ..."، "کوڕم تۆ سەهوویت و بکەوە خواپەرستی"، "کوڕم وەرە بەرەکەی ئێمەوە هەتا بە دەروونی خاوێنەوە بچیتە بەردەم خوای مەزنت". نەخێر. سۆفی رەحمان پێناسەی زیندەوەرەکانی بۆ دەکات، تاکو مۆرکەکانی مرۆڤ بەڕوونی دیاربهێنێ، هەروەها تێگەیشتنی بۆ رووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە بەبێ ئەوەی چالاکانە دەست بنێتە نێویانەوە. بەڵام لەوە دەچێ سووکە گلەییەکی لە سەردارەکان هەبێ، چونکە بە ئەقڵی خۆیان جیهانەکەی خۆیانیان نەناسیوە، بەڵکو شێواون و ناتوانن تێگەیشتەکانی هزرە وەرگیراوەکەیان روون بکەنەوە، هەروەها رێبازەکەیان یاریدەیان نادات لە شوێنەوارەکەیان و ژیانی خۆیان تێبگەن. ئەم لایەنە زۆر گرنگە.

کێشەکەی حسێن عارف زەمینییە. بەڵام ئەم ژیانە زەمینییە پرنسیپی خاوێنی گەرەکە، تاکو مرۆڤ بتوانێ بە "چاکی" بژی. پرنسیپەکانی حسێن عارف، لەپاڵ دراوە خوایەتیەکەی ئەقڵدا، بریتین لە ویژدان، دڵپاکی و خۆشەویستی. ئەمانە تەنانەت لە هەموو مرۆڤێکدا هەن، بەڵام توانای زەینی و ئەزموونیان گەرەکە. ئەم مۆرکە لە سۆفی رەحماندا هەیە، کە نەك تەنها ئیماندار و ئاقڵە، بەڵکو هاوکات ئەزموونــدار و دنیادیدەیە. ئەم مۆرکەی سۆفی بە تایبەتی پەیوەست بە پیرەمێردەکەوە دەردەکەوێ. ئەویش کەسێکی ئەزموونداره، هەروەها دنیادیدە و خاوەنی سۆزی

باوکێتیە، بەڵام وەك سۆفی "کامڵ" نییە و ئۆتۆرێتییەکی وەك سۆفی بە شایانی پشتپێبەستن دەزانێ. لە لایەکی دی سەرداریش کوڕێکی دڵساف و خاوەن هەستی بەرپرسیاریە، سروشتی خۆش دەوێ و حەزی بە ژیانی پێشکەوتووە، بەڵام هێندە نەبێ کە "سەری لێ شێواوە" و ئەزموونی پتری گەرەکە تاکو خۆی بدۆزێتەوە.

حسێن عارف مۆرکی زۆر سەرنجڕاکێش بە سۆفی رەحمان دەدات: سۆفی مجەورێکی ئاسایی نییە، بەڵکو زۆرتر لەمە نوورانی و باوکانە و لەخواترسە، هەروەها ئەزموونداره و لایەنگری ئەقڵە. نووسەر نزیکەی مۆرکێکی پەیامبەرانە بۆ سۆفی دەدات، نزیکەی وەك جەستەی "خاوێنی" دایدەنێ. بە بڕوای سۆفی هەموو مرۆڤێك دەتوانێ هەم چاکە و هەم خراپە بکات. بەڵام ئەوانەی لە ژیانیاندا تەنها چاکە دەکەن، زۆر دەگمەنن. کەچی زۆرینەی خەڵکان خۆی بە کەمە- تەواو-دەگمەنەکە دەزانێ، لە کاتێکدا ناسینی کەمە-تەواو-دەگمەنە-رەسەنەکە کارێکی هێندە ئاڵۆزە، کە مەگەر هێزە-ستەم-و-ئاڵۆزە-نادیارەکە، واتا خوا، خۆی بیزانێ. خوێنەر بەچاکی دەرفەتی هەیە، کە سۆفی بخاتە نێو کەمە-تەواو-دەگمەنە-رەسەنەکەوە. ئێستاش ئەم زاتە بە بنەما هزرییەکانی، بە مۆرکە باوکانە و نوورانییەکەیەوە، سەرجەم ناخی شێواوی سەردار دەهەژێنێ. بەڵام لەبەر ئەوەی سەردار ناخێکی نەرم و هۆشێکی شێواوی هەیە، هەروەها لەبەر ئەوەی لە کانگای ناخیەوە پرسیاری ویژدان و خاوێنیی هەژاون، ئەوا بزواندنی ناخی لە لایەن سۆفی دەی گەیەنێ بە بڕیارێك کە پێویستە لە سۆفی نزیك بکەوێتەوە. سەردار بۆ ژێر شێوازی هزرینی سۆفی رۆدەچێ.





سەرداری دڵسۆز و بەویژدان "باوك"ێکی گەرەکە، ئینجا سۆفیی باوکانە هەستی تاوانەکەی سەرلەنوێ دەهێنێتەوە سوێ و ئاوڕ لە باوکی خۆی دەداتەوە: باوکە تۆ چ باوکێك بوویت! بێگومان ئەم هەڵوێستە جوانە، بەڵام ئەمە وەك هەڵوێستێکی ریال جوانە، هینی کوڕێك کە بەرێزەوە لە باوکی خۆی دەڕوانێ و دیاری دەکات و هاوکات "هەمیشە" لارییەکی تایبەتمەندی کوڕانەی لێی هەیە. هەموو کوڕ و کچێك سەرباری خۆشەویستییان (گەر هەیان بێ) بۆ باوك و دایکیان، لارییان لێیان هەیە، جا با هەرگیز دەری نەبڕن. لە بنەڕەتدا ئەمە ئەو هەقیقەتەیە، کە بەتایبەتی لە هونەردا شیاوی نیشاندانە. ئێمە لەم حاڵەتەدا بەندین بە شێوازی هزرینی نووسەرەوە، ئەمەیش لە لای حسێن عارف هەڵوێستێکی سامناکە: سۆزی رۆمانتیکی سەراپا تێڕوانینی ئێستێتیکیانەی ئەوی تەنیوە. باوکانی جوان، کوڕانی سەرلێشێواو!! جوانی باوکان و دایکان و جیهانەکەیان (گەرچی نووسەر رووە بەدەکانی ئەو جیهانە لەپاڵ "چاکەکانیدا" (!) نیشان دەدات) بە بەر چاویدا دەشەکێنەوە. هەڵوێستی نووسەر رووناکاتە داڕزاویەکانی باوکان و کوڕانیان، شەڕەسەگی باوان و بۆگەنکردنی کوڕان و کچان و ژنانیان، بەڵکو دەیەوێ باوان رزگار بکات.

کێشەکەی حسێن عارف تەنانەت سەردەم و مرۆڤەکانی سەردەمن، بەڵام لەوە دەچێ کە نووسەر تووشی دەردی پیری بووبێ و لێرەشەوە بەنێو چاکەی باب و باپیرانیدا بچێتەوە، بەڵام: لەنێو خۆیەوە. نووسەر مەیلێکی لە رادەبەدەری بۆ پسیکۆلۆژیزەکردنی پەیوەندیەکانی مرۆڤ و شوێنەوار هەیە. بەڵام هەر لێرەوەیە کە حسێن عارف دووچاری چاکەی رابووردوو بووە و بەدێتیە سامناك و کوشندەکانی هەتا رادەیەك لە بەرچاو بزر بوون.

لەنێو ئەم گێژاوەشدایە کە نووسەری "تەتەر" دەیەوێ سەردار پێبگەیەنێ: دوای کەوتنەڕێی سەردار بەسەر چیاکەدا ئەوە بە پراکسیس ریالیزە دەبێ، کە لەنێو هۆشی خۆیدا وەك پرسیار گینگل دەخوات. کردنی ناچاریانەی ئاودڕەکە بە ڕێگەی سەرکەوتن لەژێر خستنەگەڕی ئەقڵدا بەدیدەهێنرێ، هەتا ئیتر سەردار دوای لکاندنی هۆشی بزواو و کرداری خۆیی بڕوای بە مارکسیزم نامێنێ: "... بڕۆ، گرەوت بردەوە"، "من سەر لەو تێك دەدەم: دوو هەنگاو بۆ پێشەوە و هەنگاوێك بۆ دواوە". ئەمە گەرەکدانانەکەی حسێن عارفە و بەجێیە، چونکە نووسەر داوای هەڵوێستێکی نوێ دەکات. بەڵام نووسەر ئەم نوێیە لەسەر زەمینەی ئۆتۆرێتیی خوایەتی و نوێنەرە سەرزەمینییەکانی دادەمەزرێنێ، پەیژەکانی ئۆتۆرێتی هەڵدەبەستێ نەك بییان خاتە ژێر ڕەخنەی هونەریەوە، نەخێر، بۆ ئەوەی ریال بێ، دەکەوێتە نێو نەسازیی پێشکەوتنخوازی و کۆنزەرڤاتیڤیزمەوە: سەردارەکەی لە لایەك سروشتی خاو بۆ سروشتی کولتووری وەردەگۆڕێ، سەردارەکەی لە لایەکی دی هۆشرایەڵە، زوو ژن دەهێنێ، شانازی بە پەیوەندییەکەی خۆیەوە لەتەك "کاکە مچە"دا دەکات، دەکەوێتە داوی سۆفی ڕەحمانەوە، واتا ئازادییەکەی سەردار بە حسێن عارفێکی گەنج بەرەو پێش ناچێ (جا لە هەر فۆرمێکدا بێ)، بە پێچەوانەوە لەنێو گێژاوی بوونی خۆی و جیهانی مێژوویی شێواوادا نزیکەی دەبێ بە کۆیلەی سۆفی ڕەحمان. خاوێنی ئەزەلیی دەبێ بە بنەمای گیرسانەوەی سەردار. ئەمە مۆتیڤی چیرۆکی "تەتەر"ی حسێن عارفە. مرۆڤێك کە ڕێگەیەکی توندڕەوی مارکسیستیانەی گرتۆتە بەر، تەنها ووشەکانی فێر دەبێ، یان ووشە ئەبستراکتەکانی بەخت و ڕێکەوت و هتد... بەکاردەهێنێ و لە ئەزموونەکانی خۆیەوە هەڵی نەهێنجاون. بێگومان ئەمە





جوانە، بەڵام حسێن عارف وەڵامێکی ئیدیۆلۆژیانەی خاوێنێتیی لەسەر کێشەکانی نەوەیەکی سەرلێشێواو بەدەستەوە دەدات و هاوکات ڕێکخراوی باوکسالاری لەنێو جیهانە شێواوەکەیدا ڕزگار دەکات، بەڵێ بە ئەوپەڕی جوانییەوە هەڵیدەبەستێتەوە.

بێگومان دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بدەین، کە ئێمە ئەم دوو کێشەیەی پێشکەوتنخوازی و کۆنزەرڤاتیڤیزم بە هیچ شێوەیەك وەك خوازراو یان نەخوازراو بۆ دارشتنی ئەدەبی وەرناگرین، بەڵکو وەك نەسازییەکی تایبەتمەندی حسێن عارف وەری دەگرین، کە لەم چیرۆکەدا بەدیدەکرێ. بە واتایەکی دی، ئێمە لێرەدا بە ئاراستەکانی نووسەرێکەوە خەریکین و دیاریکردنیان بە پێویست دەزانین.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئاخۆ لەنێو جیهانێکی شێواو و دارزاودا جێگەیەکی پۆزەتیڤ بۆ پیرانی ئەم وولاتە لەنێو هونەردا ببێتەوە، واتا ئەو باوکانەی کە خۆیان لە دارزاندنی جیهانەکەیان و بۆگەنکردنی منداڵەکانیاندا بەشدارن. بە تایبەتی لە هونەردا چاکترین دەرفەتی نیشاندانی ئەو جیهانە کۆنە هەیە کە چیدی وەك خۆی نەماوە. مەبەست لەوەیە، کە گەرچی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕێزمەندیەکانی خۆی بۆ تەمەندارانی شایانی ڕێز نەدۆڕێنێ، بەڵام لە هونەردا هەمیشە بابەتی ڕەخنە دەبن، جا گەر تەنانەت هەرگیز ڕاستەوخۆ ناونەبرێن. واتا ئەم کێشەیە لە هونەری ڕەخنەیی یان مرۆڤپەروەریدا پێچەوانەی هونەرەکەی "تەتەر"ە. سمکۆ ناکام لە "چەخماخە"دا فیگورێکی هەیە، کە پیرێکی چاوچنۆکە. ئاشکرایە هەموو پیرێك چاوچنۆك نییە و مەبەستی نووسەری "چەخماخە"یش شکاندنی پیران نییە. شێرزاد حەسەن لە "حەسار"دا

باوکێکی زۆردار و کوڕێکی مەنکووب دادەڕێژێ و کوڕە لە کۆتاییدا بەناچاریی باوکی خۆی دەکوژێ. نموونەیەکی دیکەی نێو کەلەپووری ئەدەبی بریتییە لە "پیسکەی تەڕپیر". بەڵام لەوە دەچێ حسێن عارف حەز نەکات "بەهاکان بریندار بکات"، نووسەر خۆی دادەخات و لە ناخی خۆیدا کنە دەکات، دەیەوێ لەسەر دەستوری خۆی، لە ئەدەبەکەیدا، ئەو شتانە بپارێزێ کە بەبڕوای خۆی "باشن"؛ بە واتایەکی دی بڵێین: دەیەوێ ترادیسیۆن بپارێزێ. نووسەر وەك کوڕی ئاغری باوانی دەمێنێتەوە و هەر وەك ئەم کوڕەیش ڕەخنەکانی دەگرێ، بەڵام بە هێنانی کێشەی چاکە و خراپە بۆ نێو ئەدەبەکەی.

٣

گەر "واتای ئەمڕۆ"ی چیرۆکی "تەتەر" سەربەخۆ لە چیرۆکە هونەرییەکە بخوێنینەوە، ئەوا بە شێواویی مرۆڤی نێو جیهان دەگەین، ئەمەش دۆخێکی هێندە دارزاوی مرۆڤە، کە مەحاڵە بە هیچ ئیدێیەك پینە بکرێتەوە. گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ نوورانیەت هیچی دیکە جگە لە هەوڵێکی بەرِبەیانە ناگەیەنێ و مەحاڵە ئەو مرۆڤە ناسکەی لێدەربچێتەوە کە کەم یان زۆر لەنێوجیهانە ترادیسیۆنیەکەیدا خۆی ژێردەخست و وەك کوڕێکی سەلار ڕێنوماکانی بەرهەمدەهێنایەوە. چونکە تەشەنەی جیهانی فێڵ و بێدادی نیشانەی مەرگی خوایە، نەك رواڵەتێکی شێواو بێ و هەوڵێکی دڵسۆزی بەویژدان چاکی بکاتەوە. مرۆڤ خۆی بەبێ هیچ بنەمایەك لەنێو داوێکدایە کە خودی ئەو خۆیەتی، بۆیە لەنێو بێگوناهیی خۆخەتاباردا فێڵ لە خۆی و شوێنەواری دەکات و هاوکات دڵخوشی خۆی بەوە دەداتەوە، کە





گوایە لە ڕێگەی باوانی لای نەداوە. بەڵام لە بنەڕەتدا زۆر لای داوە، ئەمەیش بەرەو پاش، یان بەرەو ژێرێکی دزێو، کە تەنانەت لە ڕووی رواڵەتیشەوە چیدی لەنێو شەروالی باوانیدا بە ناسکی و بزورگی جێگەی نابێتەوە، چونکە کەسێکی کێیچێنراوە و ئەویش لە پێناوی سەندنی ڕەزامەندیدا خۆی دەکییچێنێ: وەك ژن زیندەوەرێکی زیقاوڵەیە، کە بە خۆتەسککردنەوە مۆرکی تازەیەتی نیشاندەدات؛ وەك پیاو دەنگگرێکی گرینۆکە بۆ جیهانێك، کە ئەو خۆی لە بنەڕەتدا ئەو جیهانەی ناوێ و هاوکات ناتوانێ دەسبەرداری بێ، بەڵام جیهان بە پێچەوانەوە ئەوی ناوێ و هەمیشە دەسبەرداری دەبێ. هەردوو ڕەگەزەکە لەنێو مێژوودا تلیساونەتەوە و لەم ڕوانگەیەوە تەواوکەری یەکترین. بەڵام هەردووکیان هاوکات خیانەتیان لێکراوە: لە لایەن باوانیانەوە، لە لایەن ئایینەکەیانەوە، ئینجا ئیدێ و مۆدە وەرگیراوەکان لەخشتەیان بردوون، بەتایبەتی "کوڕانی بیرکەرەوە"، چونکە ئەمان سەرەتا هەڵوێستنوێنە سەرەکیەکانن. بەڵام بە چ مەبەستێك هەڵوێست دەنوێنن؟ بۆ چ ئامانجێك؟ ئەوەی ساکارێکی نامۆبووە، هیچ بەرهەمێکی لێوە ناخاتەوە و بەزۆریی شیاوی ونبوون یان تەنانەت لەناوچوونە، ئەوەی فێڵزانێکی نامۆ بووە، دەسەڵاتی پێ دەسێنێ. ئەمە کایەی کولتووریش دەگرێتەوە: "فەیلەسوف" و "سامان" لە لای ژمارەیەکی فرەی چالاکەکانی نێو ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری بەهایەکیان هەیە: هەردووکیان نرخ بە مرۆڤ دەدەن و شیاوی ئالوگۆڕن: گەر مرۆڤ نەتوانێ بە سامان پرێستیژ بسێنێ، ئەوا دەرفەتی هەیە بە فەیلەسوفێك بیسێنێ. هەردووکیان مایەی "خۆنواندنن"، هەردووکیان رواڵەت بەسەر رواڵەتی کۆمەڵایەتیدا دەپەخشێنن و ئەمەیش فونسکیۆنێکی جیاکەرەوە بە مرۆڤ دەدات: بەها وەرگیراوەکان مرۆڤ لە نێوئەڵقەیی دەردەکێشن، دیاری دەهێنن،

ڕواڵەتێکی پێدەبەخشن، کە ئەو خۆی وەك بوون ڕایدەگەیەنێ و داواکاریەکیش بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی وەك بوون لێی وەربگرن. بێگومان ئەمە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێ، کە کەسان نەبن لایەنی کەم وەك سەبژێکت کەوتبنە سەر ڕێگەیەکی ئەوتۆ، کە هەتا ڕادەیەك بەرپێی خۆیان ببینن و پرسیاری نوێ ئاوەڵا بکەن، بەڵکو ئەو واتایە دەگەیەنێ، کە پرۆسەی شیتەڵبوونەوەی بەردەوام هەمیشە پتر مرۆڤ بزر دەکات و هیچ دەرفەتێکی بۆ ناهێڵێتەوە تاکو خۆی و شوێنەوارەکەی ببینێ. بۆیە مەحاڵە مرۆڤ بە تێگەیشتە مێتافیزیکیەکانی وەك خاوێن و دڵپاك دیاری بکرێ و هاوکات بخرێتە سەر کەڵکەڵەی ژیانێکی خاوێن. هەرگیز پێی ناکرێ "خاوێنییە" هەمیشە تەڵخەکان ڕێنومایی بکات. ئەمەی پێ ناکرێ، هاوکات زەبری ڕوودانگە هەمیشە لەم ئیدێیەی دوور دەخاتەوە، چونکە ئەم زەبرەیە کە ئەو لەتەك خۆیدا ڕادەپێچێ، لە خۆیی بزر دەکات و نایەڵێ بگەڕێتەوە بۆ لای خۆی. هەروەها هەر ئەم زەبرەیە، کە وەك ئۆبژێکتیڤێتی ڕووپۆشی بریسکاوە لەسەرخۆی هەڵدەدات و هاوکات وەك هەقیقەت بەرەنگاری ئەوی دەکاتەوە — ئەوی داماو کە بەبێ هیچ زەینێکی کارا نزیکەی بۆ سەر ئاستی مرۆڤ-ئاژەڵ داناوە.

## چیرۆكی "حەسار"ی شێرزاد حەسەن





### ١

لەنێوەندی چیرۆكی "حەسار"دا باوككوژێك خۆی دەبینێتەوە، كە بەو كردارەی كوشتن نەك تەنها لە دۆزەخی حەسارەكەی باوكی رزگاری نابێ و ناتوانێ چەند هەزار دایك و خوشك و براكەی ئازاد بكات، بەڵكو دەكەوێتە نێو زیندانێكی قووڵتر لەوەی پێش ساتی كوشتن تێیدا بوو.

دانیشتوانی نێو حەسار هەرگیز نەیان زانیوە ئازادی چییە. ئەمانە لەژێر ركێفی خوایەكدا "ژیاون"، كە هاوكات باوك و دایك و مێرد و رێنومایان بووە:

"گەر من نەبوومایە ئەم حەسارە هەر زوو(...) بەسەر ئێوەدا وێران دەبوو، ئێوە ماوتانە لە دنیا تێبگەن ... با گەورەتر بن ئەوسا حاڵی دەبن من چەندم ئێوە خۆشویستووە، هەموو تف و جنێوەكانم حیكمەتیان تێدایە، تا نەمرم قەدرم نازانن، پاشان من باوكتانم ... هەر منم كە دەزانم چی بۆ ئێوە خێرە و چی بۆ ئێوە شەڕە، بەندە بۆی نیە لە خوای خۆی بپرسێ بۆ برسی و تینووی دەكا(...) ، كوڕ و كچی من ئەوسا لەبەر دڵی من شیرین دەبن كە گوێرایەڵی فرمایشتەكانی من بن، كتێبە پیرۆزەكانیش هەروا دەفەرموون ..." (لا ٢٤).

بەڵام لە حەسارەكەی زۆرداریدا تەنها هۆشرایەڵی سەروەر نییە. هەموو خوازیاری رزگاربوونن لە كۆیلەتی و بۆ ئەم مەبەستە چاویان لە نۆبەرەیە: "نۆبەرەی هەمووان ... ئەرێ هۆ كاكی بێ غیرەتمان كەی ئەو ئەرژەنگە دەكوژیت؟ ئەو پیاوەی كە لە خەومان دەكا و ناهێڵێ خەون بەو شتە خۆشانەوە ببینین كە نەمان بینیون!" (لا ٢٦).

سەرەنجام کاکی نۆبەرە غیرەتی دەبزوێ، بۆنی پیاوەتیی خۆی دەکات و لە شەوێکدا کە باوکە لەگەڵ یەکێك لە ژنەکانیدا جووت دەبێ، لە کاتی سێکسکردندا، بەسەریدا دەدات و بە خەنجەر دەیکوژێ. بە کوژرانی باوکە دانیشتوانی حەسار ئازاد دەبن، هەموو دەکەونە سەما و ئاهەنگ و شایی، حەسارەکەیان دەکەن بە چراخان، کوران بە بێڵ و پێمەرە و خاکەناز دەکەونە رماندنی شوورەکان، کوڕەی باوکوژیش بۆ یەکەم جار دوور لە چاوی باوك یەکەم جگەرەی دادەگیرسێنێ و پڕ بە سییەکانی دوکەڵ هەڵدەمژێ: "ئەللا ... لە نەمانی ترس ... لە هاتنی سەربەستی" (لا ٤٤). بەڵام ئەم هەستەی ئازادی تەنها بۆ ماوەیەکی کورتخایەن لە ناخیدا سەرهەڵدەدات:

"...حەبێ ی دایکم دە جاران دەستی لە ملم کرد و گریا ... دەیوت:

„تۆ ... تەواو ... رۆڵە ... تۆ ... تەواو ...„

شێتانە لەتەکما رایدەکرد، سەرم خستە نێو جۆگەلەی هەردوو مەمکی چرچەوە بووی ...

„ چیتە دایکە ... بۆ وا دەکەی؟„

(...)

„ئەی گوێت لێ نەبوو پڕ بەو دەشتە هاواری کرد: تەواو بە نەفرەت بیت ...„؟" (لا ٥٣)

خوشك و براکان سەرباری ئازادبوونیان ناتوانن پشت بکەنە زیندانەکەیان. هەمیشە لە نوێوە سوێند دەخۆن بڕۆن و هەرگیز نەگەڕێنەوە، بەڵام ئەمەیان پێناکرێ. ئەمانە کەسانێکن کە لە سێبەری خۆشیان دەترسن، بەڵێ تەنانەت تامەزرۆی گەڕانەوەی باوکەن هەتا وەك





مایەی شانازییان نرخێکیان لەنێو هیچێتییەکەیاندا بۆ دابین بکات. هەروەها ئاژەڵ و باڵندەکان ماڵین، دوای دەرپەڕاندنیان لە زیندانی حەسار دەگەڕێنەوە جێگەی راهاتوویان. ئەو زاتە تەنانەت بە مردووییش سام لە ژن و منداڵەکانی، لە مەل و ئاژەڵەکانی، دەنیشێنێ.

باوککوژە دەستی بە خوێنی باوکی سوورە، پێوەی مەییوە و لێی نابێتەوە، جگە لەمە هەمووان، مرۆڤ و ئاژەڵ و مەلەکان راوی دەنێن، سەگەکانی باوکی بواری نادەن، بەڵام هەڵاتن بێسوودە. هیوایەك کە خوا بکەوێتە نێوانەوە و خوێنی باوکە لە دەستی بشواتەوە، بێهوودەیە. کوڕەی باوککوژە هیچ چارەیەکی بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی هاوار بکات: "هۆ باوکە فریام کەوە ... سەگەکانت وا دەمخۆن ... فریام کەوە ..." (لا ٧٢). ئێستا بە پەلە پروزێ و لەسەر لەپ خۆی دەگەیەنێتە سەر گۆڕی باوکی، خۆڵ و لم، بەرد و زیخی گۆڕەکەی لا دەبات، دەیەوێ بگاتە سەر لاشەکەی و دەم بنێ بە برینەکەی سەر مەمکی چەپییەوە و خوێنەکەی هەڵمژێ. بەڵام کوڕەی بێچارە لە لایەن جیهانەوە حاشای لێدەکرێ، ژیانی رۆ دەچێ بۆ ژێر گومەزێك بەسەر سەری خۆی و باوکییەوە، بەڵام ئەوە لە راستیدا گومەز نییە، بەڵکو ئەوە باوککوژ خۆیەتی کە بووە بە گومەز، بە گۆڕستان، ئەمەش هەتا هەتایە!

## ٢

کۆیلەتی تەنها دۆخێکی سەپێنراو نییە بەسەر مرۆڤدا، بەڵکو هاوکات هەقیقەتێنراوێکی مرۆڤییە، کە لە رەوتی سۆسیالیزاسیۆندا لە لایەن باوانییەوە، بەڵام هەروەها دایکانییەوە، کەسایەتیی ئەوی پێ بونیاد نراوە. چونکە سۆسیالیزاسیۆن بریتییە لە خۆشەکردنی منداڵ بۆ بوون بە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانەوەی بنەما و رێنوماکان، لەم رەوتەشدا منداڵ فێردەکرێ "مرۆڤێتییەکەی خۆی" بچەپێنێ، تاکو جیهانی باوی ترادیسیۆنی تێکنەدرێ و لەسەر دەستوورەکانی درێژە بە خۆی بدات. بەڵام ئەمە هەرگیز بە تەواوی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەدینەهاتووە، بەڵکو هەمیشە کەسان کەم یان زۆر یاخی بوون و roویان کردۆتە مرۆڤێتییەکەیان، جا گەر تەنانەت بە نهێنی بوو بێ. سەرەڕای ئەمە بەربەستەکان هێندە سەخت و چڕچنراون، کە هەمیشە لە نوێوە وەك مۆرکی خۆی کەس، وەك کارەکتەر، رۆڵی سەرەکییان لە هەموو یاخیبوونەکانیدا دەگێڕن. هەر ئەوەندەی ناخی پڕهێز و سۆزی مرۆڤییانەی کەس لە تەمەنی هەرزەکاریدا بزوان و ئەویش خۆی پێنەگیرا، بەڵکو سۆز "دڵ"ی تەنی و بوو بە دڵدار، ئیتر راستەوخۆ ترس ناخی دەتەنێ: ترس لەوەی لێی بدەن، بیکوژن، بە دڵدارەکەی بگات. بەڵام ئەو وەك دڵدار لە ناخەوە هەژاوە، ئەڤینی شیرین و ترس ئەویان تەنیوە، چونکە دوور بە دوور ئەڤینەکەی دەژێنێ و لە راستیشدا سۆزدارییەکەی بەزۆریی سەرەنجامی ئەم دووریەیە – بێگومان چەند حاڵەتێکی دەگمەنی لێدەرچێ





کە نزیکبوونەوەیەکی جەستەیی لە سنوورێکی دیاریکراودا بەدیدەهێنرێ. رەگەزەکان لە منداڵییەوە فێری ژیانی جوودایی کراون، لە "دووریدا" دەژین، بۆیە هەموو نزیککەوتنەوەیەکیان لە یەکتری روخساریان سوورهەڵدەگەڕێنێ و تووشی دڵەترپەیان دەکات. مرۆڤ بە ترساندن "بەخێوکراوە"وهەرگیز "پەروەردە"یەکی راستەقینەی مرۆڤپەروەرانەی نەبینیوە. بەڵام ئیرۆنیی ژیان لەوەدایە، کە کیژانی کۆیلەتر کەمتر لە کوڕانی مڕ و شاناز ترسنۆکن. ئەمەش تۆڵەی سروشتە لە سەرجەمی ئەو رێنوما و دەستورانەی کە بۆ مەبەستی نەواندنی خودی سروشتێتی دەخرێنە گەڕ: کیژان بەهێزتر سروشتێتی مرۆڤییانەی ژنێتی لە خۆیاندا دەهێڵنەوە، ئەمەش، لەپاڵ فاکتەری زانینی چەوساوەیی و بێچارەییدا، ئەو پاڵهێزەیە، کە بۆچی ژنان روونتر ژانەکانیان لەسەر روخساریان "دەنەخشێنن"، بە پێچەوانەی پیاوان، کە وەك کۆیلەی رێنوماکان تووشی سامناکترین گرفت هاتوون: لە کاتێکدا دەبێ بنەما و رێنوماکانی باوکسالاری بچەسپێنن، ئەوا لێرەدا وەك پارێزەری خودی ئەو بنەمایانە دەبن بە چەوسێنەری خۆیەتییان و ناچار دەبن رواڵەتەکانی قودسییەت و قورسی و هتاد بەسەر خۆکەیاندا بدەن و لێرەشەوە هەمیشە مڕ و مۆن دەربچن، لە راستیشدا وا دەزانن کە مەزنێتی لە مۆنی و خەمی چنراوی سەر خەمە راستەقینەکاندا شیاوی بەدیهێنانە.

بەڵام هەڵە دەبێ، گەر وا تێبگەین، کە یاخیبوون لە باوکسالاری واتای پشتکردنە فونکسۆنی باوکێتی دەگەیەنێ، یان مرۆڤ (نووسەر) بەرەنگاری باوکی سروشتی دەبێتەوە و دەیەوێ پەیوەندییە سروشتییەکەی ژن و پیاو، کە کاتێك هەردووکیان وەك ژن و مێرد یان هاوسەر منداڵ دەخەنەوە و

پەیوەندیی باوك-دایك-منداڵ دەهێننە ئاراوە، هەڵبگرێتەوە یان نەهێڵێ. ئێمە لێرەوە دەتوانین باشتر تێبگەین، کە بۆچی شێرزاد حەسەن لە لایەك چیرۆکەکەی ڕێزمەندانە پێشکەشی باوکی خۆی کردووە و لە لایەکی دی وەك ئازادیخوازێك هیوادارە کە منداڵەکانی لە حەساری هیچ کەسێکدا، جا گەر تەنانەت هینی خۆی بێ، پێنەگەن. حەسار مێتافۆری پەیوەندییە چەوسێنەرەکانی باوکسالارییە.

گرنگترین مۆرکی ڕێکخراوی باوکسالاری ئەوەیە، کە لەو ڕێکخراوەدا ڕەوایەتی بە "زەبر" دراوە، ئەمەش چ لە پەیوەندیی هاوسەریدا و چ بەرانبەر منداڵان و مامەڵەی بێسۆز لەگەڵیاندا. ئەم زەبرە بە تایبەتی لە ناکۆکییەکانی سێکسوالێتی و کۆمەڵایەتی و خێزاندا دەردەکەوێ. ئەمە هیچ ناولێنانێکی دیکە جگە لە "زەبری باوکسالاری" پێنابڕێ. هەمیشە بە باوکسالارییەوە بونیادی دەسەڵات لکێنراوە و بەسەر خێزان و تاکدا، بەسەر پەیوەندییە نێومرۆڤییەکاندا، سەروەرە. هەر بۆیە "خەوبینین" بە نەهێشتنی ئەم سەروەرییەی باوکەوە دیاردەیەکی سەیر نییە.

پرسیاری باوککوژی لە میتۆلۆژیی گریکەوە ڕۆڵێکی گرنگی لە ئەدەبدا گێڕاوە. ئەمە کێشەیەکی هەرە دێرینی مرۆڤایەتییە لە هەرە سەرەتاکانی ژیارییەوە. پرسیارێکی کرۆکی لێرەدا ئەمەیە: ئایا چۆن منداڵ باوکی خۆی دەکوژێ؟ بێگومان ڕەنگە کردارێکی بەم چەشنە ڕووی دابێ، هەروەها دەشێ کەسانی ئەم سەردەمە بینیبێتیان کە چۆن کوڕێکی سەرسەری لە باوکی خۆی داوە، بەڵام ئەمانە کێشەکە نین. لە بنەڕەتدا پرسیاری باوککوژی ڕوودەکاتە چەوساندنەوە و ئازادیی مرۆڤ: چەوسێنەریی "ڕێکخراو" و "ڕەوایەتیپێدراو"ی باوکانە و شیمانەکانی ئازادبوون لەو چەوسێنەرییە





باوکانەیە. مرۆڤ بەو ئەکتە ئازاد دەبێ، هەر بۆیە هەڵوێستە ئازادیخوازەکان هەمیشە و سەرەتا کەوتوونەتە بەردەم ئەو کۆتانە، کە پەروەردەی باوکسالاری بەنێو دەروونی منداڵەکانیدا تەنیونی. چونکە ئەم کۆتانە هەمیشە لە یاخیبوونەکاندا ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە و وایان کردووە کە زۆر جار یاخیبوونەکان کاتی بن و زوو دابمرکێنەوە. بۆیە دەبێ وردتر لە خەوە دێرینەکەی مرۆڤایەتی، لە خەوبینین بە کوشتنی باوکەوە، بڕوانین. ئایا مرۆڤ چۆن ئەو کەسە دەکوژێ کە مافێکی ڕەها یان نزیکەی ڕەهای بەسەر ژن و سێکسوالێتیدا پێدراوە، بەڵام نەك ئەمەش، بەڵکو تەنانەت خاوەنمافە بۆ کوشتنی کەسانی دی؟ لە بنەڕەتدا ئایینە ئاسمانییەکان بە تایبەتی هەوڵیان داوە ئەم مافە لە یاساکانیاندا بچەسپێنن: "کتێبە ئاسمانیەکانیش وا دەفەرموون"! بەڵام تاکە ڕێگەیەکی مرۆڤ بۆ ئازادبوون لەم دەسەڵاتە هەمیشە شۆڕش (لە واتای ڕێڤۆلوسیۆندا) بووە. لە شۆڕشدا باوك و کوڕ بەیەك دەگەن، باوکە دەیەوێ ئەوە بپارێزێ کە لە ترادیسیۆنەوە گەیەنراوە، کوڕە دەیەوێ بە ئەوپەڕی ڕادیکالێتییەوە فیگوری باوك بهیچێنی (نێگاسیۆن بکات). بەڵام کێشە کرۆکییەکەی کوڕەی شۆڕشگێڕ ئەوەیە، کە ئەو "ئەندامێك"ی (ئەڵقەیەکی) خێزانەکەیە و هاوکات هەمیشە لەو خێزانەدا نامۆیە. مەحاڵە ئەمە بە جۆرێکی دیکە بێ: کوڕە دەبێ ئەندامێکی خێزانەکە بێ تاکو بتوانێ ئەو خێزانە بهیچێنێ یان ئەکتی باوککوژی ئەنجام بدات. لە "حەسار"دا ئەم ئەکتە ئەنجام دەدرێ. بەڵام بە چ ئاکامێکەوە؟ مەبەستی شێرزاد حەسەن لە "حەسار"دا ئەنجامدانی شۆڕشێك نییە، یان پوختتر ببێژین: کردارێکی شۆڕشگێڕانە ئەنجامدەدرێ، بەڵام بەدووی ئەم ئەکتەدا ئازادی ناخەملێ، بەڵکو ڕێئەکسیۆنی دیلەکان، واتا

سەما و ئاهەنگی سەرشێتانە و ئالۆشاوییان بەدووی نەمانی "سەر"ی خێزاندا كاتی دەبن و زوو دادەمركێنەوە. دیلەكان ناتوانن مامەڵە لەتەك دۆخێكی بێ "سەر"، بێباوكیدا بكەن، هەروەها كوڕەی باوككوژ خۆیشی "تیادەچێ"! شێرزاد حەسەن دەمانخاتە بەردەم پارادۆكسی كۆیلەتی-ئازادی، بەڵام مەبەستی ئەو كەمتر ترسی گەڕانەوەی باوكەیە لە رووی ئۆبژێكتیڤییەوە، بەڵكو مەبەستی ئەو بریتییە لە "هەستی تاوانبارییەكە"ی پسیكۆئانالیزە.

لە چیرۆكی "حەسار"دا رودانگەی ریال هەڵگێراوە و كات و شوێن لە فونكسیۆنە ئاساییەكەیاندا هەڵوەشێنراونەتەوە: نە مرۆڤ بە شوێنەوە بەندە و نە كات رەوتێكی ئاسایی دەگرێتە بەر. بێگومان دەتوانین ئەم پەیوەندییە لەتەك خەودا بەراورد بكەین، بەڵام ئەنجامدانە هونەرییەكەی "حەسار" جیایە لە خەو، واتا چیرۆكەكە گێڕانەوەی خەوێك نییە بۆ خوێنەر. هاوكات ناتوانین لێرەدا بڕیارێكی ئەوتۆ بدەین، كە گوایە شێرزاد حەسەن مامەڵەكی خۆماڵییانەی لەتەك زانستە ئەوروپییەكاندا كردووە و ئەمەش گوایە نیشانەی ئاقڵێتییەكەیەتی. شێرزاد حەسەن هیچ مامەڵەیەكی لە هیچ فۆرمێكدا لەتەك هیچ زانستێكدا نەكردووە. زانستی نووسەر مولّكی خۆیەتی. بێگومان نەشیاو نییە كە ئەم زانستە رۆڵێك لە داهێنانی هونەریدا نەگێڕێ، بەڵام نووسەر زانستەكە ناخاتە فۆرمی هونەرییەوە. ئەو خۆی سەرەتا پەیوەندییەكی هونەریی بە پێش چاوی خۆیەوە دەبینێ، رەنگە سەرەتا كەرەسەكەی بۆ دۆزیبێتەوە، جا گەر تەنانەت خەوێك بێ، ئینجا بەپێی ئینتەنسیۆنەكەی خۆی دەكەوێتە دارشتنی، بەڵام نەك دارشتنێكی یەكجاری، بەڵكو نووسەر هەمیشە لە نوێوە كاری تێدا دەكات، بۆ ماوەی





نزیكەی هەشت ساڵ، ئینجا دوای ئەوەی دەزانێ بە فۆرمی خوازراو گەیشتووە، بڕیار دەدات لە خۆی دووربخاتەوە و بڵاوی بكاتەوە. ئەوەی بەردەوام یەخەی نووسەر دەگرێ فۆرمە و بەبێ خەملاندنی نەشیاوە نووسەر بتوانێ بە شادمانی بگات. خاك بەسەر ئەو كەسەی بەبێ پێزانینی فۆرم نووسەرێتیی خۆی رادەگەیەنێ!

ئایا چیرۆكی "حەسار" جوانە؟ پێش ئەوەی هەوڵ بدەین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، روو لە فۆمی چیرۆكەكە دەكەین: ئەنجامدانی هونەریی چیرۆكی "حەسار" لە سەرەتایەكەوە بەرەو كۆتایی ناڕوات، چیرۆكەكە سەرەتا و كۆتایی نییە، یان سەرەتا كۆتاییە و كۆتایی سەرەتایە: سەرەتا كۆتایی چیرۆكەكەیە و كوڕەی باوككوژ لەنێو دۆزەخەكەیەوە بەرەو پاش دەمانگێڕێتەوە رووەو جیهانە زۆردارەكەی حەسار و پەیوەندییەكانی، هەروەها رووەو ئەكتی باوككوژی و ئاكامەكانی، بەڵام ئەم رەوتە راستەوانە نایەتە دارشتن، بەڵكو بە هەڵچوون و داچوونی نایەكایەتی، هاوكات "دێتای"یەكان (كەرتەكان) لە جێی جیاوازی چیرۆكەكەدا، هەتا رادەیەك، دەچڕژێنە نێو یەكترییەوە. ئێمە لێرەدا بە كێشەیەكی كرۆكیی "حەسار" دەگەین: نووسەر زۆر جار هەمان رووداو یان حاڵەت بە وشەی دی دادەڕێژێتەوە، واتا چیرۆكەكە چەندپاتیی تێدایە. رەنگە هۆیەكی ئەمە لەوەدا بێ كە هۆشی هۆنەرییانەی نووسەر تێكەڵاوی دارشتنی چیرۆكە پەخشانییەكە بووە، "حەسار" نزیكەی فۆرمی هۆنراوەی پەخشانیی هەیە. بەڵام سكاڵاكانی باوككوژە لە دەستی باوكی زۆردار و بەدپەیوەندییەكانی نێو حەسار بە شێوەیەكی پڕموبالەغە درێژدەبنەوە و لێرەشەوە زیانیان بە فۆرمی چیرۆكەكە گەیاندووە. لە "حەسار"دا هەستی هۆنەری سەروەرە.

بێگومان دارشتنی ئەدەبی (هونەری) وەك نووسینی زانستی نییە، واتا پێزانانە (ئاگامەندانە) نییە، چونکە هونەرمەند پێنەزانانە دادەهێنێ. بەڵام ئەمە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێ، کە لە پەخشاندا زەین بخرێتە ژێر رکێفی هەستەوە. راستە کە هەردووکیان لە پرۆسەی نووسیندا دەچرژێنە نێو یەکترییەوە، واتا دووبەشبوونی کەس بەسەر سەبژێکت و ئۆبژێکتدا، کە لە زانستەکاندا دەبینرێن، تەنها لە ئەدەب و هونەردا ناهێڵرێن، کەس بەراستی لەنێو خۆیدایە و ئێمە بە گشتی ئەوەمان هەیە کە ناودەنرێ "داهێنەری هونەری". بەڵام ئەمە هێشتا هەر ئەو واتایە ناگەیەنێ کە دەرفەت بە دەروونی تلیساوە بدرێ بەنێو بەرهەمەکەدا راست ببێتەوە. گەر ئەم دەرفەتە بۆ دەروونی تلیساوە برەخسێنرێ، ئەوسا دەرفەتی زەینی کەمدەبێتەوە بۆ ئەوەی پاکسازییەکی ئەوتۆی چیرۆکەکە ئەنجام بدرێ، کە ئیتر وێنە و وشە بە پوختی لەنێو یەکتریدا بن.

بەڵام ئێمە لە لای شێرزاد حەسەن، لە رووی دارشتنەوە، پێیەکمان لەنێو قۆناغی ئەدەبیی ئەیلوولدایە و پێیەکمان لە دەرەوەیە، واتا لە ئەدەبێکدایە (کە دەمانەوێ جارێ خۆمان لە پێناسەکردنی بەدوور بگرین، چونکە مەبەستی ئێمە خەریکبوونی ئەدەبی نییە لە رووی مێژووی ئەدەبەوە، بەڵکو خەریکبوونە لەتەك فێنۆمێنێکی ئەدەبیدا، کە نیگای کردووین و بەم نیگایەی بە خۆیەوە بەندی کردووین). بەڵام دەمانەوێ ئاماژەیەك رووەو ئەم کێشەیە بدەین: مۆرکە سەرەکییەکەی ئەدەبی ئەیلوول بریتییە لە دارشتنی سۆزداری خۆیەتی بە کنەکردنی پسیکۆلۆژییانەی نوسەر لەنێو خۆیدا، بە پێچەوانەی ئەدەبی پێش ئەیلوول، کە تێیدا "دیدی هۆنەری" ئاراستەی جیهان کرا بوو. شێرزاد حەسەن (هەروەها دەگمەنە نوسەرێکی





دیکە) بەوەدا لە ترادیسیۆنی چیرۆکنووسانی "قۆناغی ئەیلوول" جیادەبێتەوە، کە دەنگ بە "من"ی مرۆڤدا، بە گشتی بە مرۆڤێتییەکەی کەسدا دەنێ و لێرەشەوە هەڵوێستی بەرانبەر شوێنەواری کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدات "تابووەکان بشکێنێ"، بۆ نموونە شکاندنی تابووی پیاوەتی ("گوڵی رەش") و سێکسوالێتی. نووسەر پیاو لەنێو داماوییەکانیدا نیشان دەدات نەك وەك مەزنێکی نەشیاوی هەڵە و لێپرسینەوە. ئەم جۆرە ئەدەبەی شێرزاد حەسەن وای کردووە کە مایەی ترس بێ، گەرچی بە ئاشکرا دەرنابردرێ یان بە دەگمەن دەردەبردرێ. کەچی نووسەر بۆ برێکی فرەی گەنجانی ئەدەبدۆست وەك زمانحاڵ دەردەکەوێ.

بەڵام چوونەدەرەوە بە شکاندنی تابووەکان هونەرێکی نوێ زەروور دەکات. ئەمە ئەو لایەنەیە کە ئێمە مەبەستمانە: ئەدەبەکەی شێرزاد حەسەن هەیە، بەڵام خاوەنەکەی هاوکات بە شێوازی دارشتنی سۆزدارەوە بەندە. چوونەدەرەوە لە ترادیسیۆنێکی ئەدەبی هاوکات پرسیاری گۆرینی شێوازی دارشتن لەتەك خۆیدا دەهێنێ. نووسەر ئەمەی کاتێك پێبەدیدەهێنرێ، گەر لە ئەدەبەکەیدا واز لە نووزە و کرووزانەوە خۆییەکانی بهێنێ، بەڵام کاتێك ئەمە ناکات، ئەوا سەرەنجامەکەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ دا: نووسەر خۆی بە تایبەتمەندییە نووزنەکەیەوە هەڵدەرێژێ و لە نێویدا سۆز سەروەریی بەسەر زانینی فۆرمی هونەریدا وەردەگرێ. لە لای شێرزاد حەسەن (لەم چیرۆکەدا) سەروەربوونی زەینی هەتا سەر نایەتە دی، کە بەرێیەوە سەرجەمی دیمەنە هۆشی و سۆزدارەکانی چارەسەر بکات. بێگومان نووسەر

بۆ نموونە لە چیرۆکەکانی "تەنیایی"دا ئارامترە و رستەکانی خاوێنترن، بەڵام، وەك ئاماژەمان بۆ دا، نووزنی و کرووزانەوە هەر وەك مۆرکی کرۆکیی شێرزاد حەسەن دەمێننەوە.

بەڵام شێرزاد حەسەن خۆی فێنۆمێنێکە و یەخەمان دەگرێ. بۆیە هێندە ئاسان لێی نابینەوە. بەڵام ئایا بۆچی لێی ببینەوە؟ هەڵوێستێکی ستەم دەبێ گەر مرۆڤ لێی بترسێ، چونکە ئەو زیان بە هیچ کەس ناگەیەنێ. پرسیارەکانی نێو ناخی هێندە تیژبوونەتەوە، کە گەر دەریان نەبڕێ، ئەوا رەنگە لەناوی بەرن. بەڵام ئێمە نامانەوێ لەناوبچێ. ئەوە شتێکی سەیر و سەمەرەیە یان بەرهەمی ترسنۆکی و قودسییەتخوازییە، کە نێوەندی ئەدەبی بەردەوام لە گلەیی نەبوونی رەخنەی ئەدەبیدایە و هاوکات نزیکەی هیچ کەس ناوێرێ لەتەك نووسەرێکی وەك ئەودا دیالۆگ چێبکات. هۆی ئەمە چییە؟ هۆیەکی گرنگی ئەمە لەوەدایە، کە ئێمە لەو پرسیارانە دەسڵمێینەوە، کە ئەو وەك نووسەر بە گرتنی خودی مرۆڤێتییەکەی کەس دەیانخاتە بەردەممان. بەڵام ئەدەب، سارتەر واتەنی، هیچی پێناکرێ و هاوکات کەسیش ئازاد ناکات. کولتوور ئاوێنەیەکی رەخنەییە و دەتوانین لە نێویدا خۆمان ببینین. بەڵام ئێمە ترسێکی ئارشاییمان (هەرە سەرەتاییمان) لە "ئاوێنە" هەیە، چونکە ئێمە لەنێویدا هەرگیز ئەوە نین کە ئێمە خۆمانی پێدەزانین. مرۆڤ هەمیشە برێك غوربەت ئاشکرا دەکات و ئەمەش زۆرە بۆ دیلەکان، بۆ ترسێنراوەکان، هەر ئەم ترسەشە لەخۆ کە سەرەتا دەبێ بە بەربەست لە بەردەم ئەوەدا، کە بە تاکی تەنیا، بۆ خۆمان لە لای خۆمان، لەتەك نووسەردا (هەر نووسەرێکدا) دابنیشین و هەوڵبدەین





پاشپاتکەرەوەی ئەو پرۆسەیەی بەدیهێنانی ئەدەبی بین، کە ئەو وەك هونەرمەند پێنەزانانە هێناوییەتە ئاراوە.

٣

چیرۆکی "حەسار"، لە رووی واتای هەنووکەییەوە، پرسیار و مەترسییەکانی ئازادی ئاوەڵا دەکات. گرنگترین کێشەی شیمانەکانی ئازادی بەندە بە کەسی نامۆکراو لە مرۆڤێتییەکەی خۆی. بەڵام ئازادیی تاك بەبێ ناسینی خۆ نایەتە ئاراوە، ئەمەش لە لای کۆیلەکان کارێکی هێندە ستەمە، کە بە ویستی خۆیان هەر جووڵەیەکی پسیکۆلۆژیانەیان، کە رووەو ئازادی ببێتەوە، دەچەپێننەوە. کەواتە ئێمە مەحاڵە بتوانین کرداری ئازادبوون لە دانیشتوانی حەسارێك چاوەڕوان بکەین، کە هەرگیز نایانەوێ (لە باشترین حاڵەتدا نازانن) کۆتەکانی کۆیلەتی فڕێبدەن، بەڵکو هەمیشە وەك وەچەخەرەوەی نوێ ئەو کۆتانە دەخەنەوە پێی منداڵەکانیان. هاوکات هەر هەوڵێك بۆ ئازادکردنیان بخرێتە گەڕ، هیچی دیکەی جگە لە فەوتاندنی وزەی خۆیی لێناکەوێتەوە، چونکە دانیشتوانی نێو حەسار، یان گەل، روسۆ واتەنی، بەرگەی ئەو ژانانە ناگرێ کە لە پرۆسەی ئازادکردندا لەسەر لەشی دەچووزێنرێنەوە. رێئەکسیۆنی گەل لە هینی نەخۆشە ئیدیۆتەکان دەچێ، کە لەکاتی روانیندا لە پزیشك لەرزیان لێدێ. مارکس بەچاکی بەم کێشەیەی زانیبوو. گرنگترین لێکۆڵینەوەی نێو "مانوسکریپتەکانی پاریس" خەریکبوونە لەتەك کێشەی خۆئازادکرنی پرۆلیتاریادا، بەڵام پرۆلیتاریایەك، کە لە روانگەی مارکس "تووشی نامۆبوونی تۆتاڵ" (کللی)

بووە. پرسیارەکە ئەوەیە، کە پرۆلیتاریایەکی تۆتال نامۆ بوو چۆن دەتوانێ، بێگومان بەهۆی خودی ئەم نامۆبوونە تۆتالەیەوە لە خۆی و مرۆڤ و جیهان، خۆی لە چەوساندنەوەی بۆرژوازی رزگار بکات؟ هەمان کێشە، بەڵام لە پراکسیسەوە، ئاراستەی لێنین دەبێتەوە. لێنین دەربارەی راپەڕینی ١٩٠٥ی سەربازەکانی روسیا دەنووسێ، کە سەربازەکان بەو راپەڕینەیان کۆتی چەوساندنەوەیان پچڕاند و ئەفسەرەکانی خۆیانیان بەدیل گرت، بەڵام دوای ئەوەی چەند ئەفسەرێکی بێرزاویان کوشتبوو، ئەوانی دیکەیان ئازاد کرد، چونکە لە کرداری جیدی بەرانبەریان دەترسان. سەربازەکان بەم هەڵوێستەیان خۆیان سەرلەنوێ خزاندەوە بۆ ژێر حەیزەرانی دەسەڵاتداران، چونکە ئەفسەرەکان بەو بەردانە بە دەسەڵات گەیشتنەوە. بۆیە یاخیبوونەکەیان لە کۆتاییدا سەرکەوتوو نەبوو. دەتوانین ئەم ساغکردنەوەیەی لێنین لەتەك ڤیلهێلم رایشدا وەك ترسی مرۆڤ لە شکاندنی دامەزراوە ئەزەلییەکان روونبکەینەوە، بەڵام هاوکات دەنگ بەو راستییەدا بنێین، کە رماندنی دامەزراوە ئەزەلییەکان کارێکی مەحاڵ نییە، ئەمەش تەنها لە شۆڕشدا، واتا رێڤۆلوسیۆندا، ئەنجام دەدرێ و لوتکەکەی ئەکتی باوککوژیە: هەردوو شۆڕشی فەرەنسی و رووسی بەبێ ئەکتی باوککوژی، کوشتنی پاشا و تسار، سەرنەدەکەوتن. بەڵام ئایا سەرکەوتن بە چ ئاکامێکەوە؟ شۆڕشەکان نەیان توانی ئازادیی تاکی (ئیندیڤێدوالێتی) لەتەك خۆیاندا بهێنن، واتا ئازادیی ئەو تاکەی کە لە دژی باوك کەوتە ناکۆکییەوە و دەیزانی کە تەنها بە کوشتنی ئەو شیمانەکانی هاتنی ئازادی ئاوەڵا دەبن. نەخێر! دوای کرداری کوشتن، دوای تێکشکاندنی جیهانەکەی بابە، هێشتا هەر ئازادی ناگەشێتەوە. بۆچی؟ لە روانگەی ئۆتۆ گرۆس بۆ هیچ کام لە





شۆڕشەکانی مێژوو نەلوا لەتەك خۆیاندا ئازادیی تاك بهێنن، شۆڕشەکان بەبێ کاریگەری کۆتاییان پێهات، چونکە ویستێکی یەکجار بەپەلەیان هەبوو بۆ ئەوەی خۆیان لەنێو ئەو جۆرە دۆخانەدا رێکبخەنەوە کە بە گشتی چوواندنیان هەیە. ئەوان وەك شۆڕش تێکشکان، چونکە شۆڕشگێڕەکەی دوێنێ لەنێو خۆیدا "ئۆتۆرێتی"ی هەڵگرتبوو. کەواتە نەك هەنگاوی پێشڤەرۆ رووەو ئازادی، بەڵکو "گەڕانەوەی ئۆتۆرێتی" لە ساتی بێداربوونەوەدا. بێگومان پێدەچێ کە باوکە یان باوکێك نەگەڕێتەوە، بەڵام ئێستا براکان دەکەونە ناکۆکیی دەسەڵات و هتد...

بەڵام ئایا چار چییە؟ ئایا گەرەکە مرۆڤ لەنێو حەسارەکەی باوکیدا بە ملکەچی رووەو مەرگی خۆی هەنگاو بنێ؟ ئایا گەرەکە هیچ دەربارەی ئازادی نەزانێ؟ ئایا پرسیاری ئازادی تەنها لە ئەندێشەوە بەبێ هیچ بنەمایەکی ریال سەرهەڵدەدات یان بریتییە لە لاسایی دزێوانەی گەلانی ئازادیخواز کە توانیویانە بە ئەکتی باوککوژی بۆ نێو پەیوەندیی نوێی کۆمەڵایەتی بپەڕێنەوە و سەرەتا ناچار بوون ئەو شێواوییانە نەهێڵن کە بەدووی نەمانی "سەر"ی هەمووواندا هاتوونەتە ئاراوە؟ پێدەچێ ئاوها بێ، بەڵام ئەمە هێشتا هەر ناشێ رێگر بێ لەوەی کە پرسیارەکانی ئازادی رووەو شکۆفەدان بە پێزانینی ئازادی ئاوەڵا بکەین، لەم پرۆسەیەشدا "رەنگە" هیچ ئامرازێکی دیکەمان جگە لە "رۆشنایی" بە دەستەوە نەبێ. بەڵام دەبێ سەرەتا جەختی لەوە بکەین، کە ئازادی واتای بەدرەفتاری ناگەیەنێ، ئەمسەر و ئەوسەری بەدناموسانە نییە، کرداری بۆنێوخۆتێکشکاوەکان نییە کە لەنێو جیهانی رواڵەتدا بزر دەبن، هەروەها رزگاربوون لە هێزێکی غەریبی دەرەکی واتای ئازادبوون ناگەیەنێ، گەر بنەمای ئازادی بە کرداری

رزگارییەوە نەلکێنرابێ. ئەوە هەمیشە کەسی تاکە کە ئازایانە روو لە کۆتەکانی نێو ناخی خۆی دەکات و بەدووی شیکاریی پچڕپێنەریاندا بە ئازادی دەگات، بەڵام ئەم خەریکبوونە خۆییە هەروا سووك و ئاسان نایەتە ئاراوە، بە پێچەوانەوە هەمیشە پاڵهێزێکی گەرەکە، جا ئەمە رووداوێکی تایبەتی بێ کە بەسەر کەسدا دێ و لەنێو هەبوونە خۆییە ترادیسیۆنییەکەیدا ئیستیفزازی دەکات یان ئەکتێکی رۆشنایی بێ لە دەرەوە، کە بێداری بکاتەوە و خۆی بە خۆی بناسێنێ. کەواتە مرۆڤ پێویستە تێگەیشتێکی سەبارەت بە ئازادی هەبێ، بزانێ ئازادی و بەرەڵایی هاوواتان و ئەوەش هەر کەسی تاکە کە دەزانێ پێزانانە جڵەوی بەرەڵاییەکەی بگرێ. کەواتە ئێمە مێتۆدێکمان گەرەکە تاکو بەرێیەوە بچینە نێو کرۆکی پرسیاری ئازادییەوە. بەبێ تێگەیشتێك سەبارەت بە جەوهەری مرۆڤ، کە ئازادییە، بەبێ ناسینی سەرجەم رێنوما بەربەستئاسا ئایینییەکان، کە بنەمای هزرینی باوکسالارین، هەروەها بەبێ مێتۆدێکی گونجاو، کە هەمیشە رێکخەری هزرین و هەڵوێستە، نەشیاوە پرسیاری ئازادی ئاوەڵا بکرێ. هەر ئەم رێگەیەی هزرینە کە دەمان بات رووەو کرۆکی "هەستی تاوانباری" و هیچاندنی (نێگاسیۆنی)، بەڵام ئەم رێگەیە سەرەتا بە هەڵوەشاندنەوەی بەربەستە ناخییەکان خۆش دەکرێ. بە پێچەوانەوە کرداری سۆزمەندانە ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە، وەك کردارەکەی کوڕەی باوککوژ لە لای شێرزاد حەسەن، کە بەو کردارەی تووشی هەستی تاوانباری دەبێ و وای لێدەکات بخزێتە نێو زیندانی ناخی خۆیەوە: ببێ بە دیلێکی رەهای کردارەکەی.





مرۆڤ لەو ساتەدا، کە "چاوی دەکاتەوە" و پێزانانە رووەو جیهان و شتەکانی دەرەوەی، هەروەها رووەو هاومرۆڤەکانی دەڕوانێ، نزیکەی لە سەرجەم کۆتەکانی نێو ناخی کراوەتەوە، نزیکەی سەرجەم کەسێتی پسیکۆفیزیکیی، کە رابووردوو و ئامادەی ئەو پێکدەهێنێ، هەڵوەشاوەتەوە، ئەمەش بەڕاستی ژانبەخشە و دەیترسێنێ. لەنێو ئەم رووداوەدا ترپەی دڵ خێراتر دەبێ، ئاوها دەنوێنێ کە مێشك کفی لێهەستێ، بیلبیلەکانی چاو بەرین دەبن و شتەکان وەك نەشتەر لە چاوانی دەچەقێن! ئای کە رووداوێکی سامناکە! کەس دەخوازێ خۆی لە ماڵەوە حەشار بدات، دەرگاکەی لەسەر خۆی دابخات و کەس نەبینێ، بەڵام ئەمەی پێبەدیناهێنرێ، رێگەکەی یان خۆکوشتنە یان هەنگاوی رووەو ئازادبوونە! بەڵام ئایا چی رووی داوە؟ ئەوەی لە "رەوتی کرانەوەی بەری چاودا" وەك کڵافەیەك شل دەبێتەوە، هیچی دیکە نییە جگە لەو کەسێتییە چڕچنراوەی بەرهەمی سۆسیالیزاسیۆن، کە باوانی لەنێو ئەودا وەك "فرمانی دڵسۆزی و خۆشەویستی" ئەنجامیان داوە و بەرێیەوە ئەویان بە کەسێکی ترسنۆك کردووە: بەرپرسان لە پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندا راستییە بەناو ئەزەلییەکان بە مرۆڤ دەگەیەنن و وەك هەقیقەتێنراوێك کەسێتییەکەی ئەوی پێ بوونیاد دەنین، ئەمە کەسێتییەش برێتییە لەو تۆڕەی هزرین و رەفتار و رێئەکسیۆن، کە تەنها بە شیتەڵکردنەوەی، بە هەڵوەشاندنەوەی دەرچۆیەك دەهێنرێتە ئاراوە، کە لێوەی کەس دەتوانێ رێگەی خۆئازادکردن و خۆگەشانەوە ئاوەڵا بکات. ئێستا بەدووی ئەمەدا کەس روو دەکاتەوە جیهان و خەڵکان، هەر وەك بییەوێ پێیان بڵێ: "بڕوانن، „من„ ئەمەم!

„من„ خۆمم! „من„ نە باشتر و نە خراپترم لە ئێوە، بەڵکو لە ئێوە جیاوازم! مەسەلەکە لەمە زیاتر نییە!".

*سەرچاوە:*

شێرزاد حەسەن، سەرجەمی بەرهەم، بەندی دووەم، هەولێر ٢٠٠٥



لەتەک فینۆمێنە ئەدەبیەکاندا

نوسەر مامۆستای بەشی فەلسەفەیە لە
کۆلێژی زانستەمۆرڤایەتیەکانی زانکۆی کۆیە

لەتەک فینۆمێنە ئەدەبییەکاندا